# ژنان

24



ئازادی بۆ ژن    بەختیاری بۆ کۆمەڵ

- لە پێناو فراوانکردنەوەی ئاسۆکانی خەباتی یەکسانیخوازانەماندا
- منداڵی ئەمڕۆ فێر دەبێ تا بناغەی جیهانی سبەی دانێ
- هێزی کاری ژنان و ئاستەنگەکانی
- توندو تیژی دژی منداڵان



## "دەست لەنێودەست بۆ یەک مەبەست"

ژنان گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە ٢٤ بەفرانباری ١٣٨٨
Democratic Women Union of Kurdistan



# پیرۆزبایی

دەستەی نووسەران و ئامادەکارانی گۆڤاری ژنان بە بۆنەی هاتنی سەری سالّی زایینی و جێژنی کریسمس، پیرۆزبایی لە هەموو مەسیحی یەکانی جیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دەکەین. هیواداریین سالّی تازە پڕ لە خێرو خۆشی بێ|. هیواداریین سالّی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی سەرکەوتنی هەولّی ئازادیخوازانی رێگەی ئازادی لەسەر تاسەری جیهان بێ.

دەستەی نووسەران و ئامادەکارانی
گۆڤاری ژنان

# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی
کۆمەلایەتی
فەرهەنگی و ئەدەبی





**سەرنووسەر:**
نەسرین حەسەنزادە
**دەستەی نووسەران:**
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی،
رەسووڵ سوڵتانی
حەلیمە رەسووڵی ، عەلی بداغی

١٠ی بەفرانباری ١٣٨٨، ٣١ی دێسامبری ٢٠٠٩
**ژمار ٢٤**

"ژنان" لەسەر ئینتێرنێت:
www.Kurdistanukurd.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
00964 - 7702103121

دیزاینی بەرگ: ئاگری باڵەکی
مونتاژ: مینا سوڵتانزادە
تایپ: نەشمیل عەباسی


# پێرست


دەست لەنێودەست بۆ یەک مەبەست........................................ ٢
منداڵی ئەمرۆ فێر دەبێ تا بناغەی جیهانی سبەی دانێ......................... ٣
لە پێناو بەرین کردنەوەی ئاسۆکانی خەباتی یەکسانیخوازانەماندا........... ٥
هێزی کاری ژنان و ئاستەنگەکانی ..................................... ٨
ئامانج لە دانانی یاسای تایبەت بە مێرمندالان.................................. ١٠
توندو تیژی دژی منداڵان و ٧ پرسیاری گرینگی کێ و چییەکان!.. ١٢
بە هاوسەرەکەت بڵێ "خۆشم دەوێی" هەوڵ مەدە بیکەیتە کۆپیی خۆت.......... ١٤
خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام و وەرچەرخانێکی نوێ بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلام........................................................ ١٦
ڕێکخراوەکانی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان لەبەردەم چەند ئەرکێکی کۆمەلایەتی ونەتەوایەتی و نیشتمانی......................................................... ١٧
وتووێژ لەگەڵ دڵنیا حەوێز، توێژەری کۆمەلایەتی وتووێژ لەگەڵ خاتوونی قەڵەمی.. ١٨
ئێران "شەهرنووش پارسی پوور"...................................... ٢١
ژن، لە دایک سالارییەوە تا فێمێنیزم .................................. ٢٤
ای دیسامبر رۆژی خەبات بە دژی ئێیدز ................................... ٢٦
خوێناوی بوونی میز............................................. ٢٧
ئێیدز نەخۆشی سەدەی بیستەم............................................ ٢٨
بە پێی ژیانی راستەقینەی نەرمین ناوێک ..................................... ٣٠
ژنان و دێموکراسی...................................................... ٣٢
نزا..................................................................... ٣٥
ژنانی نێو کۆڕی خەبات................................................... ٣٦
ژن ئەستێرە ............................................................ ٣٨
شێعرو پەخشان ........................................................ ٤٠
کالسیۆم.................................................................. ٤٥
وەرزش.................................................................. ٤٦
هەواڵی کارو چالاکییەکانی ژنان.......................................... ٤٨
هەڵدانەوەی لاپەڕێک لە ژیانی ژنێک...................................... ٥٤

# سەروتار:

# "دەست لەنێو دەست بۆ یەك مەبەست" *

✍ سەرنووسەر

لە دوای هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرۆك كۆماری كە لە ٢٢ی جۆزەردانی ئەمساڵ لە ئێران دا بەرێوە چوو، خەڵك بە هەموو چینو توێژەكان بە تایبەتی لاوانو خوێندكاران هاتنە سەر شەقامەكانو بە نارەزایەتی لە كودیتایەك كە لە دەنگەكانیان كرابوو، درووشمیان دا. لە نێو ئەو خۆپێشاندانە بەرینو بەربڵاوەدا ژنان رۆڵێكی بەرچاویان هەبوو كە جێگای سەرنجو ستایشە. ژنان شانبەشانی پیاوان بۆ دەنگە دزراوەكانو بۆ دیفاع لە مافە زەوتكراوەكانو بۆ هاودڵیو هاوخەباتی لەگەڵ پیاوان هاتنە مەیدان.

ژنان وەك پیاوان سەركوت كرانو خرانە زیندانولە سەر شەقامەكانولە نێو زیندانە تاریكەكان دا لێیان دراو بە خراپترین شێوە ئەشكەنجە دران و تەنانەت دەستدرێژیی سێكسیان كرایە سەر. لەم خۆپێشاندانانە بوو كە ژنان خوێنیان لە سەر شەقامەكان رژاو شەهیدیان دا كە نموونەی هەرە بەرچاوو ئاشكرا كوژرانی نەدا ئاقا سوڵتان بوو كە بڵاوبوونەوەی وێنەی كاتی شەهیدبوونی دنیای راچڵەكاند.

لە رێژیمی كۆنە پەرستی كۆماری ئیسلامی دا بە پێچەوانەی سوننەتو نەریتی كۆمەڵگە جۆراوجۆرەكان كە هێرشی فیزیكی ناكرێتە سەر ژنان، چونكە ژنان زیاتر لە چوارچێوەی بنەماڵە دا توندوتیژیی لە دژی دەكرێ، مەئموورە سەركوتكەرەكان هێرشی فیزیكییان كردە سەر ژنانو بە باتومو شەق بەربوونە گیانی ژنان. تەنانەت جاری وایە حوزووری ژن دەبێتە هۆی پێشگیریی شەڕ لە نێوان پیاواندا، بۆ نموونە لە كۆمەڵگەی كوردەواری هەر لە كۆنەوە وا باو بووە كە ئەگەر شەڕ لە نێوان دوو پیاو یان دوو تایفەوعەشیرەت رووی دابا هەر بە نێوبژیوانی ژنەكەو فرێدانی لێچكەی سەر، پیاوان بە حورمەتی ژن دەستیان لە شەڕ هەڵ دەگرت، بەڵام دەبینین لەو رێژیمەو ئەویش لە سەدەی بیستویەكەم دا لە جیاتی هەمووی ئەمانە ژنانیش وەك پیاوان تەنیا لە لێدان دا بەشیان دەدرێ كە ئەم دیمەنانە زیاتر لە هەموو كاتێك لە میدیاكانو تەلەفزیۆنەكان دا سەرنجی بینەریان بۆ لای خۆیان راكێشاوە.

لەو خۆپێشاندانانە دا دیتمان كە چۆن ژنانو كچان بە قامچیی بە كرێگیراوانی رێژیم وەك پیاوانو كوڕان لێیان دەدراو دەكەوتنە سەر زەویو چۆن شانبەشانی پیاوان بەرەنگاری هێزە سەركوتكەرەكان دەبوونەوە. تەنانەت جاری وابوو دەدیترا كە ژنانو كچان كوڕانیان لە گەمارۆی ئەوان دەرباز دەكرد. ئەمە نیشانەی گەشەكردنو پێگەیشتنی بزووتنەی ئازادیخوازانەی ژنانە.

ئاكامی ئەو هەموو لێدانو ئازاردانە شتێك نیە جگە لەوەی كە وا لە ژنان دەكا كە چالاكتروسوورتر لە پێشووو بە رقێكی شۆڕشگێڕانەوە لە سەر داواكانی خۆیان شێلگیرتر بنو تا وەدیهێنانی ئامانجە رەواكیانیان نەسرەوێن.

*ئەم عینوانە لە وتارێكی بەڕێز قادر وریا وەرگیراوە

# منداڵی ئەمڕۆ فێر دەبێ تا بناغەی جیهانی سبەی دانێ

✍ کوێستان فتووحی

ماوەیەک لەمەوبەر وەزیری پەروەردە و فێرکردنی ئێران رای گەیاند لە سیستمی تازەی پەروەردەدا پەروەردەو راهێنانی منداڵ تا تەمەنی ٧ ساڵی لە سەر بناخەی یاریی منداڵانەیە و گوتی: بەڵام لەمەودوا کتێبە دەرسییەکان لە تەمەنی ٩ ساڵییەوە بۆ کچان و کوڕان جیاواز دەبێ. حەمید رەزا حاجی بابایی لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەرانی پەروەردەدا، وتی: دوای کۆتایی هاتنی دەورانی سەرەتایی کتێبەکان بەرەو پسپۆری بوون دەچن و مەقامی بەرزی رێبەریش پێیان لەسەر گۆڕانێکی بنەڕەتی لە پەروەردەو فێرکردندا داگرتۆتەوە و ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێمە دەبێ ساختاری پەروەردە و فێرکردنمان نوێ بکەینەوە و لە مادده دەرسییەکاندا لە شێوەی بارهێنانی قوتابیاندا ئاڵوگۆڕ پێک بێنین. واتە بە وتەی بەرپرسانی پەروەردەی رێژیم نیاز و توانایی کچان و کوڕان جیاوازە. بۆیە دەبێ مادده دەرسییەکانیان جیاواز بن.

جیاکردنەوەی جینسییەتی کتێبە دەرسییەکان جارێکی دیکە ئەو نیگەرانییە لە نێو لایەنگرانی یەکسانیخوازی دا بەهێز دەکا، کە ئامانج لەو تەرحە چارەسەری گیروگرفتەکانی کۆمەڵگە نیە، بەڵکوو بەرتەسک کردنەوەی کچانە و پەروەردە و فێر کردنیان تەنیا بۆ بوارەکانی ماڵداری، ئاشپەزی، خەیاتی و هێندێک شوغڵی کلێشەیی دیکەیە و رێگە گرتنیانە لە چالاکییە کۆمەڵایەتی، زانستی، سیاسی، ئابووری و... . گەڵاڵەی جیاکردنەوەی کتێبە دەرسییەکان بۆ کچان و کوڕان لە روانگەیەکی تەواو کۆنەپەرستانە و پیاوسالارییەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران، نیاز و پێویستییەکانی ئەم دەورانە و بەرابەریی ئینسانەکان بە تەواوی ناتەبایی هەیە.

کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە ئەم سیاسەتەی بە ئاشکرا پەیڕەو کردوە و ویستوویەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی ئێراندا رەنگ بداتەوە . بۆیە ئەم هەواڵە نابێ زۆر جێگەی سەرسووڕمان بێ.

کە چاو لە کتێبی دەرسی هەر وڵاتێک دەکەی، ئیدئۆلۆژی حاکم بەسەر ئەو وڵاتەدا بە روون و ئاشکرایی دەبینرێ. لەم بارەیەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرچاوەی زوڵم و نابەرابەری جنسییە. سیاسەتی جیاکاری لە نێوان ژن و پیاو دا تازە نیەو پێشتریش لە کتێبە دەرسییەکانی ئێراندا ئەم فەرق وجیاوازییانە بە ئاشکرا بینراون و هەست پێ کراون. هەر لەوێدایە کچ فێر دەکرێ خزمەتکارێکی بێ دەنگ و لەخۆبردوو بێ بۆ بنەماڵەکەی، لەبەرابەریش دا کوڕ فێر دەبێ سەربەخۆ بێ و رۆڵی هەبێ لە کۆمەڵدا، کچ ئیبتکاری ماڵداری فێر دەبێ و کوڕیش زانست و فەننی کار و شوغڵی داهاتوو. کچ دایکایەتی و هونەری ژنانە، کوڕیش رێکخستن و بەرپرسایەتی وڵات. کتێبە دەرسییەکان جیهانێکی پیاوانەمان پێ نیشان دەدەن کە ژن لەوێدا تەنیا وەک دایک و هاوسەرێکی مێهرەبان نرخی هەیە نەک وەک ئینسانێکی کاریگەر لە کۆمەڵدا. ژنی رووناکبیر، وەرزشکار، پرۆفیسۆر، هونەرمەند، نووسەر و نیگارکێش لەوێدا نابینرێ یان زۆر بە کەمی دەبینرێن . یان بەتەنیا هیچ وەخت ناتوانێ شوێندانەر بێ، بەڵکوو هەمیشە دەبێ پیاوێک لە پەنای دا ببێ. یان ئەگەر زۆریش ئازا و بەتوانا بێ لە مێژووی جبهە و شەڕدا و ئەویش لە پشتی جبهەی شەڕ



(FARS)

خەریکی دەرمان کردنی پیاوانی شەڕکەرە یان خەریکی کۆکردنەوەی خواردەمەنی و جلوبەرگە بۆ "سەربازانی ئیسلام" . ئەمەیە نەخشی ژنان لە کتێبە دەرسییەکانی ئێرانی کۆماری ئیسلامی دا.



**تەرحی جیاکردنەوەی کتێبە دەرسییەکان بۆ کچان و کوڕان لە روانگەیەکی تەواو کۆنە پەرستانە و پیاوسالارییەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەگەڵ ژیانی ئەمرۆی کۆمەڵگەی ئێران، نیاز و پێویستییەکانی ئەم دەورانە و بەرابەریی ئینسانەکان بە تەواوی ناتەبایی هەیە**

لەم سیستەمەدا ژنان وا نیشان دراون کە بێعەلاقەن بە سیاسەت، بۆیە لە بواری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدارییان نیە. لە هیچ دەرسێك دا باوك نابینرێ خەریکی کاروباری نێوماڵ و راگەیشتن بە منداڵەکانی بێ، هەروەك چۆن لە هیچ دەرسێکدا دایك نانهێنەری بنەماڵە واتە دابینکەری بژێوی ژیان نیە. لەوێدا تەنیا شێوەیەکی تایبەت لە بنەماڵەی سوننەتی نیشان دراوە. بە پێی ئەو ئۆلگوویە، ژن وەك هەمیشە رۆڵێکی کلیشەیی و ئیحساسی و زۆرتر ئەرکەکانی لە چوارچێوەی ماڵ دا و زۆرتری کاتی بە ئاشپەزی و خەیاتییەوە خەریکە. وەك کابانێکی باش ئامادەیە بۆ ئاسوودەیی بنەماڵە خۆی فیدا بکا پیاویش بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە لە دەرەوەی ماڵ رۆڵ دەگێڕێ و سەربەرزە بەهۆی بوونی هاوسەرێکی لەم شێوەیە.

یەکێك لە شێوەکانی هێشتنەوە و پتەوبوونی فەرهەنگی پیاومەزنی، سیستمی پەروەردەیە. قوتابخانە یەکێکە لە بنیاتە گرنگەکانی کۆمەڵگا، دەتوانێ رۆڵێکی کاریگەری لە دیاری کردنی بەهاکانی ژیانی تاکەکەسیی و بە کۆمەڵ دا هەبێ. ماددە دەرسییەکان دەتوانن بە هۆی قوتابییانەوە جگەلە زانست و سەنعەت، کولتووری یەکسانیخواوی لە کۆمەڵگادا جێ پێبگرن و بچەسپێنن، یان دیواری سوننەت و تابۆکان بشکێنن، کولتووری پیاوسالاری و خۆڕافات و دیاردە دزێوەکان لە کۆمەڵگەدا بسڕنەوە. رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە دوور کردنەوە و جیاوازی نێوان ئەم دوو رەگەزە لەیەکتر زیاتر کۆمەڵگای ئێران بەرەو سوننەتی بوون و دواکەوتوویی بەرێ. جیاکردنەوەی ژن و پیاو و مانەوەی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا و بەرتەسك کردنەوەیان لە چالاکی و حوزووریان لە نێو کۆمەڵگەدا یەکێك بووە لە سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی ئەو رێژیمە. هەموو شتێك بە ژنانە و پیاوانە دابەش دەکرێ. لە فەرهەنگی ئەودا ژن هەمیشە مرۆڤێکی بێهێز و بێدەسەڵات بووە و ئەمەشیان بە ئەمرێکی سروشتی زانیوە. بەم جۆرە دەیانەوێ لەمەو بەدواش ژێردەستەیی ژن لە کۆمەڵگەدا زیاتر بچەسپێنن. بناغەیەکی قایم بۆ ئەو دیوارە ئەستوورەی لە نێوان ئەم دوو رەگەزەدا کێشاویەتی دابنێ.

بەڵام لە کردەوەدا ژنانی ئێران ئەمەیان لە دەسەڵاتداران قبووڵ نەکردوە و رێگەیەکی جیا لەو رێگایە رۆیشتوون کە بۆیان دیاری کراوە. ٣٠ ساڵە رێژم بە هەموو شێوەیەکی کە بۆی کرابێ ویستوویەتی سیاسەتی جیاییخوازی پەرە پێ بدا و دەتوانین بڵێین ژنان لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران زیاتر زیانیان لەم سیاسەتانە پێ گەیشتوە. بەڵام رێژیم بە تەواوی نەی توانیوە بە مەبەستەکانی خۆی بگا. بەشداری بەرچاو و زیندووی ژنان لە ریزەکانی پێشەوەی خەباتی ئازادیخوازی ئەمڕۆی ئێراندا مزگێنی ئەوەمان پێدەدا کە رێژیم لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا نەیتوانی بیری یەکسانیخوازی لە بیر و زەینی ژنانی ئێراندا بسڕێتەوە. ژنان دەزانن چ دەکەن و چیان دەوێ و داهاتووش گەش دەبینن.

# لە پێناو بەرین کردنەوەی ئاسۆکانی خەباتی یەکسانیخوازانەماندا

ڕێبوار کەریمی

پرسی یەکسانیخوازی لە گوتاری سیاسیی ئێمەدا ئەوەندەی کە بە واتای جاڕدان بۆ باشترکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی ژن بووە، بایی ئەوەندە لە هەوڵی تیشکاوێژی بۆ سەر پێگەی پیاودا نەبووە. هەر ئەمەش وای کردووە کە پرۆژەی یەکسانیخوازی ئێمە دواجار وەک "پرۆژەیەکی ژنانە" بناسێندرێت کە دەبێ هەم خێرەکەی بۆ ژنان بێ و هەم شەڕەکەی! واتە ئەوە ژنانن کە دەبێ "بۆ خۆیان مشوور لە کێشەی خۆیان بخۆن" و بەشی پیاوانی ئێمە ئەوە دەبێ کە جوامێری بکەن و لە ڕێگای چالاکی ژناندا نەبن بە کۆسپ یان ئەگەر ژنان داوای هاوکارییان کرد بە هانایانەوە بچن.

سیاسەتی یەکسانیخوازیی ئێمە (بەفەرزی بوونی سیاسەتێکی ئەوتۆ)، خۆی لە خاڵێکی جەوهەری نەبان دەکا کە ئەویش ڕۆڵی ناوندیی پیاوە لە پێوەندی لە گەڵ خەبات بۆ پارێزگاری یان لە ناوبردنی پێکهاتەی کولتووری باوکسالاری. بە کەم گرتنی ڕۆڵی پیاو بە دوو باردا گرفتسازە: لە لایەکەوە قورسایی ئەرکی خەباتی یەکسانیخوازی دەخاتە سەر شانی "ڕەگەزی ستەملێکراو" و، لە لایەکی تریشەوە کێشەی یەکسانی دەخاتە سەر مەداری هاوکێشەی "ئێمە" و "ئەوان"، سیاسەتێک کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بە بەرزی هێشتنەوەی دیواری "هاوپشتیی کۆمەڵایەتیی نێرانە"، شتێک کە زۆر جاران مانای بەستێن سازی کردن بۆ خۆبەرهەمهێنانەوەی باوکسالاری دەگەیەنێت.

هەر ئەو ڕاستییەی سەرەوەش خاڵی سەرەکی بەڵام لەبیرکراو و (ناشیانە یان بە ئەنقەست) پشت گوێ خراو لە پێوەندی لە گەڵ باسی ئاستەنگی یەکسانیخوازییە. بەدڵنیاییەوە ئێستا کە ئیتر کەسمان گومانمان لە کەم و کوڕییەکانی خەبات لە بواری یەکسانیدا نیە، لە جێی خۆیدا دەبێ کە باسەکانی پێوەندیدار بە چاکسازی لەم بوارەدا بە جیددی بوروژێندرێن. خاڵی دەسپێکی چاکسازی لە هەر سیستمێکدا هەڵسەنگاندنی هەوڵێکی دوو فاقەیە: لە لایەکەوە تیشک خستنەسەر ئەو هۆکارانەی بوونە مایەی گرفت لە ماهیەت و کارکردی سیستم دا و لەلایەکی تریشەوە، "زەرفیەتسازی" بۆ پێشخستنی سیستم لە ڕێی گەشەدان بە هۆکارەکانی دەربازبوونی سیستم لە دۆخی قەیراناوی. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر پرسی یەکسانیخوازی لە نێو ئێمەدا و ڕۆڵی ئەکتەرەکانی نێو گۆڕەپانەکە لە ڕوانگەی چاکسازی ناو ئەو بزووتنەوەیە، دەبێ ئەو ڕاستییە لە بەر چاوبگرین کە ئەگەرچی ڕۆڵی ژن –وەک بکەری سەرەکی لە پرسی زەرفیەتسازی‌دا- بگرە بە زیادیشەوە باسی لێوەکراوە، بەڵام نەخشی دووفاقەی پیاو – جا چ وەک هۆکارێکی گرفتساز و چ وەک دەرفەتێک لە بەردەم زەرفیەتسازی‌دا- زۆر بەکەم وەرگیردراوە.

وەک ئاکامی خەباتی یەکسانیخوازانەی زۆر لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی گەلان و وڵاتانی دنیا دەری خستووە، بزووتنەوەی فێمێنیسمی کلاسیک بە هۆی پاشەکشەکردن بە نەخشی نەریتی پیاو ئەگەر زۆر لە مافەکانی بۆ ژنانی هێندێک لە کۆمەڵگاکان گێڕاوەتەوە، بەڵام بەکردەوە نەیتوانیوە هەموو بەربەستەکانی ڕێی یەکسانییەکی ڕاستەقیە هەڵگرێت. ڕاشکاوانەتر بڵێین؛ ئەزموون دەری خستووە کە خەباتی نەریتی لە پێناوی مافەکانی ژناندا بەتەنیا دەستەبەری یەکسانی ناکا. ئەزموونی خەباتی یەکسانیخوازانەی ڕەگەزی لە نێو گەلان و کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی‌دا بە جاران دوو ڕاستی سەلماندوون کە دەبێ سەرنجی تایبەتیان بدەینێ: یەکەم ئەوەی کە دەسکەوتەکانی خەباتی یەکسانیخوازانەی ڕەگەز-سەنتەر، شانسی پایەدارمانەوەیان زۆر نیە. واتە لە کاتێکدا کە خەباتی یەکسانیخوازی نەتوانێ نوێنەرانی زۆربەی چین و توێژەکانی سەر بە هەموو ڕەگەزە کۆمەڵایەتی و جنسییەکان لە دەوری ئامانجەکانی خۆی کۆبکاتەوە، بە زەحمەت دەتوانێ ڕیشە داکوتێ و خۆی لە بەرامبەر هەڕەشە و دژکردەوەکاندا بیمە بکاو، دووهەمیش ئەوەی کە "خەباتی ڕەگەز-سەنتەر" هەمیشە "یەکسانیخوازێکی بێلایەن" نیە و نامێنێ، واتە لە خەباتی ڕەگەز-سەنتەردا ئەسڵی یەکسانیخوازیەکی دادپەروەرانە بە شێویەکی "بان-ڕەگەزی" لە بەرچاوناگیردرێت.

بۆیە و بەلەبەر چاوگرتنی ئەو دوو تێبینیە گرینگەی سەرەوە دەگەین بەو ئامانجەی کە:

یەکەم: جەوهەری یەکسانیخوازییەکی ڕاستەقینە دەبێ ڕیشەی لە هەستی دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی‌دا



هەبێ کە ناهێڵێ ماف و ئەرکەکانی هیچ تاکێک لە بەردەم تایبەتمەندییە رەگەزییەکانی‌دا بکرێ بە قوربانی. لەم روانگەیەوە ئیتر تایبەتمەندییە رەگەزییەکان نە ئیمتیاز دەهێنن، نە دەبێ ببنە هۆی مەحرووم بوون لە ئیمتیازێکی دیاریکراو (لانیکەم تا ئەو جێیەی کە پێوەندیی بە بەشداری کردن لە بوارەکانی ژیانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە).

دووهەم: پرسی یەکسانیخوازیی ئێمە لە سەر عەرزی واقع دەبێ لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژییەکی یەکسانیخوازانەی بەشداریدەر بنیات بنرێت. بەو شێوەیەی کە مەیدانەکانی کاریگەری دانان و کاریگەری وەرگرتن لە پێوەندی لە گەڵ بزووتنەوەیەکی ئەوتۆدا، لە سەربنەمای جنسی بەرتەسک نەکرێتەوە. ئامانج ئەوەیە کە ئەندامانی هەر دوو رەگەز بە یەک رادە لە پرۆسەی پێداچوونەوە بە رۆڵ و نەخشە نەریتییە جنسیەتییەکانیاندا بچنەوە.

لێرەوە، زۆربەی ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە خوێندنەوەیەکی رزگاریدەر بۆ پرسی یەکسانی تەنیا کاتێک مەیسەر دەبێ کە رەفتارێکی پێکهاتەشکێنانە لە ئاست بزووتنەوەی نەریتیی یەکسانیخوازی بگرینە بەر. رەفتاری پێکهاتەشکێنانە بەمانای پێداچوونەوەیەکی بنچینەیی بە رۆڵی تاکانەی هەر ئەندامێکی کۆمەڵ لە ئاست پرسی یەکسانیخوازییە. نە ژن تەنیا لەبەر ژنیەکەی دەبێتە بەشێک لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و نە پیاو لە بەر پیاویەکەی دەکەوێتە دەرەوەی ئەو بزووتنەوەیە. نە لە جێشدا بزووتنەوەی یەکسانیخوازی بزووتنەوەی تاکەرەگەزێکی تایبەتە. نە ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیەش تەنیا لە خزمەتی چاک ژینیی یەک رەگەز دایە. بەرهەمەکانی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازی بە جەوهەر رزگاریدەر، خێروبێری بە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵ دەبڕێت.

گرفتی روانگەی فێمێنیستیی کلاسیک ئەوەیە کە خاڵی جووڵەی بەرەو خەبات بۆ رزگاری ژن ئەو فەرزیەیە کە پیاو – لە روانگەی رەگەزییەوە – رزگارە. ئەم روانگەیە پشت بە دەرکێکی نابابەتیانە و بگرە کاردانەوەیی بۆ چەمکی رزگاریی رەگەزی دەبەستێت. رزگاربوونی رواڵەتی/بابەتیی پیاو لە چاو ژندا، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێ کە "پیاوی نەوعی" دیلێکی راستەقینەی ناو دنیای پیاوانەی خۆیەتی.

بۆیە رێبازی رزگاریدەرانە لە پێوەندی لە گەڵ پرسی یەکسانی دەبێ تەبا لە گەڵ ئێشکردن بۆ هێزتێژیانەوە یان هێزتێژیاندنەوەی empowerment ژن، دەورێکی هاوسا بۆ "پیاوی یەکسانیخواز"یش قایل بێت. دەوری پیاو لە بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازانەی راستەقینەدا نابێ تەنیا "یارمەتیدان" بە ژنان بێت. چەمکی یارمەتیدان کە هەڵگری پەیامی "شیاوی یارمەتیدان" و "جێگای بەزەیی پێداهاتنەوە" و بەکورتییەکەی "لاوازبوون"ی ژن لە ئاست پیاوە، ئەوەندەی وێنای نەریتیی پیاو وەک لایەنی "کارلێهاتوو"، "جوامێر" و "بەغیرەت" تۆختر دەکاتەوە، ئەوەندە کەسایەتی یەکسانیخوازی بان-رەگەز بەرهەم ناهێنێت. هاوکێشەی "یارمەتیدەر" و "یارمەتیخواز" ئەوەندەی کار لە سەر مۆراڵیزەکردنی ناوشیارانە و نابەجێی خەبات بۆ یەکسانی دەکا، ئەوەندە کێشەکە لە سیاقێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی رزگاریدەردا پێناسە ناکا.

گوتاری یەکسانیخوازی ئێمە دەبێ بە یەک رادە پیاو و ژن لە ناو پرۆژەیەکی دادخوازانەدا کۆبکاتەوە کە گێڕانەوەی سەربەخۆیی ئیرادە و مافی بڕیاردان و بەهرەمەندیی کۆمەڵایەتیی هاوسان لە گەڵ توانایی، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە هەر تاکێک و بە هەموو تاکێک بکاتە بنەمای ستراتیژی خۆی. لێرەوە، بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ لە جەوهەری خۆیدا ناتەبایە لە گەڵ هەر هەڵاواردنێکی مەیدانی لە ژێر ناوی گرێدراویی رەگەزیدا. بەواتایەکی دیکە،



ئەوە ئیتر هاودژی و ناکۆکییەکی فەلسەفیی قووڵە کە: خەبات لە پێناوی یەکسانیدا بێت، بەڵام خەباتکارانی گۆڕەپانەکە تەنیا لایەنێکی کێشەکە بن. وەک ئاماژەشی پێدرا؛ بەشداریدانی پیاو لەو خەباتەدا بەر لەوەی لە پێناوی پارمەتیدان بە ژنان یان تەواوکردنی نەخشی ئەوان بێت، لە پێناوی پێداچوونەوەیەکی زاتیانەی پیاو بە نەخش و رۆڵی خۆی لە چوارچێوەی سیستمێک دایە کە پێناسەی قەیرانی خۆی لە نەخشی دێرینی پیاوانە وەردەگرێت.

پراکتیزەکردنی پرسی یەکسانیخوازی لە سەر عەرزی واقعی ئێمە، دەبێ بە مانای بەستەرسازییەکی مەیدانی بۆ لێک گرێدانی "سیاسەتی یەکسانیخوازی" و "یەکسانیخوازیی سیاسی" بێت: ئەگەر یەکسانیخوازیی سیاسی لە کردەوەدا بە واتای مەیداندان بۆ بەشداری و هاوبەشییەکی بان- رەگەزی لە ژیانی سیاسی دایە، سیاسەتی یەکسانیخوازی دەبێ لە پێناوی فراوان کردنەوەی گەمەی یەکسانیخوازی بۆ ناو هەموو پانتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تێ بکۆشێ. هەر باسکردنێک لە پرسی یەکسانیخوازی بە بێ رەچاوکردنی ئەو دوو رووکارەی پراکتیزەکردنی مەیدانیی مەسەلەکە، ئێمە تووشی رەفتارێکی دووفاقە و جووت ستانداردیانە دەکا، کە سەرەڕای هێندێک دەسکەوتی رواڵەتی و کاتی، لەوانەیە شانسی پایەداریی پێشڤەچوونە سنووردارەکانیشمان لێبخاتە مەترسییەوە.

کەواتە دەبێ بۆ پەرەدان بە بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی رەگەزی، دڕ بە تێگەیشتنی باو بدەین، پێناسەی نوێ بۆ ئەرک و ئامانجەکان بکەین و، رۆڵ و بەرپرسیاریەتیی ئەکتەرەکان لە بەر رۆشنایی ستراتیژێکی بەشداریدەردا داڕێژینەوە. داڕشتنەوەی هەیکەلی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانە لەم روانگەیەوە، بە مانای ژێر پرسیارخستنی رۆڵ و نەخشی بزووتنەوەی ژنان یان رێکخراوەکانی ژنان نیە. ستراتیژێکی بەشداری دەرانەی لەم چەشنە، لە جەوهەری ئامانجی رزگاری دەری بزووتنەوەی ژنان دانابڕێ بەڵام رێگای بەرینکردنەوەی ئاسۆکانی بەشداری کردن لە بزووتنەوەی رزگاری دەری یەکسانیخوازیدا، شانسی گەشەسەندن و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ژنانیش دەباتە سەر. لە بنەڕەت را بزووتنەوەی کلاسیکی ژنان بە دوو ئاقاردا کاری بۆ ئەو شتە کردووە کە وەک "کێشەی ژن" لە دنیای باوکسالاریی دا پێناسە کراوە: یەکەم لە نێوبردنی ئەو بەربەستانەی رێ لە رزگاریی ژنان دەگرن و دووهەم پرسی هێزتێژیاندنەوەی ژنان. ستراتیژی بەشداری دەرانەی بزووتنەوەی یەکسانیخواز نابێ و ناتوانێ لە هیچ حاڵەتێکدا هیچ یەک لەو دوو پرێنسیپانەی سەرەوە لە بیر بکات؛ هەڵبەت دووهەمیان واتە پرسی هێزتێژیاندنەوە وەک خۆی رەچاو دەکا، بەڵام لە یەکەمینیان تێ دەپەڕێنێت. بەو واتایەی کە لە رێی تەعدیلی جنسیی مێکانیزمەکانی بەشداری کردن، خەسڵەتی رزگاریدەر یان ئیمانسیپاتۆری بزووتنەوەی یەکسانیخوازی رەگەزی هەرچی بەرجەستەتر دەکاتەوە.

لەوەدا کە ئێمە و دنیای یەکسانیخواز، ورووژاندنی باس و وشیارکردنەوە سەبارەت بە نایەکسانی رەگەزی و هەگبەیەکی لێوانلێو لە چەمک و تیۆر و تێڕوانین بۆ دنیا و بۆ خۆمان بە بزووتنەوە فێمینیستییە کۆن و نوێیەکان قەرزارین، گومانێک نیە. زۆربەی پێشکەوتنە یەکسانی- سەنەتەرەکانی دنیاش هەر بەرهەمی ئەو خەباتەیە کە پێشەنگانی بزووتنەوە فێمینیستییەکان رچەشکێنی بوون. بەوەشەوە ئیتر لە نێو دەورووبەری فێمێنیستە هاوچەرخەکانیشدا ئەوە شتێکی تازە نیە، کە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی فێمێنیستی، نەی توانیوە وزەی پیاوان بەو شێوەیەی پێویستە بخاتە خزمەت بەرەوپێشبردنی ئامانجە یەکسانیخوازەکان. لەو شوێنەوە کە پارێزگاری لە کەرامەتی ئادەمیزاد ئامانجی بزووتنەوەی یەکسانیخوازە، دەبێ بوێرانە کار بۆ تێپەڕین لە هاوکێشەی "ئێمە و ئەوان" بکەین و – وێڕای لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناسکی ژن وەک رەگەزی قوربانی! – بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە توخمە دەرهاوێژەرە رەگەزییەکان داماڵین.

# هێزی کاری ژنان و ئاستەنگەکانی

ئارام ئیبراهیم خاس

لە دوای شۆڕشی پیشەسازی لە وڵاتی بریتانیا، نۆرمەکانی کۆمەڵگای باوک سالاری کە بۆ ماوەی چەندین سەدە بوو لە لایەن "کلسیا"وە بە سەر کۆمەڵگای ئورووپادا سەپابوو ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات و ژنان توانیان لە ئاستی کۆمەڵگای بریتانیای ئەو سەردەم دا بێنە نێو بازاڕی کارەوە.

هەر چەند بەشێکی ئەو مەسەلەیە واتە کەڵك وەرگرتن لە هێزی کاری ژنان لەو سەردەمەدا، بۆ ئەرزان بوونی نرخی کاری ژنان دەگەڕایەوە، بەڵام لە راستی دا ئەوە یەکەم هەنگاو و بەردی بناغەی حەرەکەتێك بوو کە وای کرد چەند سەدە دواترو دوای ڕووداوە مێژووییەکانی وەك شۆڕشی گەورەی فەڕانسە (١٧٨٩.ز) و دوو شەڕی گەورەی جیهانی، ژنان بە شێوەیەکی بەربڵاو بێنە نێو بازاڕی کارەوەو ئێستا کە بەشێکی زۆری ئیشەکانی خەدەماتی، هزری و ئابووری لە کۆمەڵگای ئورووپای ئێستادا لە لایەن ژنانەوە ڕادەپەڕێ و ڕۆڵی ژنان وەك هێزی سەرەکیی کار لەو وڵاتەدا لە کەس شاراوە نیە.

هەر چەند ئەو پرۆسەیە ماوەیەکی زەمەنی زۆری خایاند، بەڵام هەوڵی بێ وچانی چالاکانی مافەکانی بواری ژنان و بەستێنی لەباری کۆمەڵگای ئورووپا بەتایبەت لە سەدەی دوایی دا، یارمەتییەکی زۆری بە ژنان دا کە بتوانن وەك بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی کۆمەڵگا بەو مافە ڕەوایەی خۆیان بگەن.

ئەگەر بمانهەوێ باس لە مژاری وتارەکەمان واتە هێزی کاری ژنان لە کۆمەڵگای جیهانی سێهەم و وڵاتێکی وەك ئێران دا بکەین، رەنگە ئەو پرسیارە لای خوێنەر بێتە ئاراوە کە گەلۆ لەم چەشنە وڵاتانەدا کە هێشتا ژنان لەگەڵ سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێگانەن و ئەو بەشەی کۆمەڵگا واتە ژنان و حاشاکردن و نکۆڵی لە تواناکانیان، بە شێوەیەکی کردەیی هەموو کات نیوەی کۆمەڵگای خستۆتە پەراوێزەوەو بە سووکی سەیری کردوون و ئەو پەڕەکەی ژنیان وەك بوونەوەرێکی دابەستە لە چوارچێوەی ماڵ و مەتبەخدا سەیر کردوەو بە چەمکگەلی (موهوم) و ناڕوونی وەك:



دەسەڵاتە سیاسییەکان و کلتووری دواکەوتووی ئەو کۆمەڵگایانەش، ژنانی لە کەمترین ماف بێبەری کردوە ئیتر گرنگی باس کردن لەو مەسەلەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

لە ڕاستی دا کلتووری دواکەوتووی ئەم چەشنە کۆمەڵگایانە بە لەبەرچاوگرتنی ناموس پەرەستی هەموو کات توانا کارییەکانی ئەو بەشەی کۆمەڵگایان لە بیر بردۆتەوەو ئیزنی کارکردنیان پێ نەداوە، هەر چەند پەرەسەندنی پێوەندییەکان و دەست پێڕاگەیشتنی ئاسان بە میدیاو ئامرازەکانی پێوەندی جەماوەری و چوونە سەری ئاستی خوێندەواری کۆمەڵگاو هاوکات دامەزرانی ڕێکخراوگەلی جۆراوجۆری داکۆکیکار لە مافی ژنان هێور هێور بەستێنی بۆ هاتنی ژنان بۆ نێو ئەو گۆڕەپانە خۆش کردوە، بەڵام لەو نێوەدا ژنان لەگەڵ هێندێك کێشەو گرفت بەرەوڕوون کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.

ژنان بۆ شکاندنی تابۆکان

**ژنان بۆ شکاندنی تابۆکان دەبێ بەرەوڕووی کلتووری نەریتی بنەماڵە ببنەوە، بنەماڵەیەك کە پشت بە پشت لە رابردووە تا ئێستا کلتوورێکی باوك سالار بە سەری زاڵ بووەو لە ژێر کاریگەری ( عورف ) و ( سونەتی ) کۆمەڵگایەکی ئایینی دواکەوتوو وەك بوونەوەرێکی لاواز سەیری ژنان دەکا، ئەم چەشنە بنەماڵەیە پیاو وەك هێزی کارو دابینکەری بژێو و پێویستییەکانی ژنان دەزانێ و کارکردنی ژن وەك "عەیبە" ناودێر دەکا**

دەبێ بەرەورووی کلتووری نەریتی بنەماڵە ببنەوە، بنەماڵەیەك کە پشت بە پشت لە رابردووەوە تا ئێستا کلتوورێکی باوك سالار بە سەری زاڵ بووەو لە ژێر کاریگەری (عرف) و (سنتی) کۆمەڵگایەکی ئایینی دواکەوتوو وەك بوونەوەرێکی لاواز سەیری ژنان دەکا، ئەم چەشنە بنەماڵەیە پیاو وەك هێزی کارو دابینکەری بژێو و پێویستییەکانی ژنان دەزانێ و کارکردنی ژن وەك "عەیبە" ناودێر دەکا.



ئەو وردە کلتوورە دواکەوتووی بنەماڵە لە ئاستی فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگاش دا رەنگ دەداتەوەو نۆرمەکانی زاڵی کلتووری باوك سالار هەرچی زیاتر مەجالەکان بۆ کارکردنی ژنان بەرتەسك دەکەنەوە.

لەو نێوەداو لە وڵاتێکی وەك ئێران کە دەسەڵاتێکی ئایینی لە سەر کارەو بە هەموو ئەو شتانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، شەرعییەتی یاسایی دەدا، کێشەکە چەند قات قووڵ و ئەستەم دەبێتەوە.

لە وڵاتی ئێران ئەو ژنانەی کە وەك کرێکار کار دەکەن، بە داخەوە زۆربەیان بە شێوەی وەرزی، کاتی و قەراردادی و تەنانەت (قرارداد سفید امضا) دێنە سەر کارو لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ چەوسانەوەیەکی زۆری هێزی کار بەرەوروو دەبن، لە مافەکانی سەرەتایی کرێکارێکی ئاساییش بێ بەرین، حەقدەستی کەمتر لە کرێکارانی پیاو، دابین نەکردنی (بیمە) لە لایەن خاوەن کار، نەبوونی ئاسایشی شوێنی کار، نەبوونی مەرجەکانی پاك و خاوێنی شوێنی کار لە کارخانەکان و تەنانەت زۆر جار مەترسی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ئەو کرێکارە ژنانە، تەنیا بەشێکن لەو کێشانەی کە ئەو ژنانە لەگەڵی بەرەوروون.

هاوشێوەی ئەو کێشانە یا جۆری دیکە بۆ ئەو ژنانەی کە لە شوێن گەلی دیکە و لە بوارەکانی خەدەماتی و بازاڕیش دا کار دەکەن لە ئارا دایە، هەروەها لەو نێوەدا ژنانی (خانەدار) کە بەشێکی زۆری ژنانی کۆمەڵگای ئێران پێك دێنن، مافی سروشتی خۆیانە کە بیمە بکرێن و وەك بەشێك لە هێزی کاری وڵات لەو مافە بەهرەمەند بن.

ئەمانە تەنیا بەشێکن لەو هەموو کێشەیەی کە ژنان بۆ کارکردن لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەبێ لەگەڵی بەرەورووبن، بۆیە پێویستە لەو بوارەدا کار بکرێ و ژنان بە مافی خۆیان ئاشنا بن. بۆ ئەو مەبەستەش هەبوونی ڕێکخراوەکانی "کار" تایبەت بە ژنان، بۆ ئاشناکردنی ئەوان بە یاساکانی کارو هاوکات پێویستی پێکهێنانی (تشکل)ەکانی سەربەخۆی کاری ژنان زۆر بە روونی خۆ دەردەخا.

کەڵك وەرگرتن لە پوتانسیلەکانی ژنان، ڕێگا بۆ گەشەو پێشڤەچوونی زیاتری کۆمەڵگا خۆش دەکاو پەراوێز خستن و بایەخ نەدان بە ژنان لەو بوارەو هەر بوارێکی دیکەدا دەبێتە هۆی ئێستای هەرچی زیاتری کۆمەڵگا. دەبێ دان بەو راستییە دا بنێین و بە هەموانەوە بەرەورووی نۆرمە ژەنگ گرتووکانی کۆمەڵگا ببینەوە.

**کەڵك وەرگرتن لە پوتانسیلەکانی ژنان، ڕێگا بۆ گەشەو پێشڤەچوونی زیاتری کۆمەڵگا خۆش دەکاو پەراوێز خستن و بایەخ نەدان بە ژنان لەو بوارەو هەر بوارێکی دیکەدا دەبێتە هۆی ئێستای هەرچی زیاتری کۆمەڵگا. دەبێ دان بەو راستییە دا بنێین و بە هەمووانەوە بەرەورووی نۆرمە ژەنگ گرتووەکانی کۆمەڵگا ببینەوە**

# ئامانج لە دانانی یاسای تایبەت بە مێرمندالآن

عیسمەت نستانی

لە پێناسەیەکی کورت دا مێرمندالٚ بەو کەسە دەگوترێ کە تەمەنی لە نێوان ٩ تا ١٨ سالٚ دابێ. بە پێی یاسا نێودەولٚەتییەکان هەر کەس ١٨ سالٚی تەواو کردبێ بە مێرمندالٚ دانانرێ.

مێرمندالآن بەشێکی گرینگی هەر کۆمەلٚگایەکن، چارەنووس و گەشەو پێشکەوتنی کۆمەلٚگا پەیوەستە بە چۆنیەتی پەروەردەو پێگەیاندنی ئەو چینە لە کۆمەلٚ دا، بە شێوەیەك کە ئەگەر مێرمندالآن لەسەر بنەمایەکی راست و دروست پەروەردە بکرێن و گرینگیان پێ بدرێ لە داهاتوودا کۆمەلٚگا چینێکی وشیارو تەندروست و بڕوابەخۆبوو و بە توانا لە خۆی دا جێگە دەکاتەوە، کە بەرامبەر بە ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانیان لە کۆمەلٚ دا زیاتر هەست بە لێپرسراوەتی دەکەن. بەلآم ئەگەر پێچەوانەی ئەوە بێ و پشت گوێ بخرێن، ئەوا کۆمەلٚ چینێك لە دەست دەداو روانگەی ئەو چینە بەرامبەر کۆمەلٚگا، روانگەیەکی نامۆ دەبێ.

بۆ دروست پەروەردە کردنی مێرمندالآن و پاراستنیان لە پەرتەوازەیی و لادان و دوورخستنەوەیان لە نێو دونیای مەترسیداری تاوانەوە، بوونی یاسایەکی تایبەت بە مێرمندالآن بە پێویست زانراوە، واتە یاسای چاوەدێری کردنی مێرمندالآن.

ئەو یاسایە سنوورێکی دیاری کردوە بۆ رێگرتن لە پەرتەوازەیی و لادانی مێرمندالآن. هەروەها بۆ ئەو مێرمندالآنەی کە تووشی لادان لە رێڕەوی کۆمەلٚگا بوون، بە مەبەستی گەڕاندنەوەیان بۆ رەچاوکردنی رێوشوێنە پەسندکراوەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی. بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بێتە دی، یاسای چاوەدێری مێرمندالآن، بەپشت بەستن بە چەندین بنەما بۆ دەستنیشان کردنی پێش وەخت بۆ ئەو مێرمندالآنەی کە خەریکە تووشی لادان دەبن، وەکوو بەرپرسیارکردنی بەرپرسی ئەو مێرمندالآنە بە ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان بەرامبەر بە ئەو مێرمندالآنە، ستاندنەوەی دەسەلآتی باوك، کاتێ لە بەرژەوەندی مێرمندالٚ دابێ، دۆزینەوەو چارەسەرکردنی ئەو لادانە لەسەر بنەمایەکی زانستیانەو روانگەی مرۆڤایەتیی بۆ گەڕانەوەی سەر لەنوێ بۆ ناو کۆمەلٚ و دووبارە نەگەڕانەوەی. بەشداری دانی رێکخراوە تایبەتەکان و بەرپرسان، و دانانی پلانی هەمە لایەنە بۆ چارەسەریی ئەو جۆرە مێرمندالآنە.

یاسا دەرکەوتنەکانی پەرتەوازەبوونی مێرمندالآن بۆ ئەو حالٚەتانە دەگێڕێتەوە وەکوو سوالٚ کردن، جگەرە فرۆشتن، دەستگێڕی، نەبوونی شوێنی حەوانەوەو بێ سەرپەرەست، راکردن لە مالٚ و ئیش کردن لەگەلٚ کەسانی گەورەتر لە خۆیان.

هەروەها یاسا ئەو دەرکەوتانە بە هۆکاری لادانی مێرمندالٚ دەزانێ، وەکوو کارکردن لە شوێنەکانی لەش فرۆشی، مەیخانەو قومارخانە، تێکەلٚ بوون لەگەلٚ مێرمندالآنی پەرتەوازە بوو و ناوبانگ زڕاو.

دیارە چەندین هۆکاری دیکە هەن کە رێگە خۆشکەرن بۆ پەرتەوازەبوونی مێرمندالآن، وەك ئاستی کەمی هۆشیاری،



**راگەیاندن و خێزان هەر یەکە بەنۆرەی خۆیان دەوری سەرەکی دەبینن، لە بە لاڕێدا بردنی مێرمندالآن، بە تایبەت بینینی هێندێك فیلم کە کاریگەری خراپ لە سەر مندالٚ دادەنێن. نەبوونی بنەمالٚەو تێکچوونی شیرازەی خێزان، نەبوونی پەیوەندییەکی سالم لە نێوان ئەندامەکانی خێزان و توندوتیژی خێزانی و بێ رێزی ئەندامانی خێزان بەرامبەر یەکتری، لێك جیا بوونەوەی دایك و باوك و ... هتد لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی پەرتەوازەیی مێرمندالآن**

كە زۆر جار مێرمنداڵ لەگەڵ گیروگرفتێك بەرەورووو دەبێ كە توانای خۆدەربازكردنی نیەو ناتوانێ بە سەری دا زاڵ بێ، كەم و كوڕی جەستەیی كە كاریگەری نێگەتیڤی لە سەر دەروون و هەستی هەیەو تووشی داڕمانی دەكا، كە زۆر جار بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەم كەم و كوڕییە، پاڵنەرێكی دەروونی پاڵی پێوە دەنێ كە دژی بەها یاساییەكان بوەستێتەوە. شكست و نائومێدی، لە بواری خوێندن و ژیانی كۆمەڵایەتیی كە زۆر جار مێرمنداڵ لە ئەنجامی ئەو شكستە لە خوێندن دادەبڕێ و تێكەڵ بە منداڵانی پەرتەوازە دەبێ و نۆرم و بەهاكانی كۆمەڵگا پێشێل دەكا.

راگەیاندن و خێزان هەر یەكە بەنۆرەی خۆیان دەوری سەرەكی دەبینن، لە بە لاڕێدا بردنی مێرمنداڵان، بە تایبەت بینینی هێندێك فیلم كە كاریگەری خراپ لە سەر منداڵ دادەنێن. نەبوونی بنەماڵەو تێكچوونی شیرازەی خێزان، نەبوونی پەیوەندییەكی سالم لە نێوان ئەندامەكانی خێزان و توندوتیژی خێزانی و بێ ڕێزی ئەندامانی خێزان بەرامبەر یەكتری، لێك جیا بوونەوەی دایك و باوك و ... هتد لەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی پەرتەوازەیی مێرمنداڵان.

مێرمنداڵ ناسكە بە ئاسانی دەتوانرێ كاری تێ بكرێ و فریو بدرێ، هەر بۆیە زۆر جار لە لایەن گەورەكانەوە تاوانیان پێ ئەنجام دەدرێ لە بەر ئەوەی یاسا لەبەرامبەر ئەو تاوانەی دەیكەن، نەرمی دەنوێنێ.



یاسای چاوەدێری مێرمنداڵان، چەندین ڕێوشوێن دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی مێرمنداڵان لە ژینگەی تاوان و تاوانكاری بە دوور بن. واتە ئەو یاسایە هەوڵ دەدا كۆمەڵگا بە چاوی تاوانكارانەوە لە مێرمنداڵ نەڕوانێ، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی دامەزراندنی بنكەی پۆلیسی تایبەت، دادگای لێكۆڵینەوەی تایبەت، دامەزراندنی سەرۆكایەتیی دادگای تایبەت بە مێرمنداڵان، دانانی سزای سووكتر بۆ مێرمنداڵانی داوە، بۆ ئەوەی تووشی داڕمانی دەروونی نەبن و بە خۆیان دا بچنەوە.

لە ماددەی ١٠ی بەڵێننامە نێودەوڵەتییەكان تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەكان دا لە بەندی ٢دا هاتوە، سزای مێرمنداڵ دەبێ لە گەورەكان جیا بكرێتەوە و كێشەكەی زووتر بدرێتە دادگا.

كاتێك دەگوترێ مێرمنداڵ یاسای پێشێل كردوە، دەبێ لەو باروودۆخەدا چەندین حاڵەتی بۆ مسۆگەر بكرێ، وەك، تاكوو تاوانەكەی دەسەلمێنرێ بە بێ تاوان دابنرێ، لەو تۆمەتەی كە خراوەتە پاڵی بە زووترین كات لە رێگەی دایك و باوك یان پێ سپێردراوە یاساییەكانییەوە ئاگادار بكرێتەوە. دەبێ دەسەڵاتێكی تایبەت یان دادگایەكی تایبەت و سەربەخۆ و بێ خەوش بێ دواكەوتن لە دادگایەكی دادپەروەرانە بە پێی یاسا بە داوایەكەی دا بچێتەوە. دەبێ ڕاوێژكاری یاسایی بە ئامادەبوونی دایك یان باوك یان راسپێردراوە یاساییەكانی هەبێ، دەبێ هەمووی ئەوانە لە بەرژەوەندی منداڵ دا بێ.

دیارە بەرپرسیاریەتی جینایی بەو تەمەنە دیاری دەكرێ كە یاسا بە ئەنجامدانی كردەوەكە، بە جەنایەت دادەنرێ. تەمەنی جینایی مێرمنداڵ لە دەوڵەتێكەوەبۆ دەوڵەتێكی تر جیاوازە. هەروەها لە یاساش دا پێناسەی جیاجیا هەیە، لە هێندێك لەدەوڵەتان مێرمنداڵ لەگەڵ گەورەكان دەخرێتە بەندیخانە. لە هەندێ سیستمی دادوەری دا منداڵانێك دەخرێنە بەندیخانەوە كە هێشتا تەمەنی یاساییان تەواو نەكردوە.

لە هێندێك وڵات دا نەبوونی بەڵگەنامەی لە دایك بوون، دەبێتە هۆی ئەوەی بە زەحمەت تەمەنی تاك دیاری بكرێ. هەروەها راپۆرتی وەهاش هەیە كە ئاماژە بەوە دەكا ساختەكاری لە زانیارییەكان كراون، بە مەبەستی ئەوەی مێرمنداڵان بخرێنە بەندیخانەی گەورەكانەوە.

لە ڕێسا نموونەییەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان لەبەڕێوە بردنی كاروباری مێرمنداڵان لە ڕێسای ١٣ خاڵی یەكەم، هاتوە كە منداڵ دەسبەسەر ناكرێ بۆ ئەوەی چاوەڕوانی دادگایی كردن بكا، مەگەر چارە نەبێ، دیارە ئەوەش دەبێ بۆ ماوەیەكی دیاری كراو بێ.

یەكێك لەو چارەسەرە گرینگانە بۆ پاراستنی مێرمنداڵان لە پەرتەوازەیی، بوونی پشتیوانی یاسایی لەو توێژە لە كۆمەڵگایە. یاسای چاوەدێری مێرمنداڵان بۆ ئەو مەبەستە گەڵاڵە كراوە. وشیاری كۆمەڵایەتیی و گەشەی عەقڵانی خێزان و كۆمەڵگا سەبارەت بە مافەكانی مێرمنداڵان لە پەنای یاسادا یارمەتیدەرێكی گرینگە بۆ پێشگرتن لە لادانە كۆمەڵایەتییەكان.

سەرچاوە: وشیاری یاسایی و كۆمەڵایەتی

لێكۆڵینەوەیەك سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە ئیدارەی بەندیخانە

# توندو تیژی دژی منداڵان‌و ٧ پرسیاری گرینگی کێ‌و چی‌یەکان!

و لە فارسییەوە: عەلی بداغی



توندو تیژی بەرهەمی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتییە. "لوویی ئیشتراوس" پێی وایە مرۆڤەکان چەندە توانیبێتیان خۆیان لە سروشت‌و یاسامەندییەکانی دەرباز بکەن‌و بەسەریان دا زاڵ ببن، بەو رادەیەش پاشخانی کولتوورو پانتایی کارتێکەریی کولتووری مرۆیی خۆیان دەوڵەمەندتر کردوە. لە دنیای ئەمڕۆدا کە خوانی شەڕی مرۆڤ لەگەڵ سروشت چ لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانداو چ لە کۆمەڵگا پاشقە چووو دواکەوتووەکان داو لە بازنەی سنووورداری گۆی زەوی‌دا ئاوەڵایە، ئێستاش دیاردەی توندو تیژی چ لە شێوازی سەرەتایی‌و چ لە شێوەی ئاڵۆزیدا هەروا باوو گشتگیرە.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای توندو تیژی خولقێندا کە هەموو ئامرازو لاهێزەکانی پێوەندی، کلتووری، ئایین، کۆمەڵایەتی‌و ئابووری لە خزمەتی توندو تیژی خولقاندن‌و بەرهەمهێنانی توندوتیژی دایە، مرۆڤە هەڵکەوتووەکان‌و لە هەمان کاتدا مرۆڤە کەم دەسەڵات‌و لاوازترەکانی وەک ژنان‌و منداڵان‌و بەتایبەت منداڵانی کچ پتر دەبنە ئامانجی توندوتیژییەکان.

لەم دەرفەتەدا ئاوڕێکی کورت لە رەوشی منداڵان‌و پێوەندیی ئەوان لەگەڵ توندوتیژی دەدەینەوەو ٧ پرسیاری گرینگ سەبارەت بەو کێشەیە دێنینە گۆڕێ.

**١ـ کێ؟** یان چ کەسانێک زۆرترین مەترسیی توندوتیژییان لەسەرە؟ منداڵانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ بەتایبەت کچانی بەر لەتەمەنی خۆ ناسین لە زۆرترینی ئەو کەسانەن کە دەکەونە بەر کرداری توندوتیژی.

جێی ئاماژەیە کە کردەوەی توندوتیژیی دژی ئەو منداڵانە لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەکەیان‌و زۆرتر بە ئامانجی بارهێنان‌و پەروەردە کردنیان بەرێوە دەچن‌و گەلێ جاریش وەک نۆرم‌و بەهایەکی کۆمەڵایەتیش جێ دەگرن.

**٢ـ کێهەو چ کەسانێک بکەرو هۆکاری ئەو توندوتیژیانەی دژی منداڵانن؟**

ئەو دەستەیە پانتایەکی فراوان لە بنەماڵە را هەتا گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، رێکخراو و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێ. لە ئاستی خێزان‌و بنەماڵەدا باوک، دایک، برا یان کۆمەڵایەتی‌و جەماوەرییەکان‌و لە دوا جاردا بۆ هەرێمی خێزانەکان رەگی داکوتاوە...

**٣ـ بۆچی؟** لە پێوەندی

**پێوەندیی ژنو پیاو لە کۆمەڵگای مرۆییدا بوارخوڵقێنی هاوسەنگیی رەوشتی مرۆیی لە خزمەت سۆزو دلۆڤانیو عەتف دایە. ژنان بناغەدانەرانی عەشقو خۆشەویستی لە هەرێمی خێزانو لە نێو هاوسەرانو بەتاییەت منداڵەکانیان دان**

لە گەڵ هۆیەکانی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی توندوتیژیدا دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین. پێوەندیی ژنو پیاو لە کۆمەڵگای مرۆییدا بوارخوڵقێنی هاوسەنگیی رەوشتی مرۆیی لە خزمەت سۆزو دلۆڤانیو عەتف دایە. ژنان بناغەدانەرانی عەشقو خۆشەویستی لە هەرێمی خێزانو لە نێو هاوسەرانو بەتاییەت منداڵەکانیان دان. لە کۆمەڵگای ئێستا (بەتاییەت کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناڤین دا) کە دیوارێکی بێ متمانەییو لێك دابڕان لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدایە، چاوەڕوانیی بوونی سۆزو خۆشەویستی دەبێ سەیرو نامۆ بێ. گوشاری ژیانی شارنیشی وێرای هەموو هەوڵدانو تێکۆشان بەڵام ئاستی گوزەرانی نزمو هەروەها کەلەبەرو کەلێنی قووڵی چینایەتی نێوان خەڵكو تەوەری سەروەتو سامان پەرستیو هەوڵدان بۆ مانەوە لە بارۆدوخی سەختو دژواری ئێستا بە سەرنجدان بە داهاتی کەمو تێچووی زۆری پێداویستییەکانی ژیان، کێشەی دەروونیی زۆری بۆ خەڵك خولقاندوە. بەردەوامیی ئاسەواری شەڕو دواتریش ململانێی جیددیی خەڵكو حکوومەتو لە دواجاردا دابڕانی نێوان نەوەی کۆنو نوێو بەرگەنەگرتنی دەروونیو عەسەبیو دارایی ئەوان لە بەرامبەر دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵان، تەنیا رێگەی بەرەو روو بوونەوە بۆ گەورەکان کراوە دەهێڵێتەوەو توندوتیژی نواندن ئاسانترین رێگە بۆ خۆ قوتار کردن لەو تەنگو چەڵەمانەیە.

**٤ـ چۆن؟** شێوازەکانی توندوتیژی نواندن دژی منداڵان چۆنو چین. ئەو شێوازانە بە مەبەستی جۆراو جۆری پەروەردەیی یا ملهۆڕی بریتین لە:

تەمبێ کردنی جەستەیی، لێدان، گرتن، بێبەش کردن لە سۆزو خۆشەویستی، بێبەری کردن لە ئیمکاناتی خوێندنو خۆشگوزەرانی، وەبەرکارنانی بێ مووچەو پارە، چەوساندنەوەی جەستەییو کەڵکی جەستەییو سیکسی بە تاییەت لە کچانداو فرۆشتنو بەکرێ دانو ئازاردانی جەستەیی بە کۆمەڵی ئەوانو هتد.

**٥ـ کەی؟** ئەو دیاردانە ئەو کاتانە روو دەدەن کە قەیرانە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان گشتگیر بوو بێتنو بەرۆکی بنەماڵەو دایکانو باوکانی گرتبێو لە لایەن دامودەزگا دەوڵەتییەکانیشەوە هیچ چەشنە کارئاسانییەك بۆ رێگە گرتن لەو خەسارانە لە گوڕێ دا نەبێ.

**٦ـ لە کوێ؟** لە گەڵ ئەوەی لە بنەڕەت دا مافی منداڵانو پاراستنو رەچاو کردنی مافەکانیان ئێستاش ئەو جۆرەی کە پێویستە لە بنەماڵەو حکومەت دا پێناسە نەکراوەو جێگەو پێگەی مافی منداڵان لە یاسای بەرێوەبەریی دا بزرو نادیارە، بەڵام دیاردەی توندوتیژی لە هەمبەر منداڵان لە رووی ئابوورییەوە زۆرتر لە نێو بنەماڵە دەستکورتو هەژارەکان، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە نێو چینی نەخوێندەوارو کەم خوێندەوارەکانو لە رووی جوغرافیاییەوە لە کۆمەڵگای شارداو لە رووی رێکخراوەییەوە لە نێو بنەماڵەو کارگە پیشەییو ناوەندەکانی کارکردنی وەبەرهێنانی بێ مۆڵەت دا دەبینین.

**٧ـ چ بکەین؟** بێگومان کەم کردنەوەو نەهێشتنی دیاردەی توندو تیژی دژی منداڵان بە بێ جێ خستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیو ئابووری بۆ جەماوەرو دابین کردنی بژێوی ئابروومەندانە بۆ هەژارەکانی شارو دێ مەیسەر نابێ. بەو حاڵەش یەکەم هەنگاو لە کورت خایەن دا فێر کردنی گەورەسالان لە بنەماڵەو رێکخراوە بەرینترەکانی وەك قوتابخانەو دواتر نووسینو داڕشتنو پەسند کردنی یاساکانی داکۆکیی گەرەنتیداری داراییو تەنانەت سزادان بۆ کەسانی هەلپەرست یا خۆ نائاگا لە کۆمەڵگادا دەتوانێ کاریگەریی خۆی هەبێ. جگە لەوەش خوێندنەوە و پێناسەکردنەوەی هەڕەتی منداڵیو هەڵسوکەوتە توندوتیژییەکان لە یەك کات دا دەتوانێ یارمەتیدەری ئەو چارەسەرییانە بن کە باسمان کردن.



# بە هاوسەرەکەت بڵێ "خۆشم دەوێی" هەوڵ مەدە بیکەیتە کۆپیی خۆت

هۆزان

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەندەی، پیاوەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە هاوسەرەکەیان بگۆڕن و بیانکەنە کۆپییەک لە هەڵسوکەوت و بیروباوەڕو حەزەکانی خۆیان، قەت ئەوەندە هەوڵ نادەن گرینگی بە جیاوازییە سایکۆلۆژییەکانی هاوسەرەکەیان بدەن. لە تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی هاوسەرەکەت مەترسە. قەت هەوڵ مەدە بەویستی خۆت گۆڕانی بەسەر دابێنی. سەیر بکە، بەڕاستی گۆڕانکاری لەخۆتدا چەندە سەخت و دژوارە. ئیتر بڕوانە لە کەسی بەرامبەرتدا دەبێ گۆڕان چەندە دژوارتر بێ. نەک هەر دژوار بەڵکوو کردەنی نیە. دەبێ قەناعەت بەوە بێنی کە ئەوەی بۆ ژیانی هاوسەریت هەڵ بژاردوە منداڵی بنەماڵەیەکی دیکە و گەورەبووی کەشوهەوایەکی دیکەیە. تۆ دەتوانی وردە وردە کاریگەرییت لەسەری هەبێ، بەڵام ناتوانی ئەو بگۆڕی بەو شێوەیەی خۆت دەتەوێ. هەرکەس پێی وایە توانیویەتی هاوسەرەکەی بەدڵخوازی خۆی بگۆڕێ، دڵنیابێ لەوەی کڵاوی چووەتە سەری. دڵنیابێ لەوەی هاوسەرەکەی تەنیا لەبەرچاوی ئەو وادەنوێنێ کە گۆڕاوە و ئەوکاتەی چاوی مێردەکەی لێ ون دەبێ، بەوشێوەیە دەجووڵێتەوە کە لەمنداڵییەوە پێی گۆش کراوە و خووی پێوە گرتوە. نکوڵی لەوە ناکرێ کە مرۆڤ بە تێپەڕینی کات و گەشەکردنی ئاستی وشیاری و تێگەیشتنی، واز لەو ئاکار و هەڵسوکەوتانەی خۆی دێنێ کە پێی وایە چەوت و نەشیاون. هەتا ئەو کاتەی تۆ گەرەکتە ویست و بیروبۆچوونەکانت بەسەر ئەوکەسانەدا بسەپێنی، لێت سوور بێ کە ئەو زیاتر لەبەرامبەرتدا هەڵوێست دەگرێ و رەقتر رادەوەستێ. ئەوە سروشتی مرۆڤە. تۆ دەتوانی کاریگەریی باشت بەسەر بەرامبەرەکەتەوە هەبێ، ئەوەش لە رەوتی زەمەندا و وردەوردە و هەنگاو بەهەنگاو دەکرێ، نەک بەو مانایە بتوانی بەرامبەرەکەت بکەیتە کەسێکی دڵخوازی خۆت و مرۆڤێکی دیکەی لێ دروست بکەی. مرۆڤێک کە جیاواز بێ لەوەی هەتا ئەو کاتە بووە. مرۆڤێک کە تەواوی ئەو تایبەتمەندییانەی لێ دارنیت و سەرلەنوێ هەڵیشێلیتەوە و لەنوێ دای ڕێژیتەوە. ئیتر ئەو کەسە کەسێکی سرووشتی نیە، بەڵکوو کەسێکی دەستکردە. هەربۆیە پێویستە ژن و مێرد بەرلەوەی بڕیار لەسەر ژیانی هاوبەشیان بدەن، بە وردی لە تایبەتمەندییەکانی یەکتر بکۆڵنەوە و بەبێ پێچ و پەناو بێ هیچ رووبینییەک، باسی حەز و تایبەتمەندییەکانی خۆیان بۆ بەرامبەرەکەیان بکەن. لەوەدا ئەگەر یەکتریان بەو تایبەتمەندییانەوە ویست و حەز و ئاوات و خەونەکانی یەکتریان قەبووڵ کرد ئەوا، لە داهاتووشدا رێز لەو جیاوازییانەی یەکتری دەگرن و کێشەیان لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە شەخسییانەی یەکتری نابێ و هیچ هەوڵی مەحاڵ و بێ سوودیش نادەن بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەیان بگۆڕن.

**خۆشەویستی لە ژیاندا**

هەرکەس پێی وابێ دەکرێ ژیان لەسەر بناخەیەکی جگە لە خۆشەویستی دابنرێ، لێرەوە پێی دەڵێم بەهەڵە چووە. خۆشەویستی هەوێنی سەرەکیی ژیانە. زۆر کەس یەکەم بەردی بنچینەی پەیوەندییەکانیان لەسەر خۆشەویستی دادەمەزرێنن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە قۆناغی خۆشەویستییەکەیان قۆناغی ئێحساس بووە و هەست و سۆز نەیهێشتوە راشکاوانە پێکەوە باس لە جیاوازییەکانیان بکەن، دواتر لە قۆناغی ژیانی هاوبەشیاندا بەهۆی ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ راستییەکان دەستەویەخە دەبن و کەفوکوڵی ئەو قۆناغەش دامرکاوەتەوە ئیتر وردەوردە هەست بە قووڵی کەلێنێک دەکەن کە پێشتر بیریان لێ نەکردۆتەوە یان خۆیان لێ دزیوەتەوە. کەسانێکی دیکەش کە هەر بە خۆشەویستی دەست پێ دەکەن بەڵام دواتر یەکێکیان یان هەردووکیان بێبەرین لە هونەری زیندوو راگرتنی خۆشەویستیدا، دیسان گوڵی ئەو خۆشەویستییە وردەوردە بەرەو ژاکان و هەڵوەرین دەچێ. بەڵام کەسانێکیش هەن کە تامردن بەخوێنی دڵ ئەو گوڵە ئاودەدەن و لە شەختەی شەڕ و "پاییزە"ی کێشەکان دەی پارێزن. بەڵام ئەزموونەکانی ژیان دەریان خستووە کە هەموو ئاشقەکان دواجار ناگەنە ژیانی هاوبەش و بگرە بەشی هەرە زۆریان بەهۆکاری جۆراوجۆر بەناکامی سەر دەنێنەوە، هەر ئەوانەش هەرکام دەستی رۆژگار هێلانەیەکی دیکەیان بۆ ساز



دەکا. ئەدی ئەوانە چۆن و بە چی بژین؟

لێرەدا با بزانین پێناسەمان بۆ خۆشەویستی چییە؟ ئایا خۆشەویستی هەر ئەو تەزووە دڵڕفێنەیە کە دەبێ پێش زەماوەند و ژیانی هاوسەرێتی لە گۆشەنیگایەکی لەناکاوەوە جەستەت سڕ بکات و ڕۆژان و شەوان بتگرێنێ؟ یا نەخێر ئەو برووسکەیە لەهەموو کات و ساتێکدا دەتوانێ بتریسکێتەوە؟ لەڕاستیدا خۆشەویستی هەر وەکی چۆن ئەوکاتەی هەشە ئەگەر ئاگات لێی نەبێ دەژاکێ، ئاواش دەکرێ لە نەبوونیشەوە دروستی بکەیت. چ شتێک تۆ و برادەرەکانت پێکەوە گرێ دەداتەوە و دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی پەیوەندییەکانتان؟ بەدڵنیاییەوە خاڵە هاوبەشەکانتان. هەر ئەو خاڵە هاوبەشانە و بوونی خەون و خەیاڵ و ئەووینی هاوبەشیش لە نێوانی دوو کەس دا دەبێتە هەوێنی خۆشەویستی. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە زۆر کەس پێشتر یەکتریان تا ڕادەی پەرستن خۆش ویستوە، بەڵام دواتر بە تاڵی لێک جوێ بوونەوە لەبەر ئەوەی هەست و سۆز ئیزنی نەداون بیر لە خاڵە هاوبەشەکان و جیاوازییەکانیان بکەنەوە و دواتر دەبینن کە سەد هێندەی هاوبەشی، جیاوازییان پێکەوەهەیە و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی لێک جوێ بوونەوەیان. پێچەوانەکەشی هەر لە دەورووبەری خۆمان بەلێشاو هەیە.

### دەربڕینی هەستی خۆشەویستی

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە کە زۆربەی زۆری جیابوونەوە و تەڵاقەکان، لە نێوان ئەو هاوسەرانە دان کە کەمتر لە ناخەوە بە یەکتریان وتووە خۆشم دەوێی. لەوانەیە زۆربەیان لە قۆناغێکدا بە خەستی و بەردەوام ئەو دەستەواژەیەیان بەکار هێنابێ بەڵام وردەوردە پێیان وابووبێ کە ئیتر کۆن بووە. لە حاڵێکدا دەستەواژەی (خۆشم دەوێی) لەهەموو ساتێکی تەمەندا ڕێک لەو ساتەدا کە دێتەسەر زمان، وەکوو گوڵێک وایە کە تازە دەپشکوێ. بۆیە کاریگەرییەکی سێحراوی لەسەر بەرامبەرەکەت بەجێ دێڵێ. کۆمەڵگەی ئێمە زۆربەمانی وا بارهێناوە کە لە کاتە ناسکەکاندا خۆمان لە درکاندنی ئەو هەستە یا دەربڕینی ئەو ڕستەیە بدزینەوەو خۆی لێ ببوێرین.

**خۆشەویستی هەوێنی سەرەکیی ژیانە. زۆر کەس یەکەم بەردی بنچینەی پەیوەندییەکانیان لەسەر خۆشەویستی دادەمەزرێنن، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە قۆناغی خۆشەویستییەکەیان قۆناغی ئیحساس بووە و هەست و سۆز نەیهێشتوە ڕاشکاوانە پێکەوە باس لە جیاوازییەکانیان بکەن، دواتر لە قۆناغی ژیانی هاوبەشیاندا بەهۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ واقیعەکان دەستەویەخە دەبن و کەفوکوڵی ئەو قۆناغەش دامرکاوەتەوە ئیتر وردەوردە هەست بە قووڵی کەلێنێک دەکەن کە پێشتر بیریان لێ نەکردۆتەوە یان خۆیان لێ دزیوەتەوە**

کەمن ئەو پیاوانەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە ڕوونی خۆشەویستیی خۆیان بەرامبەر هاوسەرەکەیان بخەنە ڕوو. بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە چەند ساڵێک بەسەر ژیانی هاوبەشیاندا تێپەڕیوە. پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە دەبێ ئەوە بزانن کە ئەوەندەی ئافرەت بە لایەنی دەروونی و ڕۆحییەوە بەستراوەتەوە قەت ئەوەندە بە لایەنی جەستەیی و فیزیکییەوە نەبەستراوەتەوە. لێکۆڵینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە ئافرەتێک تا ئەوکاتەی لە باری ڕۆحییەوە بەتەواوەتی ئامادە نەبێ و باری دەروونییەکەی تەواو لەبار نەبێ، تەنانەت چێژ لە ماچێکیش وەرناگرێ. لەحاڵێکدا پیاو زۆر خێراتر لە ئافرەت دەورووژێ و جاری وایە تەنیا ئەوەندەی بەسە گوێی لە دەنگی ڕەگەزی بەرامبەری بێ.

توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکەن کە ڕێژەیەکی زۆر لەو ژنانەی تەڵاق وەردەگرن، ئەو کەسانەن کە بەهۆی دەرنەبڕینی هەستی سۆزداری لە لایەن مێردەکانیانەوە وردە وردە هەستیان بە کەلێنێکی گەورە لە نێوان خۆیان و مێردەکانیان دا کردوە و بەبێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن یا لەبەر نەبوونی وشیاری و ڕۆشنبیریی لەو بوارەدا ئەگەر زانیبێتیشیان نەیان درکاندوە هەربۆیە، بەردەوام لێیان بووە بە دەمەقرە و شەڕەقسەو تیروتوانج تێک گرتن، بەبێ ئەوەی بزانن سەرچاوەی ٩٠٪ی ئەو شەڕەقسە و کێشانەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلێنە گەورە سایکۆلۆژییەی بەهۆی دەرنەبڕینی هەستی سۆزداری و خۆشەویستی بۆ یەکتر کەوتووەتە نێوانیان. جار هەیە لایەنێکیان خەستتر ئەو هەستە دەردەبڕێت، بەڵام لایەنی بەرامبەری خۆی لێ گێل دەکاو ئەوەش دەگاتە ئەوەی کە ئەویتریش وازی لێ بێنێ؟ زۆربەی ئەو کەسانە نازانن کێشەکانیان لە کوێوە سەرچاوە دەگرن.

کۆمەڵگەی ئێمە بە درێژایی مێژوو پیاوەکانی خۆی وا بارهێناوە کە شەرم بکەن لەوەی بە ڕوونی و ئاشکرایی بە هاوسەرەکەیان بڵێن"خۆشم دەوێی" زۆربەی ئەو پیاوانە پێیان وایە کە دەربڕینی ئەو هەستە، دەبێتە هۆی بچووک بوونەوەیان لەبەرچاوی خێزانەکەیان. لەحاڵێکدا وەها دەربڕینێک بەدڵنیاییەوە ئۆخژن و ئاسوودەییەکی لەڕادەبەدەر بە هاوسەرەکەیان دەبەخشێ.

ئەگەر لایەنی کولتووریش هۆکاری سەرەکیی ئەو خۆبواردنە نەبێ ئەوا بێ ئاگایی و نەبوونی زانیاری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد هۆکاری سەرەکییە. کەوابوو مەترسە و شەرم مەکە لەوەی بە هاوسەرەکەت بڵێی خۆشم دەوێی. لە کاتە ڕۆمانسییەکاندا بەهەست و ئیحساسەوە چاو لە چاوی ببڕە و وا هەست بکە یەکەمین جارتە دەیبینی و دڵت گرتوویەتی و ئاشقی بووی. وەرن ئەوە تاقی بکەنەوە و هەرکەس ئاکامی باشی لێ وەرنەگرت با ئەوکات دەست بداتە قەڵەم و تارێکی دژی ئەم وتارەی من بنووسێ و من داوای لێبوردنی لێ بکەم. ئەگینا قسەی ئەوکەسانەم قەبووڵ نییە کە دوای خوێندنەوەی ئەو وتارە لە بن دیواران و بەدەم تۆو ترووکاندنی شەوانەی ماڵە برادەرانەوە پرتەپرت وبۆڵەبۆڵیان بێ و تەفسیری بێسەروبەرەی لێ بکەن.

بەو هیوایەی هەمیشە بزەتان لەسەر لێو بێ.

# خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمام و وەرچەرخانێکی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی

پارسان

کاتێك شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و رێژیمی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی دەستی بە سەر بەرهەمی خەباتی دیموکراتیکی گەلانی ئێراندا گرت و دیکتاتۆریەت بەسەر هەموو ولات دا زاڵ بوو.



لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی بەرامبەر بە ٤ی نوامبری ١٩٧٩، کۆمەڵێك لە خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئایەتوڵڵا خومەینی و داروودەستەکەی دەستیان بە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا دا گرت و ٥٢ کارمەندی ئەم باڵوێزخانەیە بۆ ماوەی ٤٤٤ رۆژ دەستبەسەر کران. ئەم هێرش کردنە سەر باڵوێزخانەیە بە هەر میتۆدێك بێ لە باری نێونەتەوەییەوە مەحکوومە و بە دەستدرێژی بۆسەر ئەو ولاتە دەژمێردرێ. هەوڵە دیپلۆماسیەکانی ئەمریکا بۆ رزگاریی ئەم کارمەندانە بۆ ماوەیەکی زۆر و تەنانەت لە رێگای سات و سەودا و هەروەها کردەوەی نیزامیشەوە نەیتوانی کارمەندە بارمتە گیراوەکانی ئازاد بکا. هێرشی دەسەڵاتدارانی دوو ولاتی ئێران و عێراق بۆ سەر یەکتر، هەلێکی بۆ ئەمریکا رەخساند. کۆماری ئیسلامی لە بەر پێویستییەکانی ماددی و نیزامی، ناچار بوو بە سات و سەودا کردن ئەم بارمتانە ئازاد بکا و، بە ناوبژیوانی باڵوێزخانەی ئەلجەزایر لە تاران ئەم سات و سەودایە سەری گرت و کارمەندانی ئەمریکا گەڕانەوە بۆ ولاتی خۆیان. سیستمی دەسەڵاتی هەر ولاتێك لە سەر بناغەی دارشتنێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیموکراتیك دادەمەزرێ کە پابەند بێ بە ئوسوولێی دیموکراسی و ئازادییەکان بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی. ئەوە لە کاتێك دایە کە سیاسەتی ئەم رێژیمە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بێجگە لە تیرۆرو رەشەکوژی و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژو ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ویلایەتی فەقیە بۆ ولاتان و، دژایەتی کردن لەگەڵ رۆژئاوا، واتە "نە شرقی نە غربی جمهوری اسلامی" تا ئەمڕۆ ئەمە ئامانجی گەورەی بووەو گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێرانیش لە ژێر سێبەری ئەم سیاسەتانەدا چەوساونەتەوە.

خۆپیشاندانی بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە دوای هەڵبژاردنەکانی دەهەمین خولی سەرۆك کۆماری رۆڵی کاریگەری گێڕا و خەڵکی بۆ وەدەستهێنانی دەنگە دزراوەکەیان لە لایەن باڵی ئوسولگەرای رێژیمەوە رژانە سەر شەقامەکان و بە رێپێوان و ناڕەزایەتی، داوای دەنگە دزراوەکانی خۆیان کرد، بەڵام وەڵامی ئەم داواکاریە هێمنانەیە، توندوتیژی و دەستدرێژی گوللە بوو کە بە دەیان کەس شەهید کران و، زیندانەکانی ئەم رێژیمە سەرەرۆیە، بووە جێگای دەستدرێژی جینسیی جەللادەکانی رێژیم بۆ سەر گیراوەکان بەتایبەتی ژنان و کچان. ئەمە لە حاڵێك دایە کە چەند بەرپرسی پایەبەرزی رێژیم یەك لەوان موحسینی ئێژەیی وەزیری پێشووی ئیتلاعات رای گەیاندبوو کە رۆژ لە دوای رۆژ کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆ بەرەو تەریك بوونەوە دەچێ. لە لایەکی دیکەوە هەوڵدانی رێژیم بە مەبەستی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی و فریو دانی ولاتانی ١+٥ ئەگەری هەر جۆرە هێرشێکی نیزامیی بۆ سەر بنکە ئەتۆمیەکانی لە لایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە. هەر بۆیە گەلانی بندەستی ئێران لە ٣٠ ساڵەی داگیر کرانی باڵوێزخانەی ئەمریکاو لە ساڵرۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ٨٨دا، شوعاری "مرگ بر ئەمریکایان" گۆڕی بۆ "مرگ بر دیکتاتۆر" و لە ژێر پێنانی وێنەی رێبەری رێژیم و دروشمی"اوباما یا با اونا یا با ما" بەرز بۆوە.

ئێستا پاش تێپەڕینی٣٠ ساڵ بە سەر تەمەنی ئەم رێژیمە، خەڵکی ئێران بە تایبەتی کچان و کوڕانی خوێندکارو لاو دەیانهەوێ نایەکی گەورە بە رێژیم بڵێن و بە خۆپیشاندان و ئێعترازی ناوخۆیی دەیانهەوێ کۆتایی بە دەسەڵاتی رێژیمی کۆنە پەرەستی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بێنن.

# ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## لەبەردەم چەند ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ونەتەوایەتی و نیشتمانیدا

دێدەوانی یەعقووب

هەرچەندە ئەرکی سەرجەم کۆمەڵەو سەنتەرو ناوەند و ڕێکخراوو یەکیەتییەکانی کۆمەڵی مەدەنی دیاری کراوە و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو ڕێکخراوەش دەستنیشان دەکرێ ، واتا چوار چێوەی کار بۆ ئەو ڕێکخراوو یەکیەتییانە دیاری کراوە ،هێڵی کار کردن و داکۆکیکاریان دیارە کە لە پێناو کامە ئامانج و بۆ چ مەبەستێك و بۆ وەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندی چ چین وتوێژێك کار دەکەن ،بەلاّم رەنگە هەلومەرجەکان و کات و شوێنەکان و قۆناغەکانی خەباتی ئەو ڕێکخراوانە زۆر جار وا بخوازێت ،شێوازی کاریان بگۆرن و ئاراستەی چالاك یان شێوەی تر وەربگرێت .

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا بیخەمە روو ، یان وەك داواکارێك لە ڕێی ئەو گۆڤارەوە ئاراستەی سەرجەم یەکیەتی و کۆمەڵەو سەنتەرو ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بکەم ،ئەوەیە کە بەپێی خوێندنەوەی راستبینانەی داهاتووی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی دەگەینە ئەو راستیەی کە پێویستە لێرە بەدوا ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاراستەی کاریان بگۆڕن، کە دەڵێم ئاراستەی کاریان بگۆرن مەبەستم ئەوەنیە کە چیتر داکۆکی لە ماف و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و رەگەزی مێینە نەکەن ،بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە لەپاڵ ئەو ئەرکەیان کە ڕەنگە لەوە بەدواولەگەڵ هەر گۆرانکاڕییەکدا و ئازاد بوونی کوردستان زۆریش بە گەورەترو فراوانتر بکەوێتە ئەستۆیان ،ئەرکێکی تریش وەئەستۆ بگرن ،ئەویش خەباتی هاوبەشی ژنانەیە لەداهاتوودا ، چونکە هەموومان ئەو راستیە دەزانین بەهۆی ئە و ئالۆزییەی کە ئێران بەهۆی لاساری و گوێ نەدان بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە دروست کردنی کورە ئەتۆمییەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ تێ کەوتوە و هەروا بەرەو خراپتریش دەچێ، ئەمرۆ لەهەموو کاتێك زیاتر ئومێدی ئەوە دەکرێ رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی کاردانەوەیەکی توندی نێودەوڵەتی بێتەوە و گەلانی ئێران ئازاد بن و گەلی کوردیش بەمافەکانی خۆی بگات و حزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانیش بگەڕێنەوە ناو خاکی کوردستان ،دیارە لەو کاتەدا هەروەك چۆن حزب و لایەنە سیاسییەکان پێویستیان بەیەکگرتن و کار نامەی هاوبەشی سیاسی و کارگێری و دیپلۆماسی هەیە ، ئەوا ڕێکخراوەکانی ژنانیش پێویستیان بە یەك ڕێکخراوەیی یان یەك هەڵوێستی و یەك فیدراسۆنی هەیە .

بۆیە هەقە لێرە بەدوا ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادەبکەن و هەوڵی لێك نزیك بوونەوە بدەن و ئەگەر نەشتوانن لەو قۆناغەدا خۆیان لە یەك ڕێکخراودا ڕێك بخەن ،ئەوا فیداراسۆنێکی هاوبەش پێك بهێنن و لەژێر چەتری یەك دروشمدا کۆببنەوە، چونکە لە لایەك ئامانجی هەموویان یەکەو لە لایەکی تریش لە کاتی هەر ڕووداوێکدا لە داهاتووی ئێران ئەگەر ئەوان بەو پەرتەوازییە بمێننەوە، سەنگ و ڕۆلیان کەمتر دەبێ ولەبەرانبەر ئەرکەکانیان بەکەمتەرخەم دەدرێنە قەڵەم ، لەبەرئەوەی لە کاتی هەر ڕووداوێکی سەر گۆرەپانی سیاسیی ئێراندا راستەخۆ ئەو ڕێکخراوانەش دادەرژێنە نێو گۆرەپانی کاری ئەو کاتە، بۆیە لەو ئالۆزیەدا ئەگەر یەك کارنامەی نەبێ و یەك بەرنامەیی کار لە گۆرێ دانەبێ ،بێگومان ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان جێ بە جێ بکەن، ئەو ئەرکانەی کەدەیان ساڵە خەباتیان لە پێناودا کردوە، ئەو کاتە رەوشەکە نەك هەر بە زیانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواو دەبێ، بەڵکوو لە زیانی زۆریش لە خودی ئەو کۆمەڵەو یەکیەتییانە دەدات و رەنگە پێویستی وا بخوازێت ، ڕێکخراوی تری هاو شێوە دروست بن و دەر بکەون و کار بکەن و ئەو ڕێکخراوانەش زیاتر خۆیان لە پەراوێزدا ببیننەوە .

ئەوکات دیسان ململانێی تر دروست دەبێ و کارەکان ئاراستەی تر وەردەگرن و بەرژوەندی یەگشتیەکانی ژنان دەچنە خانەی لەبیرچوونەوەوە.

بۆیە رەنگە زێدەرۆییمان نەگوتبێ ئەگەر بڵێین لەمرۆ بەدواوە ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ئەرکی رابردووو ئێستاشیان دەکەوێتە ئەستۆ و ئەگەر بشیانەوێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییەدابن و بەرهەمی خەباتی چەندان ساڵی ڕێکخراوەییان بدروونەوە، دەبێ بەپێی پێویست و خواستی قۆناغەکانی داهاتوو و هەلومەرجە رامیارییەکانی سەر گۆرەپانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانی بدەنەبەر و یەکەم هەنگاویش هاوبڕیاری و لێك نزیکبوونەوەیان و کۆدەنگیانە، چونکە جگە لەوەی ئەوەی بەدەستەجەمعی دەکرێ بە تەنیا ناکرێ، لە کاتی هەر پێشهات و ڕووداوێکیش دا ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتا ئەوانەی ئێستا لەناوەوەی وڵات دان زیاتر بەدەنگی فیدراسۆنی و دەستەجەمعیەوەدێن لەوەی بە دەنگ تاك ڕێکخراوەوە بچن، جا ئەگەر لەو کاتەدا خوانەخوستە فیدراسۆن و کۆ دەنگی نەبوو، ئەوا هەوڵەکان پچڕ پچڕ و کەم توانا دەبن و بەهەدەر دەرۆن .دیارە دواجار پەنجەی ئافەرینی مێژووش ئاراستەی ئەو ڕێکخراوە دەکرێ کە هەوڵی کۆکردنەوەی ڕێکخراوەکان دەدات لە ژێر یەك چەتردا و لەپاڵ ئەرکە ڕێکخراوەییەکەیدا ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و خەمی دوارۆژی رزگاریی یەکجارەکی مێینەی فەرامۆش نەکردوە، رەنگە بەهەڵەش نەچووبین ئەگەر بڵێین یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان تا ساتی نووسینی ئەو بابەتە چاوگەی ئومێدی دروست کردنی فیدراسۆنەکەو لێك نزیك کردنەوەی ڕێکخراوەکانە، چونکە بەردەوام لە هەوڵی سەردان و دیدارو کۆبوونەوەدایە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە هەر ئەو دیدارو کۆبوونەوەو لێك نزیکبوونەوانەش دواجار دەبنە هۆی دروستکردنی فیدراسۆنەکە و رەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ کۆکرکنەوەی ڕێکخراوەکان لە یەك کۆمەلەو ڕێکخراودا.

# وتوویژ له‌گه‌ڵ دڵنیا حه‌ویز، توێژه‌ری کۆمه‌ڵایه‌تی

دیمانه: ژنان



**سه‌ره‌تا خۆت به‌ خوێنه‌رانی گۆڤاری ژنان بناسێنه.**

ناوم دڵنیا به‌کر حه‌وێزه دانیشتووی شاری کۆیه‌م له‌ به‌شی کۆمه‌ڵناسی پسپۆڕیم هه‌یه‌و توێژه‌ری کۆمه‌ڵایه‌تیم له‌ قوتابخانه‌ی رۆژهه‌ڵاتی بنه‌ڕه‌تی تێکه‌ڵاو.

**پ: پێناسه‌ی هه‌رزه‌کار لای ئێوه چیه‌؟**

و: هه‌رزه‌کار ئه‌و قۆناغه هه‌ستیاره‌ی ژیانی مرۆڤه که چه‌ندین گۆڕانی جه‌سته‌یی و هه‌ڵچوونی عه‌قڵی و کۆمه‌ڵایه‌تی له‌خۆ ده‌گرێ. ده‌توانین بڵێین ته‌مه‌نی هه‌رزه‌کاری به‌ قۆناغێکی دیاری کراوی گه‌شه ده‌ست پێ ده‌کات و کۆتایی قۆناغی منداڵییه.

له‌و قۆناغه‌ی ته‌مه‌ن لایه‌نی عه‌قڵی و لاشه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی گه‌شه ده‌کات، ئه‌و گۆڕانانه‌ی که به‌ سه‌ر تاک دا دێت ئه‌وا گرینگی هه‌یه له‌ ژیانی دا بۆ گونجانی تاک بۆ قۆناغێکی نوێ بۆ ئه‌وه‌ی بگات به‌ قۆناغی پێگه‌یشتن و پرۆسه‌یه‌کی کتوپڕو کورت خایه‌ن نیه به‌ڵکوو پله‌داره‌و ماوه‌یه‌کی زه‌مه‌نی زۆریش ده‌خایه‌نێ و هه‌ر ره‌گه‌زێك خه‌سڵه‌ت و تایبه‌تمه‌ندیی ره‌گه‌زی خۆی به‌ یه‌کجاری و به‌ ته‌واوی تیادا ده‌رده‌که‌وێ.

**پ: رێنوێنیتان بۆ هه‌ڵسوکه‌وت له‌گه‌ڵ ئه‌م ته‌مه‌نه‌و چاره‌سه‌ریی کێشه‌کانیان چیه بۆ دایك و باوکان؟**

و: هه‌رزه‌کار له‌و ماوه‌یه‌دا نه منداڵێکی ساده‌و ساویلکه‌یه که پشت به‌ که‌سانی تر ببه‌ستێت، نه گه‌وره‌یه‌کی پێگه‌یشتوو که‌ هه‌ر سه‌ربه‌خۆ بێت و توانای بڕیاری له ده‌ست دا بێت، بۆیه ده‌بێت له‌و قۆناغه که قۆناغێکی زۆر هه‌ستیارو گرنگه له ژیانی هه‌ر تاکێکدا به تایبه‌ت دایك و باوك نابێ توند بن له‌گه‌ڵ هه‌رزه‌کارو گوێیان لێ بگیرێ بۆ باسکردنی ئه‌و کارو چالاکیانه‌ی که کردوویانه و پێویست ده‌کات له نێو خێزان دا راوبۆچوونه‌کانیان به هێند وه‌ربگیرێ بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ست بکه‌ن که کیانێکیان هه‌یه له ناو خێزانه‌که‌یان داو نابێ هه‌رزه‌کاران په‌راوێز بخرێن له ناو خێزان دا.

له ناو زۆر خێزاندا هه‌رزه‌کاره‌که چ کوڕ بێ یا کچ هه‌ر راوبۆچوونێکی هه‌بێ به هه‌ند وه‌رناگیرێ پێی ده‌ڵێن که ئه‌و منداڵه نه‌گه‌یشتۆته ئه‌و ته‌مه‌نه‌ی که رای وه‌ربگیرێ، یا خود ئه‌گه‌ر کارێکی منداڵانه بکات پێی ده‌ڵێن تۆ گه‌وره‌ی، لێره‌دا هه‌رزه‌کار سه‌ری لێ ده‌شێوێ نازانێ که منداڵه یا خود گه‌وره‌یه.

بۆیه لێره‌دا خێزان رۆڵێکی گه‌وره ده‌بینێ له دروست کردنی تاکێکی سوودبه‌خش بۆ کۆمه‌ڵگاکه‌ی. له سه‌ر دایك و باوکان پێویسته له هه‌رزه‌کاره‌کانیان تێبگه‌ن و یارمه‌تیان بده‌ن و زۆر پێویسته متمانه‌یه‌کی یه‌کجار زۆر هه‌بێ له نێوان دایك و باوك و هه‌رزه‌کاران وه‌ك هاوڕێیه‌ك وا بن نه‌ك دایك و باوك. له کاتی ته‌مه‌نی هه‌رزه‌کاری زۆر پرسیار له مێشك و هزری ئه‌وان دروست ده‌بێ به‌رده‌وام له که‌سێك ده‌گه‌ڕێن تا بتوانین ئه‌و پرسیاره شاراوانه‌ی که لایان هه‌یه پرسیار بکه‌ن، وه‌ڵام وه‌ربگرنه‌وه له‌و قۆناغه‌ی ته‌مه‌ن دا تێگه‌یشتن و بیرکردنه‌وه‌ی مرۆڤ زیاتر ده‌بێ و په‌یوه‌ندییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان به‌رفراوان ده‌بن و سنووری خێزانی ده‌به‌زێنن ده‌چنه ده‌ره‌وه‌ی خێزان و تێکه‌ڵ به گرووپ و که‌سانی تر ده‌بن که هاوته‌مه‌نی خۆیان بن، حه‌ز به به‌شداری و هاوکاری که‌سانی تر ده‌که‌ن و گرینگترین شت له‌و ته‌مه‌نه‌دا له لای هه‌رزه‌کاران دا دروست کردنی هاوڕێیه‌تییه.

نابێ دایك و باوك هه‌رزه‌کاران ریسوا بکه‌ن و سووکایه‌تییان پێ بکه‌ن له کاتێك که هه‌ر هه‌ڵه‌یه‌کیان کرد له به‌رده‌م هاوڕێکانیان یا خود له به‌رده‌م که‌سانی تر. ئه‌مه کاریگه‌ری خراپی ده‌بێ بۆ سه‌ر لایه‌نی ده‌روونی ئه‌و هه‌رزه‌کاره، جاری وایه که هه‌ست بکات که ئه‌و هیچ پێگه‌و شوێنێکی نیه له نێو خێزانه‌که‌ی. له‌و قۆناغه‌ی ته‌مه‌ن هه‌رزه‌کاران وا هه‌ست ده‌که‌ن ئه‌و کارانه‌ی که ئه‌نجامی ده‌ده‌ن راستن و ده‌وروبه‌ره‌که‌یان هه‌ڵه‌یه نه‌ك خۆیان بۆیه ده‌بێ خێزان به به‌رده‌وامی گفتوگۆیان له‌گه‌ڵ بکرێ و کێشه‌کانیان بۆ چاره‌سه‌ر بکرێ.

**پ: هه‌روه‌ك ده‌زانی له کۆمه‌ڵگای کورده‌واری دا زۆر به‌ربه‌ست له به‌رده‌م کچان دا هه‌یه بۆ زۆر کار که ده‌ی که‌ن راسته ئه‌و ته‌مه‌نه کێشه‌ی زۆره، ره‌نگه تووشی گرفتێکیش بێ، له وه‌ها کاتێك دا چۆن له‌گه‌ڵ کێشه‌کانیان رووبه‌روو بینه‌وه، چۆن کارێك بکه‌ین که له دوای کێشه‌که‌و چاره‌سه‌ریی کێشه‌که مرۆڤێکی داڕووخاو نه‌بێ؟**

و: ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ قۆناغی هه‌رزه‌کاری له کۆمه‌ڵگای کوردی دا باس بکه‌ین سه‌ره‌تا ده‌بێ باس له باوه‌ڕی مرۆڤی کورد بکه‌ین بۆ ئه‌م قۆناغه، لێره‌دا دایك و باوکان له کۆنه‌وه تا ئه‌مڕۆ قۆناغی هه‌رزه‌کاری به قۆناغێکی ترسناك ده‌زانن، دایك و باوك سه‌رپه‌رشتکارانه ئه‌و په‌ڕی توانای خۆیان بۆ به‌رگری

کردن لە ڕوودانی هەر خەتەرێك دەخەنە کار کە پێیان وایە لە لایەن کوڕ یان کچانەوە ڕوو دەدات.

لە کۆمەڵگای کوردی دا بە هۆی ئەو عادات و تەقالیدە کلتوورەی کە لە کۆنەوە هەیە کاریگەرییەکی زۆری بە سەر هەزەکاران دا هەبووە بە تایبەتی کچان لە کۆمەڵگای کوردی دا تا رادەیەکی زۆر دەخرێنە ژێر چاوەدێری بێگومان چاوەدێرییەکی توندتر لە چاو کوڕان چونکە کچ بە بۆچوونی کۆمەڵگای کوردی هەڵگری ناموسی خێزان و عەشیرەت و کچان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە چەندین پلە لە خوارووی کوڕانەوە دادەندرێن.

بە تایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاری دا کاتێك کچ هەست بە گۆڕانکارییەکانی لەشی خۆی دەکات و سیمای ئەو جیاوازییە ناسروشتییە زیاتر دەردەکەوێ، هەست دەکات خێزان چاودێری زیاتر دەخاتە سەر.

تەنانەت کچان لە قۆناغی منداڵیشدا ژیانیان پڕە لە مەکەو نابێ و لە بواری یاری کردن و سەپاندنی شەرم و ئەدەب بە سەری دا، نائازادی لە وتارو قسە کردن و گوفتاردا، لە چوونە دەرەوە، بە کورتی ئازاد نەبوون لە هەموو شتێکی منداڵی کچان دا کۆمەڵێك گرێ و گۆڵ لە دەروونی بە جێ دەهێڵێت و مرۆڤێکی سەیری لێ دەردەچێت.

بەڵام خۆشبەختانە دەتوانم بڵێم ئێستا ئەو عادەت و داب و نەریتە کلتوورە تا رادەیەك کاریگەری لە کۆمەڵگای کوردی دا کەم بۆتەوە، بەڵام ناتوانین بڵێین بە یەکجاری نەماوە بە داخەوە لە ناو هەندێك خێزان دا هەر کاری پێ دەکرێت و کاریگەری بە سەریان دا ماوە.

**پ: چۆن لەگەڵ کێشەکان ڕووبەڕوو بینەوە؟**

و: کێشەکان زۆرن، لە کاتی قۆناغی هەرزەکاری دا پێویستە لە کاتی دروست بوونی هەر کێشەیەك بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵانە ڕووبەڕووی ببنەوەو لە سەرەتادا دەبێ گوێ لە هەرزەکاران بگیرێ کە باس لە کێشەکانی خۆیان دەکەن و لە کاتی کردنی هەر هەڵەیەك نابێ بە توندی سەرزەنیش بکرێن و قسەی ناخۆش و ڕەقیان پێ بگوترێ بە تایبەت لە لای کەسانی ترەوە چونکە شکاندنەوەو قسەی ناخۆش کاریگەری خراپ دروست دەکات لە سەر دەروونی هەرزەکاران داو دەبێ بەردەوام چاوەدێری بکرێ و ئامۆژگاری بکرێ بۆ چاك بوونی و دەبێ بەردەوام هانی بدەی و وای لێ بکەی کە ئەو دەتوانێ بە سەر گشت کێشەکانی دا زاڵ بێ و دەتوانێ سەرکەوتوو بێ، وای لێ بکەی کە ئەو توانای زۆرە، دەتوانێ سەرکەوتوو بێ و دانیشیت لەگەڵی دا بە چەندین قۆناغ نەك بە تەنها دانیشتنێك وازی لێ بهێنی و بێ ئومێدی بکەی، وای لێ بکەن کە ئەو توانای نیە کە چاك بێ و بە سەر کێشەکانی دا زاڵ بێ. دەبێ بەردەوام هانی بدەی و وای لێ بکەی کە ئەو مرۆڤێکی بە سوودە بۆ کۆمەڵگاکەی و دەورووبەرەکەی.

ئەو هاندان و پشتگیری کردنە کاریگەری باشی لە لایەنی دەروونی دروست دەکات کە ئەو متمانەی لە لا دروست بێتەوە کە ئەو توانای هەیە.

**پ: ئێوە وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی کە لە خوێندنگەکاندا چاوەدێری کێشەکان دەکەن، پێتان وایە سیستمی پەروەردە چ کارتێکەرییەکی لە پەروەردە کردنی هەرزەکاران هەیە؟**

و: بە دڵنیاییەوە بوونی توێژەری کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەکان دا زەرووڕەو زۆر پێویستە بۆ خوێندکاران، بۆ ئەوەی بتوانێ یارمەتی خوێندکاران بدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

لە سەرەتا دەبێ توێژەری کۆمەڵایەتی متمانەیەکی بەهێز دروست بکات لە نێوان خۆی و خوێندکاران دا بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن کێشەکانی خۆیان بە دروستی بە توێژەری کۆمەڵایەتی بڵێن و بە بێ هیچ سانسۆرێك دەبێ‌و توێژەری کۆمەڵایەتی وەك هاوڕێیەك بێ لەگەڵ خوێندکارەکان، لە کاتی دروست بوونی هەر کێشەیەك لەگەڵیان دابنیشێ و بە گفتوگۆ بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکات و بەردەوام لێیان بپرسێتەوە ئەگەر خوێندکار هەست بکات کە یەکێك هەیە گوێی لێ دەگرێ و هەست بە بوونی کێشەکانی دەکات ئەمە کاریگەری باشی دەبێ لە لایەنی دەروونی خوێندکار.

**پ: ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی هەرزەکاران دەبێتەوە زیاتر لە چ بوارێکەوەیە؟**

و: قۆناغی هەرزەکاری وەك باسمان کرد یەکێکە لە قۆناغە گرینگ و ناسکەکانی ژیان، ئەم گیروگرفتانە لە هەموو کۆمەڵ و ناوچە جیاجیاکانی جیهان دا هەن، هەر چەندە لەوانەیە لە هەندێك شوێن دا جیاوازی هەبێت لە ڕووی ئاست و جۆری گیرو گرفت و کێشەکان.

خۆ ئەگەر هەر کۆمەڵگایەك گرینگی بە هەرزەکاران نەدات ئەوا ئەگەری کێشەو گیرو گرفت و تێکچوون و ئاژاوەی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە.

کێشەو گیروگرفتەکان زۆرن وەك:

**١ـ گرفتی کۆمەڵایەتی**

ئەمەی کە هەرزەکار ڕووبەڕووی دەبێت لە تێکچوونی باری دەروونی و بایلۆژی ڕەنگ دەداتەوەو لە سەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەورووبەرو هاوڕێکانی قوتابخانەو چالاکییە جۆراوجۆرەکان.

لێرە مەبەست لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان ئەو بارودۆخانەیە کە لەو هۆکارانە دروست بووە کاریگەری هەیە لە سەر پەیوەندی خێزان وەك جیابوونەوە، یا خود مردنی یەکێك لە بەخێوکرانی ماڵ، دایك یا باوك یا هەردووکیان، یا خود هەڵسوکەوتی توندوتیژ لە لایەن خێزان بەرامبەر بە منداڵەکانیان، یا خود بەناز بەخێوکردنی منداڵ لە ئەنجامی نەزانی شێوازی بەخێوکردنی منداڵ کە لە ئەنجام دا منداڵ کاتێك گەورە دەبێ ناتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ و ناتوانێ هیچ بڕیارێك لە ژیانی خۆی بدات و بەردەوام داوای یارمەتی لە دایك و باوك و دەورووبەری دەکات.

گرینگترین گرفتە کۆمەڵایەتییەکان گرفتی خێزانییە، هەرزەکار لە هەمووان زیاتر ڕووبەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوەو لە بەر ئارەزووی بۆ سەربەخۆیی و دەرچوونە لە بەربەستەکانی خێزان لە لایەکی تر بۆ سەپاندنی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگاو ناچارکردنی پەیڕەوی ئەم یاسا کۆمەڵایەتییە، جگە لە هەندێ هۆکاری وەکوو ڕۆشنبیری خێزان و باری ئابووری کۆمەڵایەتی.

**٢ـ گرفتی دەروونی:**

**ئەمانەن**

١ـ ترس و شەرم و شپرزەیی لە هەر دوو رەگەزدا، کە ئەم دیاردانە هەمیشە رۆژانە رووبەرووی هەرزەکاران و لاوان دەبنەوەو ئەمەش لە میانی تێکەڵ بوون و پەیوەندییەکان دا دەردەکەوێ، ئەم جۆرە دیاردانە لەو کەسانەدا بەدی دەکرێ کە خاوەنی پەروەردەو رۆشنبیرییەکی لەبارو گونجاو نین و دوور لە هەموو ئامۆژگارییەکی پەروەردەیین.

٢ـ هەست بە چەسانەوەو ریسوایی بەردەوامی دایک و باوک دەکات، کە هەندێ جار دەبینین باوک و دایک جیاوازی نێوان کورو کچ دەکەن و بە یەکسانی بۆیان ناڕوانن و دەسەلات و فەرمانی قورسیان بەسەردا دەسەپێنن و بە توندوتیژی لەگەڵیان مامەڵە دەکەن. هەستی هەرزەکاریش بە جیاوازی و نامۆیی و بێ نازی بەسە بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونی.

٣ـ دڵەڕاوکێ و هەست بە خۆ ون کردن (غربت) کردن.

زۆر جار لاوان بێ هۆو هۆکارێکی دیاریکراو ئاشکرا هەست بە جۆرێک دڵتەنگی و بێ هیوایی دەکەن، بە بێ ئەوەی بزانن هۆیەکەی چیە، لەگەڵ ئارەزووی دوورکەوتنەوەو دابڕان و بێ هیوایی و دەست بەردان و دابڕان و گۆشەگیری لە کۆمەڵ و خێزان و هاوڕێ و خۆ رانەگرێ بەرامبەر بە هیچ کۆسپ و کێشەو کارو پیشەیەک کە هۆکاری ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆسپ و رێگرانەی کە دایک و باوک وکۆمەڵ دەیان هێنێتە رێگەیان.

٤ـ سووربوون لە سەر شتێک یا خود کارێک یا خود لە سەر بیرو بۆچوونێک، ئەویش وا دەکات کە ئەو هەرزەکارە کەسایەتییەکی هەڵچووی دژ بە خەڵکی لێ دروست بێت.

**٣ـ گرفتی ئابووری:**

واتە کەمی داهات هۆیەکی بنەڕەتی دەبێ لە دروست بوونی گرفت، هەندێ جار گیروگرفتی هەرزەکاران لەوەوە سەرهەڵ دەدات کە دەیەوێ هەست بە خۆشییەکانی ژیان بکات وەک هاوڕێکانی لە هەندێ کاردا.

هەرزەکاران بە هۆی زۆری پێویستییەکانی و پێویستی بە پارەو دابین نەکردنی گشت پێویستییەکانی و شەرمێکی زۆر دای دەگرێ کاتێک نەتوانێ گشت پێویستییەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

لەخواردن و جلوبەرگ و پێویستی تر لە بەرامبەر هاوڕێکانی داو زۆر جار گرفتی ئابووری هەڵەی زۆر گەورەی لێ دروست دەبێ لە لایەن هەرزەکاران دا وەک دزی کردن، لەوانەیە هەرزەکار ئامادە بێ دزی بکات بۆ ئەوەی پێویستییەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە یا خود لەوانەیە تاوانی تریش ئەنجام بدات. لێرەدا ئەمە بە گرفتێکی گەورە دادەندرێن لە ژیانی هەرزەکاران دا.

**٤ـ گرفتی سۆزو خۆشەویستی:**

زیاتر ئەم گیروگرفتە لایەنی پێوەندی نێوان هەر دوو رەگەز دەگرێتەوە. خۆشەویستی لە لای هەرزەکار پێویستییەکی سەرەکییە بۆ دابین کردن و پێناسەی کەسایەتی خودو جێگیربوون و هاوسەنگی و هەڵچوون و بەختیاری کەسێک. خۆشەویستی لێرەدا مانای گەڕان بە دوای سۆزێکی هاوشێوە لە رەگەزیی بەرامبەرەوە یان لەگەڵ کەسێکی دیاری کراو. دەربڕینی خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکەی ئاشکراکردنی یەکێکە لەگرنگترین گیروگرفتی لاوان و هەرزەکاران هەرچەندە زۆربەی زۆری خۆشەویستییەکانی ئەم قۆناغە یەک لایەنە کە زۆر جار کوڕێک بۆ ماوەیەکی زۆر کچێکی خۆش دەوێ بێ ئەوەی کچەکە بزانێ و خۆشی بوێ. هەروەها بە نیسبەت کچانیشەوە بە هەمان شێوە، زۆر جار کەسێکیان خۆش دەوێ بێ ئەوەی بتوانن دەری بڕن لەگەڵ ئەوەش هەر دەترسێ و شەرمیشی لێ دەکات.

گرفتی سۆزو خۆشەویستی لە لایەن لاوان و هەرزەکاران بە گرفتێکی سەرەکی دادەنرێ، چونکە لەم تەمەنەدا زیاتر مێشک و هزریان زیاتر بە لای سۆزو خۆشەویستی دا دەچێ، بە بڕوای هەرزەکاران خۆشەویستی کەسایەتی و خودی خۆیان دەچەسپێنن.

خۆشەویستی زۆر جار کارەساتی لێ دەکەوێتەوە لە لایەن هەرزەکارانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم خۆشەویستییە لە سەرەتاوە لە سەر بنچینەی راست و ئاشکراو توند دروست نەبووە، وەک ئەوەی کورو کچێک بە هۆی پەیوەندییەکی خۆشەویستی ئاڵوگۆڕ دەکەن لەوانەیە ئەو پەیوەندییە خۆشەویستی نەبێ بەڵکو تەنها (اعجاب)ە بۆیە سەرکەوتن بە دەست ناهێنێ دەبێ خۆشەویستی لە سەر بنەمای رێزو لێک تێگەیشتن و متمانە بە یەک کردن بێ.

لێرەدا هەرزەکاران مانای خۆشەویستی و (اعجاب) تێکەڵ دەکەن و لە یەکتری جیای ناکەنەوە، هەرزەکاران زۆر جار خۆشەویستی وەک پێویستییەک دادەنێن کە دەبێ هەبێ.

زۆر جار کوڕەکە بە هۆی ئەوەی قوتابییە یان کەم دەرامەتە ناتوانێ بچێتە داوای و لێرەدا خۆشەویستییەکە کۆتایی دێت، یا خود کوڕ و کچەکە بە شێوەیەکی نهێنیی پەیوەندی دەبەستن بە بێ ئاگاداری خێزانیان لە بەر ئاشکرا بوونی، ئەو خۆشەویستییە بەهەمان شێوە کۆتایی پێ دێنن. لێرەدا هەرزەکاران لەو تەمەنەدا ناتوانن لە ژیانی هاوسەری سەرکەوتوو بن.

گرفتی سۆزو خۆشەویستی کێشەیەکی گەورەیە لە لای هەرزەکاران دا.

**٥ـ گیرو گرفتی خوێندن:**

گیرو گرفتی خوێندن و فێرکردن زیاتر پەیوەندی بە سروشتی سیستەمی فێرکردنەوە هەیە کە بارودۆخی خێزان و دەروونی قوتابی لایەنێکی ترو گرفتێکی تری ئەم بابەتەیە، لاوازی بیرکردنەوەو بیربڵاوی واتە خەیاڵ کردنەوەو بیربڵاوی ژیانی هەرزەکاران زۆر خەیاڵاوی دەبێ ... بۆ نموونە قوتابییەک لە کاتی وانە خوێندن لە پۆلەکەی، بیری ئەڕوا لەگەڵ ئارەزوو خەیاڵەکانی دا دوور دەکەوێتەوەو لە وانەو بابەتەکە تێ ناگات، یا خود پرسیارێکی لێ دەکرێت لە بری وەڵامدانەوە بیری بۆ شوێنێکی تر دەچێت و ترسێکی پێش وەخت لە دەرنەچوون لە بواری خوێندن، هەرزەکاران زیاتر لەو تەمەنەدا گرینگی دەدەن بە لایەنی وەرزش و چالاکیی هونەری و مۆسیقاو ... هتد. زۆر جار هەرزەکاران بێبەش دەبن لە خوێندن بە هۆی کەم دەرامەتیی بنەماڵەکەی.

# وتووێژ لەگەڵ خاتوونی قەڵەمی ئێران

# "شهرنووش پارسی پوور"

دواندن: م. ساقی

و: رەسووڵ سوڵتانی

**پ: تکایە باسی ژیانی رووناکبیری و ئەدەبی و سیاسیی ئێستا و رابردووی خۆتانمان بۆ بکەن.**

و: هاوڕێ گیان، هەگبەی من بریتییە لە دوازدە، سێزدە کتێب (چیرۆک، بیرەوەریی بەندیخانەو چیرۆکی زانست)، هێندێ وەرگێڕان، دوو ساڵ و نیو ئامادەکاریی بەرنامەی رادوێی (زەمانە) هەژمارێکی زۆر هەڵسەنگاندن و خوێندنەوە بۆ کتێب گەلی ئەدەبیی ئێرانی.

لە رووی سیاسییەوە ئەمن هیچ کات ئەندامی هیچ دەستە و تاقمێك نەبوومە. دیارە ئەمنیش وەکوو هەر مرۆڤێك گرۆیی سیاسییم هەیە و لەهەر هەلومەرجێکدا بەتایبەتی لە بەندیخانە هەڵوێستم گرتوە. من سۆشیالیستم و باوەڕێکی قووڵ و پتەوم بە دێموکراسی هەیە.

دژی شەڕی چەکداریم و لەسەر ئەو باوەڕەم کە خەڵکی دەبێ لە ڕێگەی خەباتی دێموکراتیکیەوە و بەبێ دەست بردن بۆ چەك داوای مافەکانیان بکەن. لەبیرت بێ هەر لە چەقۆ و تێڵاوە بگرە هەتا دەگاتە پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگر بە چەك لەقەڵەم دەدرێن. بەرای من بە پشتبەستن بە چەند چەك و فیشەکێك ناکرێ خەباتی دێموکراتیك بکەی. بزووتنەوەی خۆڕسك و جوانی خەڵکی ئێران لە بەهاری ئەمساڵەوە(٢٠٠٩) نیشاندەری بەرزترین ئاستی بزووتنەوەی دیموکراتیکییە.

**پ: دەکرێ بفەرمووی چۆن هاتیتە نێو بواری نووسینەوە، و کێ ماندەرت بووە؟**

و: هەر لە منداڵیمەوە حەزم لە نووسین بوو. رۆژێکیان دەستم کرد بە نووسین و لە راستیدا کەس ماندەرم نەبوو.

**پ: زیاتر چ کتێب گەلێك دەخوێنیتەوە؟ و بۆچی؟**

و: زۆر حەزم لە خوێندنەوەی مێژووە. فەلسەفەی چینی کەوناریشم



زۆر پێ خۆشە. مێژووم لەبەر ئەوە پێ خۆشە تەمەنی کورتی مرۆڤ بەشی موتاڵا و خوێندنەوەی هەمەلایەنە ناکا. حەزم لە مێژووە لەبەر ئەوەی وات لێ دەکا مرۆڤ بناسی. خوێندنەوەی دوالیزمی چینیش یارمەتیم دەدا کە کولتوورە جۆراوجۆرەکانی ئەو گەلانە بناسم کە باوەڕی دوالیزمییان هەیە. دیارە ئەدەبی هاوچەرخیش زۆر دەخوێنمەوە.

**پ: ژیانی تاراوگە چیی پێ بەخشیوی؟**

و: تەنیایی بەدیاری بۆ هێناوم کە هێندێ جار باشە و زۆربەی جاریش زۆر خراپە.

**پ: کاریگەریی ئینتەرنێت لە سەر "ئەدەبیات و کولتوور" چۆن پێناسە دەکەی؟**

و: ئەوە کاریگەرییەکی سەرسوورهێنەرە. هێشتا ئاست و رادەی کاریگەریی ئینتەرنێت نەزانراوە. پێشم وانییە هیچکاتیش بە تەواوی بزانرێ. هەر دەتوانین ئەوەندە بڵێین کە کۆمەڵگە عەقڵی هاوبەشی نیە؟ ئینتەرنێت یارمەتیدەرە بۆ پێکهاتنی عەقڵێکی هاوبەش.

دەکرێ بزووتنەوەی خۆڕسکی خەڵکی ئێران لەو برگەیەدا بە شۆڕشێکی ئینتەرنێتی ناوبەرین و بەبێ گومان لەو رووەوە بە یەکەمین شۆڕشی ئینتەرنێتیی جیهان لەقەڵەم دەدرێ. ئەو هەمووە بەرهەمە ئەدەبی و رووناکبیری و ڤیدیۆییەی کە لەم ڕێگەوە بۆ دەرەوە بەڕێ کراوە. ئەمن بەرنامە رادیۆییەکانی خۆم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەنێرمە ناوەند و ئەوە شێوازێکی نوێیە. ئەوە واتە داهاتووی مرۆڤایەتی. لەوانەیە بە پشت بەستن بە ئینتەرنێت بکرێ تا رادەیەکی بەرچاو پێش بە پیسبوونی هەوا بگیردرێ و لەبری راکردنی بەردەوام بەشەقامدا و کەڵك وەرگرتن لە ئامرازی ماتۆری، بەشی هەرە زۆری کارەکان لەماڵەوە راپەڕێنین. بەو هیوایەی خەڵك لە گوندی جیهانیدا بتوانن لە جیهانێکی شێوە گوندی راستەقینە و تەندروستدا بژین.

بەڵام!

**پ: ئەمن هەمیشە نیگەرانی ئەوەم کە بوونی ئەو هەمووە سەتەلایتە زیان بە تەندروستیی سروشت دەگەیەنێ یان نا؟ ئایا ئەو شتانەی لە کەش دا هەن پیسی ناکەن؟ ئەرێ ئێمە بۆمان هەیە لەکاتێکدا دیاردەیەك(سروشت) بەباشی ناناسین کۆمەڵێك شتی پێوە زیاد بکەین کە لەوانەیە زیانی پێ بگەیەنن؟**

و: دیارە ئەوەش سروشتییە کە هەر دیاردەیەك لایەنی باش و خراپی هەیە. ئێمە لە دەورووزەمانەیەك داین کە کۆنترۆڵ و جڵەوی خەڵك خەریکە رەهەندی ترسناك و سامناك بەخۆوە دەگرێ. دانانی کامێرای زۆر ورد لە ماڵەکاندا و ناردنی وێنە لە ڕێگەی هەر ئەو ئینتەرنێتەوە بۆ ناوەندەکانی دەسەڵات بۆ خاوەن تەکنۆلۆژیاکان کارێکی ئێجگار ئاسانە. خۆم ئەوەندە پێموایە لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری دام کە دەکرێ بڵێی لەوانەیە تووشی جۆرە نەخۆشییەکی رۆحی بووبێتم. بەرای من پانتایی ئەو کۆنترۆڵە لە جیهانی ئەمرۆکەدا رەهەندگەلێکی زۆر بەرین و هەراوی داگرتوە و لە داهاتوودا بەرینتریش دەبێتەوە. لەوانەیە ئەوە بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە "مەرگی ئەدەبی و هونەری"یش بەدواوە بێ. بۆوێنە من پێموایە ئەودەمەی خەریکم دەنووسم کەسێکی دیکەش خەریکە بەردەوام نووسینەکانم دەخوێنێتەوە. دیارە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ

گرێی خۆبەزل زانین و لووت بەرزی. بەڵام بە زمانێکی ساکارتر ئەگەر ئەمن زانایەکی گەورە بوایەم، و بیر و باوەڕو هزری زانستیی نویٚ و تاقانە و کەس نەدیتووم هەبوایە هەوڵم دەدا کەڵك لە ئینتەرنێت وەرنەگرم، لەبەر ئەوەی دزینی بیر و هزر لەم دەور و زەمانەیەدا زۆر کارێکی ساکارە.

**پ: لەو حەوتووە خوێناوییانەی ئەم دواییانەدا(دوای هەڵبژاردەنەکانی دەوری دەیەمی سەرکۆماریی ئێران) لە وڵاتی دەست بەسەرداگیراوی ئێمەدا، سەرەڕۆیی، زیاتر لە رابردوو دەستی ناوەتە بینەقاقای ئازادیی هەڵبژاردن و مافە مرۆییەکانەوە، هەڵسەنگاندنی سیاسی و فەلسەفیی بەڕێزت لەو هەلومەرجە چییە؟**

و: من یەکێکم لەوانەی باوەڕیان بە رەسەنایەتیی جۆگرافیا هەیە و لە تەنیشت ئابووری و بنەمای ئاکاری sex* ی کە دروستکەری هەڵسوکەوت و رەفتارەکانمانە، لەسەر ئەو باوەڕەم کە جوگرافیا فاکتەرێکی زۆر دەستنیشانکەرە. دراوسێیەتیی ئێران لەگەڵ وڵاتی رووسیا و وڵاتانی عەرەبدا هەمیشە کێشەخوڵقێن بووە. رووسییەکان باوەڕیان وایە کە لە بواری جوگرافیاییەوە هەتا دەستیان بە ئاوە گەرمەکان رانەگا قۆناغی گەشەکردنیان تەواو نەبووە. سەیری نەخشە بکەن دەبینن کە ئێران نزیکترین رێگەی گەیشتن بە دەریا ئازادەکانە. ئەو مەسەلەیە بۆتە هۆی ئەوەی لەسەردەمی پێتری گەورەوە کە ئەو سیاسەتە هاتە نێو برگەی سیاسەتی رووسییەکانەوە، ئێران قەت رووی هێمنیی بەخۆوە نەبینیوە و بەردەوام لەگەڵ کێشەگەلێك دەستەویەخەیە کە لە وڵاتە باکوورییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی بدەیتەوە دەبینی کە شۆڕشی مەشرووتەی ئێران وەدی نەهات هەتا ئەوەیکە رووسییەکان لە رۆژهەڵاتی دووردا لەگەڵ ژاپۆندا ملیان لەبەر ملی یەکتر نەنا و بۆ ماوەیەکی کەم هۆشیان بەلای ئێرانەوە نەمابوو.لە سەردەمی "لینین"یشدا ئەودەمەی بزووتنەوەی جەنگەڵ نوێنەری ناردە رووسیا ئەوان هیچ پوانێکیان نەدانیٚ و گوتیان هەر چەشنە شۆڕشێك بۆ ئێران زووە. بوونی رەزاشا کە بەشێوەیەك ئێرانی خستبووە سەر رێگەی شارستانیەتەوە، هاوکاتە لەگەڵ شەڕە نێوخۆییەکانی رووسیادا. ئێستا ئەمن لێرە لە ئەمریکا بە جوانی هەست بە بوونی رووسیەکان لە ئێراندا دەکەم. ئەوان لە مەودای ئەو سی ساڵە و شەڕی ئێران و عێراق دا و دووربوونی ئەمریکاییەکان، سەیر تەشەنەیان کردۆتە نێو دامودەزگاکان و لایەنەکانی کۆمەڵگەی ئێرانەوە. هەرچەندەی کۆمەڵگەی ئێران زیاتر نوقمی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەت بیٚ، بە قازانجی ئەوانە. لەبەر ئەوەی لەوانەیە وەکوو میوەیەکی پێشگەیشتوو بەربێتەوە سەرکۆشی ئەوان. ئەوان لەسەردەمی شادا، ئەوەیان خستبووە مێشکی تاقمێك لەو کەسانەوە کە خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی، کە ئێران دەبیٚ بکەوێتە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت. گوشاری ئەو خەڵکە بە ئێراندا بووە هۆی ئەوەیکە کۆمۆنیزم هیچکات لە ئێراندا بە شێوەی سروشتیی خۆی وەدی نەیە. سروشتی بوو کە دەوڵەتی ئەوکاتی ئێران هەوڵی دەدا نەهێڵیٚ سۆڤیەت تەشنەی تێدا بکات و ئەوە دەبووە هۆی بەربەرەکانێی توندوتیژانە و شێلگیرانە دژی کۆمۆنیزم. ئەمن گومانم لەوە نییە کە ئەو تاقمە کۆمۆنیستە ئێرانییەی کە باوەڕیان بە سۆڤیەتی هەبوو لە ناخەوە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سۆڤیەت چاکەی ئێرانی دەویٚ. بەڵام لەهەڵەدابوون.

ئیزن بدەن باسی نێوەڕۆکی ئەفلام کارتۆنێکی دروستکراوی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٨٣ دا، بکەم کە لە تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو بۆوە:

بێچووە ورچێك و ماسییەك بوونەتە برادەر. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ورچ ماسی دەخوات. کەچی بێچووە ورچەکە هاوڕێکەی خۆی زۆر خۆش دەویٚ. بەڵام باوکی بێچووە ورچەکە لە راوێکی راوچیەکاندا بریندار دەبێت. ئەو بۆ چاکبوونەوەی برینەکانی پێویستیی بە خواردنی بەهێزە کە ئەویش گۆشتی هەر ئەو ماسییە لێقەوماو و داماوەیە. بێچووە ورچەکە هەروەکوو پاڵەوانی چیرۆکی (باوك و کوڕان)ی تۆرگنیڤ تووشی پووچ گەراییەکی سامناك دەبیٚ. خەفەت دەخوا و ئازار دەچێژیٚ و ئاخری بەو خەفەتەوە خەوی زستانیی ورچانەی بەسەر دادیٚ. کە لەخەو هەڵدەستیٚ کەڕەنایەکی هەڵگرتووە و لە جەمسەری باکوور بانگەشەی ئازادی و یەکسانی دەکات. پەیامی ئەفلام کارتۆنەکە زۆر روون و ئاشکرا بوو. سەیرکە هاوڕێم: بەڕاستی خۆشم دەوێی، بەڵام چبکەم پ: تۆ خواردنی منی! باشە چ بکەم؟

ئێستا ئەو کڵاوەی رووسییەکان بۆ ئێرانیان دووریوە، ئێرانی وا لەخۆیدا نوقم کردووە کە ئیتر تۆسقاڵێك هەوای بۆ هەڵمژین بۆ نەهێششتۆتەوە. خەڵك خەریکن دەخنکێن. بۆ بەدبەختی کۆمەڵێك لە خەڵکی ئێران خەریکن ئەو یارییە دەبەنە پێشەوە کە خۆیان بە چەپئاژۆ دەزانن. ئەوان لە نێو خۆیاندا بە پارێزەوە وایدادەنێن:"کە وادەنوێنین موسوڵمانین و لە ناوەوە زەبر لە ئیسلام دەوەشێنین." کە ئیسلام لە ئێراندا شکستی هێنا جڵەوی کارەکان دەکەوێتە دەستی ئێمە و ئەوکات دەمودەست توێژ دەخەین و حکوومەتێکی کۆمۆنیستی رادەگەیەنین.

دیارە لەو ماوەیەدا زۆربەشیان دەوڵەمەند بوون و روون نییە کە چۆناوچۆن ئەو خولیا سەیر وسەمەرەیە وەدی دێنن، ئەویش لە حاڵێکدا کە ئیتر رووسیە کۆمۆنیست نییە.

بەڵام کێشەیەکی دیکەی ئێران دراوسێیەتیی وڵاتانی عەرەبییە. ئەو مەسەلەیەش بە درێژایی مێژوو گێچەڵی بەدواوە بووە. نزیك بە هەزار و چوارسەد ساڵ لەوەپێش ژمارەیەك لە ئێرانییەکان (کە بزووتنەوەی خەڵکییانەی مەزدەکی بەشێوەیەکی سامناك سەرکوت کرابوو) چوونە عەرەبستان و یارمەتییەکی زۆری پێغەمبەری ئیسلامیان دا کە هێندەی نەبرد هەرەسی دەسەڵاتی ساسانییەکانی لیٚ کەوتەوە. ئێران بوو بە موسوڵمان، بەڵام دیار بوو کە ئیسلامی عەرەبی ناتوانیٚ ئێران بە شێوەی عەرەبستان بەڕێوەبەریٚ و خەڵك لە ماوەی چەند دەیەدا خوێندنەوەی ئێرانیی خۆیان لە ئیسلام هێنایە گۆڕیٚ. ئێستاکە هەردوو کۆمەڵگەی عەرەبی و ئێرانی تووشی خۆبەزیاتر زانین بوون. گومان لەوەدانییە کە ئێرانییەکان تووشی هەستی پان ئێرانیزم و عەرەبەکان تووشی پان عەرەبیزم بوون. تاوتویٚ کردنی ئەو دوو حاڵەتەی خۆ بەزیاتر زانینەش چەندین کتێب هەڵدەگریٚ. دوایین دەرکەوتەی ئەو حاڵەتە

هێرشی سەدام حوسێن بوو بۆسەر ئێران کە ئەو وڵاتەی تووشی شەڕێکی هەشت ساڵەی بێهوودە و کاولکەر کرد. ئێستاش لەو شێعەکوژییەی کە لە عێراقدا هەیە هەست بەوە دەکرێ ئەو حاڵەتە هەر بەردەوامە. بەگشتی دژوازییەکی ترسناک لە نێوان ئەو دوو گۆڕەپانە کولتوورییەدا هەیە. ئەگەر ئێران یارمەتیدەری بزووتنەوەگەلێکی وەکوو فەلەستین دەکات، لە هەمانکاتدا ئەو مەترسییە بە گیان دەکڕێ کە بەو کارەی ببێتە هۆی یەکگرتوویی عارەبان و دیارە کاتێک عەرەب یەکگرتوو بن یەکەمین ئامانجیان سەرکوتی ئێران و داگیرکردنی ئەو وڵاتە دەبێ. ئەو دوو کولتوورەش خاڵی هاوبەشیان زۆرە. بەڵام سێبەری ئەو دژوازییانەش لە کۆمەڵگەی ئێرانیشدا بەدی دەکرێ و ئەگەر بە جوانی تاوتوێ بکرێ دەردەکەوێ کە بەشێك لەو دیکتاتۆرییەی لە ئێراندا هەستی پێ دەکرێ هەر لەو دژوازییەوە سەرچاوە دەگرێ.

فۆرمە سەرەکی و راستەقینەکان بەڵام لە نێوخۆی کۆمەڵگەی ئێران دایە. کۆمەڵە کەسێك کە خۆیان بە موسوڵمانی راستەقینە دەزانن بەراستی پێیانوایە کە دەبێ ئەوان کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن. ئەوان لە هزرەکانی بەر لە دیموکراسیدا نوقم بوون و لاشیان وایە خەڵکی ئێران مێگەلە مەڕن، دیارە مەڕیش پێویستیی بە شوانە بۆ ئەوەی دایبەستێ و قەڵەوی بکات و بە کوشتارگەی بسپێرێ. ئەوەش دیارە ئاستی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی تا رادەیەکی ترسناک بەرز کردۆتەوە.

کێشەیەکی دیکە ئەو دژەوازییەیە کە لە نێوان دوو رەگەزی (ژن و پیاو)دا ساز بووە. ئەوە راستییەکە، کە بەشێك لە پیاوانی ئێران تووشی ئەو ساویر(وەهم)ە بوون کە ژنان جۆرێکن لە کاڵای ماڵەوە. یەکێك لەو دژوازییە گشتییانەی کۆمەڵگەی ئێران لەو ساڵانەی دواییدا هەر ئەو مەسەلەیەیە کە لە جۆری خۆیدا سەرەڕۆییەکی سامناکی دروست کردووە. لەچککردن و چارشێولەسەرکردنی بەزۆرەملی، تەشقی خۆ نواندنی ئەو حاڵەتە دەروونییەیە کە بێ گومان یەکێکە لە یەکەمین هۆکارەکانی کۆچکردنی بەربڵاوی ئێرانییەکان بۆ دەرەوە.

دووکەڵی تەواوی ئەو کێشەو دژوازییانەش دەچێتە چاوی ئیسلامەوە. خەون و خولیای هەرەسی ئیسلام لە ئێراندا کە ئایینی رەسمیی نەوەد و هەشت لەسەدی خەڵکی ئێرانە، زۆربەی دوژمنانی ئێران شاگەشکە دەکات.بەداخەوە ئەو بەشە لە هاووڵاتیان کە لەگەڵ ئیسلام بەشەڕ دێن ئەوە نازانن کە ئەگەر ئەو بەهایە هەرەس بێنێ زۆری پێناچێ بەهایەکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە کە لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکەکە بەشێوەی سروشتی لەگەڵێدا کۆك نابن و رێك ناکەون بۆ ئەوەی هەموان پێ ملی بن و قەبووڵی بکەن، دیسان بەرەو دیکتاتۆری دەچێتەوە.

لێرەدایە کە من سەرم لە تێگەیشتنی خەڵکی ئێران سووڕ ماوە. هەتا ئەم ساتەش خەڵکی ئێران بە لێوەشاوەییەکی شیاوی دەستخۆشانە پێگوتنەوە، نەیانهێشتووە کەلێن بکەوێتە نێوانیانەوە.

ئەوانە چەند خاڵێکی کورتن لەو کۆمەڵە گەورەیەی کە بووەتە هۆی دیکتاتۆریی.

**پ: لەو سەرکوت و کوشتارە بەرینانەدا هێشتا زۆر کەس لە بەندیخانە و گرتووخانەدان، و گیانی زۆربەیان لە مەترسی دایە، بەرای تۆ بەرپرسیارەتیی هاونیشتمانانی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا چییە؟**

و: ئەوەی ئێمە لە دەرەوەی وڵات لە دەستمان دێ، لەقاودانی راستییەکانە. وێدەچێ گیانی ئەو کەسانە زیاتر لە مەترسی دابێ کە کاتی خۆی چالاکی سیاسی بوون. ئێمە جارێکی لە ساڵی ١٩٨٨دا بینیمان پێنج هەزار کەس ئێعدام کران. بەڵام ئێستا دیسان لەوانەیە ئەو شتە روو بداتەوە. ئێعدام جێگەی گومانی ٢٢ قاچاغچیی مادە سڕکەرەکان جێگەی لێوردبوونەوە و باس لێکردنە. ئەرێ بەڕاستی ئەوانە قاچاغچی بوون.

**پ: چۆن لە داهاتوو دەڕوانی؟**

و: ئەمن داهاتوو بە "تاریك" و "روون" دەبینم. داهاتوو لەو بارەیەوە روونە کە ئێمە بە چاوی خۆمان دەبینین خەڵکی ئێران لە رووی هزری و تێگەیشتنەوە پێگەیشتوون. هیچ هێزێك لە جیهاندا ناتوانێ نەتەوەیەکی ئاوا بەچۆك دابێنێ.

بەڵام بە دوو هۆ داهاتوو تاریك دەبینم:

١ـ بەلای زۆربەی تاقم و گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانەوە "سڕینەوەی بەرامبەر" ئەسڵێکی چەسپاو و قەبووڵ کراوە. هێندێ لە لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەو ئەسڵی سڕینەوەیە دامەزراون و دەتوانن زیان بە بزووتنەوەی خەڵکی ئێران بگەیەنن. خۆی ئەو حکوومەتەش لەو رۆژەوە کە هاتووەتە سەرکار، لەسەر ئەسڵی سڕینەوەی بەرامبەر سوور بووە و بەو شێوەیە بە ئێعدامی بەربڵاوی جیابیران بووەتە هۆی راکردن و کۆچکردنی چەندی ملیون ئێرانی. من لەوە تۆقیوم ئەو دەوڵەتەی ئێستا لە کەری شەیتان نەیەتە خوارێ و خەڵکێکی زۆر بکووژێ.

٢ـ لەسەر ئەو باوەڕەم و لێشی دڵنیام کە ئەو دەوڵەتگەلەی بەرژەوەندییان لە ئێراندا هەیە هەمیشە وایان پێ باشە حکوومەتێکی دژە خەڵك لەسەر کاربێ. وەها دەوڵەتێك دەتوانێ بە دروست کردنی کەشی سەرەڕۆییەکی "سی ساڵە" سەری خەڵك بخاتە بن گۆمەوە. بەڵام دوایی کە بگاتە جۆرە دەسەلاتێك و بیەوێ بەرزەفڕی بکات، تووشی هەرەسی دەکەن و دەی رووخێنن. ئەوە دیارە دەبێتە هۆی هاتنە سەرکاری دیکتاتۆرییەکی دیکە لە ئێراندا.

لە کۆتاییدا دەڵێم کە تەنیا و تەنیا لە ئێرانێکدا دەکرێ بژیت کە خاوەنی هەموو بیروباوەڕێك تێیدا مافی ژیانیان هەبێ. سەیر بکەن، لە فەرەنسا هێشا حیزبێکی پادشایی هەر هەیە. کەوابوو بۆ پێشەوە بەرەو ئێرانێك کە تێیدا خوازیارانی سیستەمی پادشایەتی و کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان نەتەوەخوازەکان و ئایینییەکان و تەواوی چین و توێژەکان، تاقم و حیزب و رێکخراوە سیاسییە جۆراوجۆرەکان تێیدا مافی ژیان و دەربڕینی بیروڕایان هەبێ و ئارەزووی من ئەوەیە کە خەبات دژی شێوازی سڕینەوەی بەرامبەر کە تایبەتمەندیی کولتووره مێگەل پەروەرەکانە، یەکێك بێ لە ویستەکانی خەڵکی ئێران.

سەرچاوە:

www.akhbar-rooz.com

# ژن، له دایك سالارییەوه تا فێمێنیزم

ئا: جەماڵ نەجاری

"ناوت دەدرەوشێتەوە، لەو کاتەکەدا کە مەزنی خۆت سەلماندبێت و لەو شوێنەی کە هەر ناوێک لەسەر پیاو بێت کە لە داوێنی تۆ بووە کە پیاوانیش چوونەتە میعراج. قسە لەبارەی تۆوە دەکەم، لە تۆ کە سنوورەکانی گوناە و پاکیت پاراستووە و لە گشت کاتێکدا بۆ پاراستنی بایەخەکانی ژن بوونت بەهایەکی مەزنت بەخشیوە".

## سەردەمی کەونارا و چاخی دایک سالاری

بە خوێندنەوەیەکی چاخی کەونارا بۆمان دردەکەوێت کە ژنان لەم سەردەمەدا نەک هەر پەراوێز نەخراون، بەڵکوو بە شێوەیەکی تایبەت بەرێوەبردنی گشت کاروباری ژیان و پەروەردەکردنی منداڵانیان لە ئەستۆ بووە کە ئەم سەردەمە بە سەردەمی "دایک سالاری" یان "میردایکی" ناو دەبەین.

ئەو سەردەمە ئەو کاتە بووە کە پیاوان راوچی بوون و بۆ بەدەستهێنانی خواردن و راو لەوانە بێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ماڵ و شوێنی ژیانیان دوور کەوتبێتەوە و سەفەری دوور و درێژیان دەگرتە بەر. بەڵام بە پێی بەڵگە دەستکەوتووەکان وا پێدەچێت کە لە یەکەمین کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، نە سیستەمی دایک سالاری زاڵ بووە نە سیستەمی باوک سالاری، بەڵکو ژن و پیاو بەر لە مێژوو و لە سەرەتای مێژووشدا، ئەرک و کاری جۆراوجۆریان لەئەستۆ بووە بەڵام هاوکار و تەواوکەری یەکتری بوون و هیچ بەڵگەیەک ئەوە ناسەلمێنێت کە یەکێکیان بەسەر ئەویتریان دا زاڵ بووبێت...

## چاخی نوێی بەردینە

لە پاش سەردەمی کۆکردنەوەی خۆراک و راو، واتە لە چاخی نوێ بەردینە ژن دەبێتە خاوەنی دەسەلاتێکی مەزن و پلە و پایەی گەورە بەدەست دێنێت، چونکە لەم سەردەمەدا ئیشی ژن وەرزێری و ئیشی پیاو ئاژەڵدارییە، بەم پێیە ژن بە هۆی سەرقاڵبوونی بە کارەکەی، بە هێمای دایک و خۆشی سروشت ناو دەردەکات و ئایینی پەرستنی "خواژن" پەرە دەستێنێ.

کەوابوو سەردەمی نوێ بەردینە سەردەمی فەرمانرەوایی دایکە و تا رادەیەک لە دەسەلاتی پیاو کەم کراوەتەوە..!

لەم چاخەدا ئابووری و ئەمنیەتی بنەماڵە لە لایەن دایکانەوە دابین کراوە. لە کاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتەکان بە تایبەتی لەکاتی چوونی پیاوان بۆ راو، ژنان پەنایان بۆ ئەشکەوتەکان بردووە و ئەرکی پاراستنی منداڵەکانیان لە ئەستۆ بووە، هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە هونەری کشتوکاڵ ئامادە کردنی خواردنیش لە ئەستۆی ئەوان بووە و لە تەنیشت کاری کشتوکاڵی سەرقاڵی رستن و چنین بوون بۆ دابین کردنی جل وبەرگ و لەم سەردەمەدا کە ئامێری دروست کردنی گۆزە داهێندرا بۆوەوە هۆی ئەوەی ژنان پلەیەک لە پێشەوەی پیاوانەوە بن.

ویل دۆرانت لەبارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دایک سالاری لەم سەردەمەدا لە لاپەرە ٣٨ ی کتێبی "ژن بە گومانی مێژوو" بەم شێوەیە دەنووسێت: " لەو کاتەوە کە مرۆڤ توانی دەرزی و دەرزیلە دروست بکات بە کاری رستن و چنینەوە سەرقاڵ بوو، هێدی هێدی ریفی ناسکتر و جوانتری بەکار هێنا و و کاری رستن و چنین بوو بە هونەری ژنان. داهێنانی ئامێری دروستکردنی گۆزە بووە هۆی ئەوەی باری ئابووری پیاوان بەرەو پێشەوە بچێت و رووتێکردنی ژنان لەم کارە بە زەوقە هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی باری ئابووری خۆیان ببوژێننەوە و دەسەلاتی ژن سالاری خۆیان وەدەست بێننەوە.

لەم سەردەمەدا ژنان و دایکان ئەرکی سەرپەرەشتیی منداڵان و کەسانی پیر و بەساڵاچوویان لە ئەستۆ بوو، ئەو کەسانە لە ژێر چاودێری ژنان دا بوون و ژنان و دایکان لە کاتی بارینی بەفر و باران و رووداوی لافاو و تۆفان پەناگەیەک بۆ خۆیان و دەورووبەرەکانیان دابین بکەن و چاودێریان بکەن. لێرەوە زۆربەی مرۆڤناسەکان دروست کردنی پەناگە و خانوو بۆ ژنان دەگەرێننەوە، چونکە ژنان پێویستیان بە سەرپەنایەکی خۆراگر بوو بۆ پاراستنی خۆیان و دەورووبەرەکانیان لە کاتی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ رووداوە سروشتییەکان، هەر ئەمەش هۆی سەرەکییە بۆ دروست بوونی ئەم گومانە لای مرۆڤناسەکان.

## بەردەوامی دایک سالاری

بە پێی خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی بەراوردکاری کە لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکانی ئەم سەردەمە کە پاشماوەی چاخی نوێ بەردینەیە دەرکەوتووە ئەم شێوە کۆمەڵگەیانە لە بەشی دورگەکانی نیوەی باکووری زەوی باشووری ئۆقیانووسی ئارام و ئەمەریکای باشوور و بەشێک لە دورگە تازە ناسراوەکانی ئەمەریکای ناوەندی و ناوچە دوورهەڵکەوتووەکانی باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا بوونیان هەبووە و تا ئەمرۆش هەر بە شێوەی سیستەمی سیاسی – کۆمەڵایەتی "دایک سالاری" ژیان بەسەر دەبەن.

لە راستیدا لەو قۆناغەی مێژوودا، مێردان و پیاوان بەرەو گوندی هاوسەرەکانیان دەرۆن. مافی جیا بوونەوە و پەروەردە کردن و چارەنووسی منداڵ لە دەست دایک دایە و کچان بۆ هەمیشە لای دایکیان دەمێننەوە و کوران دوای گەیشتن بە تەمەنی باڵق بوون بە دوای هاوسەرەکانیان بەرەو گوندی ئەوان بار تێکدەنێن، دووبارە بۆ رابردوو دەگەرێنەوە . دابین کردنی سەرپەنا و خانوو بۆ ئەندامانی بنەماڵە لە دەسەلاتی دایک دایە و یەکێ لە گرنگترین ئەرکەکانی ژنان لەم چاخە دا پاراستن و ئاگاداری ئاگرە.

داگیرسانی ئاگر ئیشێکی سادە نەبووە و لەبەر ئەوەی پیاوان هەمیشە بە شوێن راوەوە بوون و زنەمسیاتر لەوەی لە تەنیشت بنەماڵەیان بن لە سەفەردا بوون، کەوابوو دەبوایە بۆ پاراستنی گەرما و دابین کردنی رووناکی ئاگاداری ئاگر دەبوون. بێ شک پەیوەندی لە مێژینەی نێوان دایکان و ئاگر و ئاگردان هێمایەک بوو بۆ ئەم شێوەیە و ئەرکی هەرە گرنگی ژنان بووە و هەیە.

بەم شێوەیە بوو کە ژن هاتە ناو دونیای ئوستوورە و بەم پێیە دەکرێ بە ئاسانی لە بایەخی ژنان لە قۆناغگەلی بەر لە مێژوو و پاش مێژوو بگەین، لە راستیدا تەنیا ئەم ئەرکانە



نەبوونە هۆی ئەوەی ژنان خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە بن، بەڵکوو بردار کردن و پەروەردە کردنی منداڵیش بایەخی تایبەت بە خۆی هەبووە .لە راستیدا لە سەردەمی دایک سالاری دا ژن تەنیا وەک ئیلاهە و هێزێکی خوایی پیرۆز و جێی رێز بوو، چونکە لە گەڵ زایینی منداڵ پیت و بەرەکەت بە بوونەوەرانی جیهان دەبەخشێت.

ژن لە سەردەمی دایک سالاریدا بە وێنەی چاوگەیەکی لەکوڵ وایە و بە شیردانی منداڵەکانی ژیان و ژینیان پێدەبەخشێ و هەر بەم هۆیەیە کە لە قۆناغگەلی پاش مێژوو ژنان بە ئیلاهەی ئاو لە ناو ئوستوورەکاندا ناو دەبەن.

**پێشکەوتنەکانی پشت بەستن بە ژنان**

کەونارناسان هەموو شێوە پێشکەوتن و پێشەوەچوونێکی مرۆڤ لە سەردەمی دایک سالاریدا راستەوخۆ بۆ خودی ژنان دەگەڕێننەوە تەنانەت باوەڕیان وایە کە ئاخاوتن بە شێوە سەرەتاییەکەی لە لایەن ژنانەوە داهێندراوە، رەنگە هۆکاری ئەوەی کە ئەو بۆچوونە لە ناو زەینی کەونارناسان دروست بووە بۆجێگیر بوونی ژنان و پاراستنی لە شوێنی ژیانی گشتی بگەڕێتەوە کە پێویستیان بە دروستبوونی پەیوەندی لەتەک یەکدا هەبووە و لەبەر ئەوەش کە زۆربەی پێداویستەگەلی پێویست لە لایەن دایکانەوە دابین کراوە، کە واتە دەکرێ وا سەیری ئەم گومانە بکەین کە نزیک لە راستی بێت.

لە چاخی دایک سالاریدا پێناسەی منداڵ دەچێتەوە سەر دایک و میراتیش بە خزم و کەسوکاری دایک دەبڕێ. منداڵ بە ناوی دایک دەناسرێتەوە. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەم خاڵە گرنگە بکەین کە کە دایکان لەم چاخەدا فەرمانڕەواییان نەکردووە و چەمکی دایک سالاری بە واتای دەسەڵاتداریتی تەواوی ژن بەسەر پیاو دا نییە، لە راستیدا ئەوەی بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم سەردەمە بابەتگەلی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە.

" ویل دۆرانت" لەسەر ئەم باوەڕەیە کە " ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان ژن و پیاودا دروست بووە لەو سەردەمەدا بەرچاو نەکەتووە، ئەم جیاوازییە زیاتر خۆی لە بارودۆخی ژیان و دەورووبەردا دەبینێتەوە، ئەگەر چاوپۆشی لە نەبوونی توانایی ژینگەناسانەی ژن بکەین لەو کاتەدا لە ئاستی باڵابەرزی و لەسەرخۆبوون و چارەسەردۆزی و ئازایەتی هیچیان لە پیاو کەمتر نەبوو و پیاو بە چاوی رازێنە و خشڵ و روانگەی زایەندییەوە سەیری ئافرەتی نەکردووە، بەڵکوو بوونەوەرێکی بەهێز بووە کە دەیتوانی کاتێکی زۆر بۆ ئەنجامدانی کاری دژوار بەسەر ببات و لە کاتی پێویستیشدا لە رێگەی منداڵان و خێڵەکەی تا ئاستی مەرگ شەڕی کردووە".

**پیاوان دەگەڕێنەوە**

بەڵام لە کۆتاییدا سەردەمی دایک سالاریش بە شەکەتی و هیلاکی پیاوان لە سەفەرە دوور و درێژەکان بۆ بەدەستهێنانی راو هێدی هێدی کۆتایی پێدێ. پیاوان کە لە راو کردن ماندوو ببوون، روو دەکەنە کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و ئەمەش بە سەرەتای قۆناغی خاوەنداریتی دەژمێردرێ. خاوەنداریتی بەسەر گشت شتێکدا و داواتر بە سەر ژنانیشدا؛ مێرد بوونە خاوەنی دەسەڵات بەسەر ژندا و ژنی لە مافەکانی خۆی بێبەش کرد.

لە چاخی ئاسندا بە پێچەوانەی قۆناغی دایک سالاری ئیتر ژن و پیاو بە شێوەیەکی یەکسان و بەرانبەر ئەرک و کاروبارەکانی خۆیان دابەش نەدەکرد و لە راستیدا چاخی باوک سالاری سەر هەڵدەدات

**فێمینیزمی رۆژئاوا**

مێژوو بە کەند و کۆسپەکانەوە بەرەو پێشەوە دەچێت. بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا رەوتێک لە رۆژئاوا دەست پێدەکا بە شێوەیەک کە لە هەوڵی دووبارە بەدەستهێنانی چاخی دایک سالاری بوو.

ئەم رەوتە لە جیهاندا بە نێوی "فێمینیزم" دەناسرێت کە لە کۆمەڵگەی لیبرالی سەرمایەداری لەم رەوتە بە مەبەستی بەرگری لە ئازادی ژنان ناوی دەبردرێت. ئەم رەوتە لە رێی نووسین و وتارەکانەوە لە سەدەی حەڤدەی زایینییەوە دەستپێدەکات و دوو سەدە دواتر بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو پەرە دەستێنێت.

شەپۆلی دووهەمی ئەم رەوتە لە دەیەی شەستی زایینی سەدەی ئێستا روو دەدات؛ فێمینیزم لە ئاستی وەرگرتنی گەرەنتییە یاساییەکان دەردەچێت و بۆ بیرۆکەیەک کە زێدەڕۆیی تێدا کراوە دەگۆڕدرێ و دەبێتە هۆی ئەوەی تا بابەتی ژن لە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ فۆرمێکی ئیدئۆلۆژیک گۆڕانی بەسەر دا دێت.

**جیاوازییەکانی دایک سالاری لە تەک فێمینیزم دا**

بەڵام ئەوەی ئەمرۆکە لە چوارچێوەی فێمینیزمدا لە تەک سیستەمی دایک سالاریدا دێتە بەرباس جیاوازییەکی زۆریان هەیە. لە سیستەمی دایک سالاریدا ژنان هەرگیز بە شوێن ئەوە نەبوون کە خۆیان بەرزتر و بەهێزتر لە پیاوان دەربخەن بەڵکوو ئەوەی ئەوانی بەم بەرێوەبەرایەتییە گەیاندبوو، بارودۆخی تایبەت بە ژیان بوو. ئەم پێویستییە کۆمەڵایەتی و سروشتیانە بوون کە سەردەمی "مێر دایک" یان دروست کرد نەک هەستی مەزنخوازی یان بە دەسەڵات گەیشتنی رەها لای ژنان.

ئەگەرچی ئەمرۆکە لە روانگەی زۆربەی لایەنگرانی فێمینیزم ئەم بۆچوونە هەیە کە ژنان لە سەرووی پیاواندا دەخەنە بەر باس و بە جێی هێنانە ئارای بەرانبەری و یەکسانی ژن و پیاو بە شوێن گەیشتن بە دەسەڵاتداریتی رەهای ژنن بەسەر پیاودا.

# ١ی دیسامبر رۆژی خەبات بە دژی ئێیدز

**ئا: ئایەت مورادی**

١ی دیسامبر رۆژی جیهانی خەبات بە دژی ئیدزە، بە پێی راپۆرتی رۆژنامەی "همشهری" بەرپرسانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاپۆرتێکی ناتەبایان لە سەر ڕێژەی تووشبوان، و هەروەها رەوتی بەرەو پێشچوونی ئەم نەخۆشییە بڵاو کردۆتەوە کە پیشان دەدا هێشتا ئامارێکی دروست لە رەوتی بەرەو پێشچوونی ئەم نەخۆشییە لە ئێراندا لە بەر دەست دا نییە.

رادیۆ ئاڵمان لە راپۆرتێکدا نووسیویەتی کە وەزارەتی لەشساغی ئێران رایگەیاندوە کە لە سێ مانگی دووهەمی ئەمساڵدا ژمارەی قوربانیانی نەخۆشیی ئێیدز ٩٤ کەس زۆرتر لە سێ مانگی یەکەم بووە، بە پێی ئەم سەرچاوەیە لەم ماوەیەدا رۆژانە یەک کەسی تووشبوو بەم نەخۆشییە کۆچی دوایی کردووە.

لە لایەکی دیکەوە بە پێی راپۆرتی فەرمی وەزارەتی لەشساغی ئێران کە لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ بڵاو بۆوە، لە بەهاری ئەمساڵدا ٣٣١٥ کەس بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی ئێیدز گیانیان لە دەست داوە لە کاتێکدا ئەم ژمارەیە لە هاویندا بۆ ٣٤٠٩ کەس بەرز بۆتەوە.

بە پێی ئەم راپۆرتە لە سێ مانگی دووهەمی ساڵی ١٣٨٨ ژمارەی تووشبوانی ئیدز ٩٤ کەس زیاتر لە سێ مانگی یەکەم بووە، ئەم راپۆرتە روونی کردوتەوە کە لە سێ مانگی دووهەمی ئەمساڵدا رۆژانە زیاتر لە یەك کەس بە هۆی تووشبوون بە ئێیدز گیانیان لە دەست داوە.

وەزارەتی لەشساغی ئێران هەروەها رایگەیاند تا ڕێکەوتی یەکی مانگی رەزبەری ١٣٨٨، بە گشتی ٢٠ هەزار و ١٣٠ کەسی تووشبوو بە نەخۆشی ئێیدزیان لە ئێران ناسیوەتەوە، ئەوە لە کاتێك دایە بە وتەی "جێگری ئەنجومەنی پشتیوانی لە نەخۆشانی عفونی وڵات" لێکۆڵینەوەکان وا نیشان دەدەن کە زیاتر لە ٨٣ هەزار تا ١٢٠ هەزار کەسی توشبوو بەم نەخۆشییە لە ئێراندا هەیە.

ئاماری وەزارەتی بێهداشت سەبارەت بەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی ئێیدز بوونە، روونی کردەوە تا کۆتایی هاوینی ئەمساڵ دوو هەزار و ٩٧ کەس تووشی نەخۆشی ئێیدز بوون. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم رێژەیە لە ئەمساڵدا ١٩٧٥ کەس راگەیەندراوە. پێویست بە وتنە ٩٣ لە سەدی تووشبوانی نەخۆشی ئێیدز لە ئێراندا لە پیاوان و ٣ لە سەدی ئەم نەخۆشییە لە ژنان پێك دێ.

**شێوەکانی تووشبوون بە ئێیدز لە ئێران بەردەوام لە حاڵی ئاڵ وگۆڕ دایە**

بە پێی سەرچاوە فەرمیەکان ٧٦/٦ لە سەدی تووشبوانی ئیدز لە ڕێگەی تەزریق و ١٣/٣ لە سەدی لە ڕێگەی پێوەندیی جینسی نادروست تووش بوون. جێگای ئاماژەیە کە لە ساڵی ١٣٨٧، ٦٩/٥ لە سەدی تووشبوانی ئەم نەخۆشییە لە ڕێگەی سورەنگی هاوبەش و ٨/٥ لە سەدی لە ڕێگەی پێوەندیی جینسیەوە بەم نەخۆشییە تووش بوون. بە واتایەکی دیکە ڕێژەی ئەوانەی کە لە ڕێگای سێکسەوە تووشی نەخۆشی ئێیدز دەبن رێژەیان روو لە زیاد بوون.

شایانی باسە بە پێی لێکۆڵینەوەی چەندین لێکۆڵەری سەربەخۆ، سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەو ئاقارێك تێپەڕیوە کە رۆژ لە دوای رۆژ تووشبوانی ئێعتیاد لە ئێراندا بەرەو زیادبوون دەچێ و رۆژانە چەندین کەس لە ڕێگای ئێعتیادەوە تووشی ئێیدزیش دەبن.

بێکاری، گرانی، نەبوونی ئیمکاناتی سەرگەرمی بۆ لاوان، دابین نەکردنی ئیمکاناتی پێویست لە لایەن حکوومەتەوە بە مەبەستی خوشگوزەرانی لە نێو لاوانی وڵاتەکەمان کە زیاتر لە ٧٠ لە سەدی وڵات پێك دێنن بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری لاوانی تووشبوو بەم دیاردە ناحەزە ببنە سووتەمەنی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی
ایران پرس نیوز



# خوێناوی بوونی میز

ن: یوسف فاروق
ئا: رەحمان مەحموودی

خوێناوی بوونی میز یا سووربوونی میز نابێ کەمتەرخەمی لێبکرێ چ لە لایەن نەخۆشەوە، چ لە لایەن پزیشکەوە، چونکە بە نیشانەیەکی گرینگ و ترسناك دادەنرێ و دەبێ زوو بە دوای هۆکارەکەی دا بگەڕێین و بیدۆزینەوەو چارەسەری بکەین.

*خوێناوی بوونی میز دابەش دەکرێ بە:

١ـ خوێناوی بوونی میز وێڕای ئازاری زۆر painful hematuria: کە نەخۆش ئازار دەدا و نیگەرانی دەکاو وای لێ دەکا بە دوای چارەسەری دا بگەڕێ بۆ لابردنی ئازارەکەی. هۆیەکەی بە زۆری هەبوونی بەرد لە رێڕەوی میز، هەوکردن، ... دەگەڕێتەوە.

٢ـ خوێناوی بوونی میزو بێ ژان و ئازار painless hematuria: لەو جۆرەدا نەخۆش زۆر بایەخی پێ نادا و نیگەران نابێ چونکە ئازاری نابێ کەچی ئەو جۆرە زۆر مەترسیدارەو لەوانەیە هۆیەکەی گرێ یا زیادە گۆشت بێ.

*خوێناوی بوونی میز بە گوێرەی کاتی هاتنە خوارەوەی خوێنەکە دابەش دەکرێ بە ٣ بەش:

١ـ سەرەتای میزکردن خوێناوی دەبێ initial hematuria: بە زۆری لە نەخۆشییەکانی پرۆستات و بەشی پشتەوەی چووك دا (anterior urethra) دەبێ.

٢ـ کۆتایی میزکردن خوێناوی دەبێ (Terminal hematuria)

٣ـ سەرتاسەری میزکردن خوێناوی دەبێ (Frank hamaturia): لە نەخۆشییەکانی میزەڵدان، گورچیلە، بۆڕی میزو شێرپەنجەی میزەڵدان یا گورچیلە دەبێ.

*هۆیەکانی:

١ـ هەبوونی بەرد (Ston) لە گورچیلە، لولەی میز، میزەڵدان، چووك، جووڵانی ئەو بەردانە دەبێتە هۆی داڕووشانی ناوپۆشی (دیوار). ئەو ئەندامانەو لە ئاکام دا خوێن دەڕژێتە ناو میزو سووری دەکا.

٢ـ هەوکردن (Infection) (عفونت کردن) هەوکردنی زۆری گورچیلە یا میزەڵدان.

٣ـ گرێ یا شێرپەنجە لە گورچیلە، بۆڕی میز، میزەڵدان، چووك کاتێك دەبێتە هۆی بریندار کردنی ناوپۆشی بۆرییەکانی خوێن.

٤ـ گەورەبوونی پرۆستات یا شێرپەنجەی پرۆستات.

٥ـ سیل (ئازار باریکە) (Tuberculosis): سیلی گورچیلە یا میزەڵدان بە تایبەتی کاتێك بریندار دەبێ.

٦ـ بریندار بوون Injury: بە هۆی چەقۆ، گوللە، بەربوونەوەی بە سەر شتێکی تیژ یا هەر زەبرێکی دیکە بەر گورچیلە یا رێڕەوی میز بکەوێ.

٧ـ هۆکاری دەستکرد لە ئاکامی ناشارەزایی لە دانان یا دەرهێنانی سۆندی میز کە دەبێتە هۆی برینداركردنی دیوارەی چووك و خوێن بەربوونێکی زۆر.



٨ـ دوای نەشتەرگەری operatire hematuriapost:

A: دوای بەکار هێنانی روانینی چووك و میزەڵدان

B: دوای ئەنجام دانی نەشتەرگەری بۆ گورچیلە لەو کاتەدا بە نیشانەیەکی باش دەزانرێ لە سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکە، چونکە دووبارە وەکار کەوتنەوەی گوچیلەکە نیشان دەدا.

C: دوای نەشتەگەری پرۆستات کە نزیکەی دوو رۆژ میز خوێناوی دەبێ و پێویستی بە شۆردنەوەی میزڵدان دەبێ.

*نۆرین Investigation:

١ـ نۆرینی میز G.U.E (ئازمایشی میز) لە ژێر میکرۆسکۆپ میزی نەخۆشەکە چاو لێ دەکرێ بۆ دیتنەوەی خرۆکەی سووری خوێن (گلبولهای قرمز) Hematuria ( microscopic) چونکە هێندێك جار خرۆکە سوورەکان کەمن رەنگی میزەکە ناگۆڕن تەنها بە میکرۆسکۆپ دەبینرێن.

٢ـ نۆرینی تیشکی ئیکس x- Ray: گرتنی عەکسی گورچیلەکان، بۆ دیاری کردنی گورچیلە، بۆڕی میز، میزەڵدان (K.U.B)

٣ـ نۆرینی رەنگی I.U.V (عکس برداری رنگی کلیەها): بریتییە لە رەنگ کردنی گورچیلە، بۆڕی میز، میزەڵدان بۆ دیاری کردنی بەردەگرێ، ئەستوور بوون، شێرپەنجە، برینداربوون، سیل و تێك چوونە زکماکییەکان.

٤ـ نۆرینی....: سۆنەر (ئەندوسکۆپی) کە یارمەتیدەرە بۆ دیاری کردنی قەبارەی گورچیلەکان، میزەڵدان، پرۆستات، هەبوونی بەرد، گرێ، ئەستوور بوونی توورەکەی گورچیلەکان، بریندار بوون و کۆبوونەوەی خوێن.

چارەسەر کردن Treatment:

١ـ چارەسەر کردن بە دوای هۆکارەکان واتە دوای دۆزینەوەی هۆکارەکە.

٢ـ لابردنی ژان و ئازار بە چەند دەرمانێکی ئازارشکێن Analgescs.

٣ـ ئەگەر باری گشتی نەخۆشەکە خراپ بوو لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوەو سێرۆمی Ivfluid بۆ دادەنرێ و لە کاتی خوێناوی بوونی میزی سەرتاسەری خوێنی بۆ ئامادە دەکرێ.

تێبینی:

١ـ هەندێ جار رەنگی میز سوور یا پەمەیی دەبێ بە هۆی خواردنی رەنگدار وەکوو کرێمی رەنگاورەنگی سەر کیك و بەستەنی و ...

٢ـ هەندێ دەرمان کە رەنگی میز دەگۆڕن وەکوو یوریسێیت Uricepet، ریفامپیسین Rifampicin

٣ـ لە نەخۆشی زەردوویی رەنگی میز پەمەیی یا سوور دەبێ بە هۆی زۆر دەردانی ئاو کە جێگای مەترسی نیە.

# ئێیدز نەخۆشی سەدەی بیستەم

**خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری "ژنان"**

**هاوڕێ و هاوکاری هەمیشەیی گۆڤاری "ژنان" سەید جەلال ساڵحی کتێبی "ئیدز، نەخۆشی سەدەی بیستەم" کە لە کۆکردنەوەی "آرمان کیوان نیا"یە، وەڕی گێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی کە ئێمە لێرەدا دەستخۆشی لێ دەکەین و هیوادارین بۆ خزمەت کردنی نەتەوەکەمان بەرهەمی تریشی هەبێ و هەروەها هەمیشەش هاوکارو خەمخۆری گۆڤارەکەمان بێ. هەر بەو بۆنەیەوە پێمان خۆش بوو چەند پرسیارێکی لەسەر ئەم وەرگێڕانە لێ بکەین.**

**پ: سەرەتا دەستخۆشیتان لێ دەکەین بۆ ئەم وەرگێڕانە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم کتێبە چی بوو؟**

و: سپاستان دەکەم. زۆر سوپاس لەوەی کە ئەو دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم تاکوو لە ڕێگای گۆڤارەکەتانەوە هەڵوەستەیەکی زیاتر سەبارەت بەو کتێبە کە لەسەر نەخۆشی ئیدزە، بکەین. دیارە زۆر کتێب کە چاپ و بڵاودەبنەوە ڕەنگە پێویست بەوە نەکا تا لەسەری بدوێی، بەڵام بۆ ئەمە پێم وابێ لە گەڵ زۆر کتێبی دیکە فەرقی هەیە، نەك لەبەر ئەوەی ئی منە و تەبلیغاتی بۆ بکەم، بەڵکوو بەخاتری ئەوەی باس لە نەخۆشییەك دەکا کە دونیای لەنێو پەنجەی تێك شکێنەری خۆی ناوەو بەردەوام هەڕەشەمان لێ دەکا. بۆیە چینی گەنج و لاو بە تایبەتی دەبێ زیاتر ئاگایان لەخۆ بێ و لە وردەکارییەکانی زانیاری زیاتریان هەبێ.

بەر لە هەموو شتێك لە سەر ئیزنی نووسەر و وەرگێڕە بە تواناکانی نەتەوەکەمان، چونکە خۆم بە شیاوی ئەوە نازانم کە بڵێم نووسەر یان وەرگێڕم و نە ئەو ئیددیعایەش دەکەم. بەڵام بە پێی هۆگر بوونم بەو کارە ناوە ناوە خۆم تێ هەڵقوتاندوەو دەستم بۆ پێنووس بردوە. کتێبی



**"ئیدز، نەخۆشیی سەدەی بیستەم"** یەکێك لەو بەرهەمانەیە کە تازە کەوتۆتە بازاڕەوەو باسی نەخۆشیی ئایدز دەکا کە لە زمانی فارسییەوە وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، بەو هیوایە کە بۆشاییەکی گچکۆکەی کتێبخانەی کوردی پێ پڕ بووبێتەوە، ئەگەر کەم و کوڕییەکیشی هەیە بە گەورەیی خۆتان بم بوورن. دیارە وەك خۆم زۆردەمێك بوو پێوە بووم لەسەر ئەو نەخۆشییە زانیاری زیاترم هەبێ، چونکە هەر ئەوەندەم لێ دەزانی کە ئەو نەخۆشییە خەتەرناکە و لە ڕێگای سێکسەوە دەگوازرێتەوە. هەر لەو ڕوانگەشەوە دەم زانی زۆری دیکەی وەك من هەن کە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەری نیە و بە ڕادەی پێویست لە مەترسییەکانی ئاگادار نین، لەوەش گرینگتر بەداخەوە کتێبخانەی کوردی زۆر بە کەمی کتێبی زانستی ئەویش بە تایبەتی لەسەر کاروباری دەرمانی بە گشتی لێ وەدەست دەکەوێ و زۆر بە ئاشکرا ئەو بۆشاییەی هەست پێ دەکرێ، هەروەها بە حوکمی کارەکەم و هۆگری زیاترم لەو بوارەدا قۆڵم لێ هەڵماڵی و لە ماڵپەڕە ئەنتەرنێتییەکان بەدوادا گەڕانێکی باشم بۆ کرد تا ئەوەی تووشی ئەو نووسراوەیە بووم. سەرەتا بۆ خۆم کە خوێندمەوە زۆرم پێ جالب بوو، چونکە بەڕاستی زۆر شتی تازەی تێدا بوون کە تا ئەوکات نە دەم زانین و نە بیستبوومیشن. بۆیە بڕیارم دا بیکەمە کوردی تا ئەوەی کە کتێبێکی زانستی بە کتێبخانەی کوردی زیاد بێ و هەمیش زانیارییەکی زیاترم لە سەر ئەو نەخۆشییە بە زمانی زگماکی بە کۆمەڵگاکەم و خوێنەرانی ئەو بوارە دابێ. سەرەڕای ئەوەش ئیدز نەخۆشییەکە پاش نزیك بە ٣٠ ساڵ لە ناسینی و بە قەول لە سەدەی ٢١دا بەو هەموو پێشکەوتنی عیلم و زانستەوە ئێستاشی لە گەڵ بێ سەرسووڕمانی پسپۆڕانی ئەو بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو لەبەرامبەریدا دەستەوەستانن و نەیان توانیوە دەرمانێکی بنبڕکراو یەکجارەکی بۆ بدۆزنەوە؟! بۆیە زیاتر ئەو مەسەلانەش بوون کە ببێتە هۆی ئەوە دەست بکەم بە وەرگێڕانی، چونکە دوژمنانی نەتەوەکەمان بەشی هەرە زۆری هەوڵ و تێکۆشانیان ئەوەیە کە لەوجۆرە نەخۆشییە مەترسیدارانە لە نێو چینی گەنج و لاوی کورد بڵاو بکەنەوە بۆ ئەوەی ئیتر بیری کوردایەتی و ئازادیخوازی لە مێشکیان دا پەرە نەستێنێ. جا چ بە ناردنی ئافرەتانی تووشبوو و تێوەگلاو بەو ڤایرۆسە یان بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان؟! بۆیە بۆ هەر تاکێکی کورد پێویستە زیاتر لە وردەکارییەکانی ئەو نەخۆشییە بکۆڵێتەوەو ئاگادار بێ، بۆوەی خوای نەکردە ڕۆژێك لە ڕۆژان تێوەنەگلێ؟!

**پ: ئەم بەرهەمە چەندە دەتوانێ بۆ خوێنەر کاریگەر بێ؟**

و: دیارە ئینسان هەر نووسراوەو کتێبێکی کە دەی خوێنێتەوە بێگومان شتێکی هەر لێ فێر دەبێ و شتێکی تازەی بۆوی تێدایە. ئەم کتێبەش لەو قاعیدە بەدەر نیە. ڕەنگە کەم کەس هەبێ کە ناوی ئەو نەخۆشییەی






نەبیستبێ، بەڵام کەم کەسیش هەیە بە تەواوی ئاگاداری وردی لەسەری هەبێ. ئەم کتێبە هەر لە سەرەتای چیرۆکی سەرهەڵدانی ئیدزەوە باس دەکا تا دەگاتە نیشانەکان، قۆناغەکان، ڕێگاکانی پێشگیری و ... هتد. باس لەو نەخۆشییە مەترسیدارە دەکا کە زیاتر لە ٢٥ ساڵ لە ناسینی تێ دەپەڕێ و زیاتر لە ٣٠ ملوێن کەسی کوشتوە کەچی ئێستاش هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە! کەواتە خوێنەر بە خوێندنەوەی زیاتر لەو نەخۆشییە نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە چین و بە چ قۆناغ گەلێکدا تێدەپەڕێ و لەهەمووش گرینگتر ڕێگاکانی پێشگیری لێ کردنی کامانەن تا زیاتر ڕەچاویان بکا و لێی دوور وەکەوێ، دەگا.

**پ: نەخۆشی ئیدز چەندە کاریگەری لە کۆمەڵ دا هەیە؟ بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ئێران دا (کاریگەرییەکان چین؟).**

و: ئەگەر چاو لێ بکەین و کەمێك زیاتر لێی خورد بینەوە دەبینین کە هەموو کەس واتە ژن و پیاو، پیرو گەنج، هەژارو دەوڵەمەند، بەهۆی پێوەندی سێکسی لە گەڵ مرۆڤی تووشبوو بە ڤایرۆسی HIV تێوەدەگلێ و بە پێی سیستمی بەرگری لەشی کەسەکەش، چونکە مرۆڤێکی لەش بەبار و نەخۆش زووتر لێی وەدەر دەکەوێ و لە بەرامبەریدا بەرگری کەمتری هەیە تا کەسێکی ساغ، کەواتە بەو پێیە ١٠ تا ١٧ ساڵ دەخایەنێ تا کەسی تووشبوو ئەو نەخۆشییەی لە باری زاهیرییەوە لێ وەدەردەکەوێ یانی لەوماوەیەدا هەڵگری ئەو ڤایرۆسەیە و بە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ گوازەرەوەیە. بە گشتی کەسێکی هەڵگری ئەو ڤایرۆسە چ ئەوەی خوێنەکەی بدرێ بە نەخۆشێك، چ ئەوەی بەو سۆڕەنگەی کە دەرزی پێ لە خۆی داوە بۆ کەسێکی ساغ بەکار ببرێ(زیاتر لە نێو مۆعتادەکان دا باوە)، چ لە ڕێگای پێوەندی سێکسەوە لە پاش و پێشەوە هیچ فەرقی نیە و ... هتد، هەمووی ئەمانە ڤایرۆسەکە دەگوازنەوەو مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵگا، کەواتە ئەوانەی کە بەردەوام وەشوێن مەسەلەی سێکس دەکەون(ژن و پیاو) و خۆشیان لە چوون بۆ تاقیگە دەشارنەوەو فەحس ناکەن، چونکە یەکەم ئەوەی کە بۆ خۆیان نازانن ئایا تووشی ئەو نەخۆشییە بوون یان نا؟ دووەم لەوەش دەترسێ کە ئەگەر تووشی بوو چۆن لە کۆمەڵگادا درێژە بە ژیان بداو ئەگەر خەڵکیش هەستیان پێ کرد لێی دوور دەکەونەوە یانی بە شێوەیەکی ئۆتوماتیکی کۆمەڵگا لە نێو خۆیدا جێی ناکاتەوە. بە ناچار تووشی ناهومێدی و تەنانەت دەست بۆ خۆکوژیش ببا. بۆیە ئینسان هەر کە ناوی نەخۆشییەکە دەبیستێ بە خۆی نیە لێی ڕادەکا وەك ئەوەی کە ئیزرائیلی هەمیشە لەبەر چاوان زەق بووبێتەوە. کەواتە وەبەرچاوگرتنی ڕێنماییەکانی بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵ پێویستە. ئیتر بواری ماددەیەکەشی لەولا بوەستێ. لە گەڵ ئەوەیدا کە تەواوی جیهان بە تایبەتی پسپۆڕانی بواری پزیشکی لە هەوڵی ڕێگا چارەی دان، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران وەك چەکێك بەکاری هێناوەو ئەو ئافرەتانەی کە دەزانێ گیرۆدە بەو نەخۆشییەن دەیان نێرێتە کوردستان و بە قەول بە نرخێکی هەرزانتر لاو و گەنجەکان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن کە کاری سێکسییان لە گەڵ بکەن. سروشتیشە یەك جار کاری سێکسی بەسە بۆ تووشبوو بوون بەو نەخۆشییە؟! بۆیە لاوانی کورد دەبێ زۆر لەوە وشیارتر بن کە لە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە حاڵی بن و بزانن کە کۆماری ئیسلامی چ جۆرە سیاسەتێکیان بەرامبەر دەکا و چۆنیان بە لاڕێدا دەبا؟ دەنا ئێران بەشی تەندروستییەکەی وەك خۆی زانیاری بە کەڵکیشیان داوە بە خەڵك و هەنگاویشیان بۆ هەڵ گرتۆتەوە، بەڵام وەك سەرانی باڵادەست و سیاسەتمەداری ئەو ڕێژیمە ئەوەیە کە دەی بینین و دیومانە؟!!

**پ: بەڕێزت کە هاوکاری هەمیشەیی گۆڤار بووی چ پێشنیارێکت بۆ باشتربوونی گۆڤارەکەمان هەیە؟**

و: هیوادارم ئەو ناوە ناوەیە کە وتاریکم بۆ ناردبێتن، خوێنەرە بەڕێزەکان سوودی خۆیانیان لێ وەرگرتبێ و بە کەڵك بووبن. یەکەم مەرجی سەرکەوتنی هەر بڵاوکراوەیەك ئەوەیە کە لەو کاتەی کە بۆی دیاری کراوە واتە ڕۆژانەیە، وەرزی- یە، مانگانەیە یان ئەوەتا حەوتووانەیە بێ ئەوەی وەدوا بکەوێ لە وەختی خۆیدا بگاتە دەستی خوێنەر، چونکە خوێنەر چاوەڕوانە و ئەگەر وەدرەنگ کەوت بە بێ ئەوەی بۆ خۆی هەستی پێ بکا وردە وردە لێی دەتەکێتەوەو لەوەش گرینگتر لە ئەرزش و بایەخی بڵاوکراوەکەش کەم دەکاتەوە. بۆیە بایەخ دان بە وەختی بڵاوکردنەوەکەی یانی لەسەری وەخت دا بگاتە دەستی خوێنەر، زۆر گرینگە.

مەرجی دووەم ئەوەیە کە ئەو بڵاوکراوە ناوەکەی چیە و سەر بە کوێیە؟ زیاتر لەو بوارەدا شتی تێدا بڵاو بکرێتەوە. بۆیە گۆڤاری ژنانیش کە تا ئێستا هەوڵی داوە بەشی هەرە زۆری وتارەکانی لەسەر ژنان و کێشەکانی پێوەندیدار بە ژنانەوە بن و تا ڕادەیەکیش چۆتە پێش. بەڵام ئەگەر ئاوڕێکی جیددیتر لە مەسەلەی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بداتەوە یانی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی- یەکان، کێشەکانیان، هۆیەکانی تەڵاق و لێك جیابوونەوەیان کە ئێستا لە ئێران زۆری پەرە سەندووەو بۆتە دیاردەیەکی ڕۆژ، لەسەر جیاوازی نێوان دوو ڕەگەزی نێر و مێ و ویستەکانیان بەرامبەر بە یەکتری، هەڵس و کەوتی کوڕ و کچێکی کە تازە چوونەتە نێو کەژاوەی هاوسەرییەوەو ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە سەر مەسەلەی ژن و مێردایەتی نیە و هەروەها ئەوانەی کە بە تەمەن دا چوون و لەو بوارەدا ئەزموونیان زۆرە ڕێنوێنی- یەکانیان بۆوان چین و زۆر شتی دیکە ...، دەکرێ شتی لەسەر بنووسرێ و لە گۆڤارەکەتان دا ئاماژەیان پێ بکەن و وتووێژ لە گەڵ پسپۆڕانی ئەو بوارانەش زۆر بە کەڵك و بەنرخە.

بە هیوای سەرکەوتنی

هەرچی زیاتری ئێوەو گۆڤارە

خۆشەویستەکەتان.

# پەشیمانم .... نا... نیم

## "بە پێی ژیانی راستەقینەی
## نەرمین ناوێک"

ب نیان

لە سەر کورسیە بەردینەکەی پارك دانیشتوە، خۆی داوەتە بن سێبەری دارتووەکە و چاوی لە جۆلانە گەورەکەی بەرانبەر بڕیوەو گوێی بو قریشکە قریشکی مندالان هەڵ خستوە. ئەو لە بەیانیەوە لێرەیە کە چی نە کورسییەکە سەبارەت بە بیرەوریەکانی لە گەڵی دەدوێ و نە دارەکە چرپەکانی دلداری دێنێتەوە یاد و نە بە پێچەوانەی سالان و مانگان چیژ لە هەڵبەز دابەز و قاقای پیکەنینی مندالان وەردەگرێ. تو بلێی بیرەوەریەکانیشی لێی زیز بووبێتن؟ یانی ئێستا چولە ژوانیش ناموییی لەگەڵ دەکا ؟

نەرمین دلی پڕە، بەلام لە مێژە گریانیش بە سەری ناکاتەوە. تەنیا نوسینەوەی چرکەکانی ژیانی دوراوی دەتوانێ ئاوپڕژێنی دلە هەڵقرچاوەکەی بکا، بەلام تێ ماوە کە چی بنووسێ و بۆ کێی بنێرێ ؟...

تازە بنەیەکیان لە دێ را هاتبونە شار. شار گەورەو خەونەکانی ئەویش سەر یان لە ئاسمان دەسوو. ئەو کە لە دێ قوتابییەکی پێتۆڵ بوو، لە شار زۆر کول ببوو. بە لەقەلەق دیپلۆمی وەرگرتبوو و کەوتبۆ پێوشوینی خەونەکانی.

لە مێژ بوو دلی دۆڕاندبوو. یوونس جیرانی مالی خالی بوو. لەوەێ دیبوی و هەر بە تێك ئەڵقانی نیگایەك خوی بە دەستەوە دابوو. ئەو لەو کاتە دا هیچ بۆی گرینگ نەبوو کە یوونس کوڕێکی بێکارە و بەهاران و هاوینان دەچێتە کوورەخانە. چونکی بۆ خۆشی و بنەماڵەکەشی تا رادەیەك دەسکورت بوون، بو ئەو هەر ئەوەندە بەس بوو کە بە نهێنی و بەردەوام یوونس ببینێ و باسی عەشق و خوشەویستیی لە گەڵ بکا. خۆشەویستیی یوونس ئارامیی پێ دەبەخشی و خۆی داویشتە باوەشی پەیڤەکانی ئەو، ئەو پەیڤانەی پەیژەیەکیان بۆ هەڵ بەستبوو تا ئەو پێی دا هەڵ گەڕێ و دەست بە سەری ئەستێرە و گوناکانی مانگ دابێنێ. ئەو هاوینە یوونس بڕیاری دابوو کە دوای تەواو بوونی کاری کوورەخانە بنێرێتە سەری .

بەلام لە پڕ وەزعەکە لە مالی نەرمین گوڕا. برا گەورەکەی نەرمین بە ژیری و بە کاری بازرگانی سامانیکی زۆری وەسەر یەك نا و دوو وەتاغ و پیشخانەکەی مالی نەرمین بە خانوویەکی سێ نهۆم گۆڕا. رەفیقەکانی کاکی کە زۆربەیان دەولەمەندو بازرگان بوون پێیان بە مالی ئەوان کرابۆوە. تا دەهات نەرمین زۆرتر لەو دنیایە دا نوقم دەبوو کە زۆر خیرا و پڕتاو کەوتبۆ نێوی. خەون و خولیاکانی هاتبوونە دی. رەفیقی تازەو هاتو چۆی شوێنە تایبەتەکان و هاموشۆی کەسانی دەولەمەند و لە خۆبایی تا دەهات زیاتر ئەوی لە رابردووی و لە یۆنسە هاوشانەکەی جارانی دوور دەخستەوە. ئێستا ئیدی نەك یۆنسی لە پێش چاو کەوتبوو،

هەر بۆیەش زۆر زوو لەگەڵ مێهران تێکەڵ بوو . بە هەمویەوە دوو سێ جاری زیاتر نە دیبوو. بەلام زیاتر لە ناسینی خۆی، ماشین و پێڕاگەیشتن بە خۆی وجۆری جلوبەرگ لە بەرکردنەکەی چاوەکانی نەرمینیان خێل و، دلی ئەویان کەوی کردبوو.

مێهران کە لە قوماشی خۆیان بوو، زۆری نەبرد



بەڵکوو بێزی لە رابردووشی دەبۆوە. یونسی کلۆڵ و داماو هەر چی هێنای و بردی نەرمینی بو رازی نەبوو تا بچێ و داوای بکا. نەرمین لە خوی دەرچووبوو، هەر بۆیەش لە دوا چاو پێ کەوتنی دا لە گەل یۆنس، نە فرمێسکە قەتیس ماوەکانی چاوی ئەوی بینی و نە هەستی بە هەڵقرچانی دلی یۆنس وتێکرمانی کەونەلانی خوشەویستیانی کرد. ئەو ئەمجارەیان عەودالی دۆزینەوەی کوڕە لاوێك بوو کە پێوەرەکانی ئێستای بۆ هەڵ کردن و گونجان تێدا بێ.

وەهای لە گەل تێکەڵ بوو وەك بلێی بە سالان یەکتریان ناسیبێ. دەولەمەندیی مێهران نەرمینی وا کوێر کردبوو کە هیچ ئیرادێك لە خواردنەوەی هەموو ئێواران و تریاك کیشانەکەشی نەگرێ. ئەوەش لە جێی خۆی کە ئەو هەڵسوکەوتانە ئیدی بۆ ئەو وەك " کلاس " دانان وا بوو.

باوکی مێهران بە وەزعی شپڕێوی کورەکەی زانیبوو. ئەو پێی وابوو ئەگەر دەستی مێهران لە سەندووقی دوکانەکانیان کورت بکاتەوە لەوانەیە ئەو لە ناچاریان بێتەوە سەر خەتی خۆی.



بەڵام مێهران کە نەرمینی گێلی دەست کەوتبوو هێشتا دەیتوانی بەڕەی خۆی لە قوڕاوەکە دەرکێشێ. نەرمین هەر نەی زانی کە چۆناو چۆن هەموو ملبەندو بازنە و زێڕو زێوەکانی بۆ مێهران فرۆشت تا ئەو لە بەزمی ئێواران دا کەمی نەهێنێ. باوکی مێهران کە پیاوێکی حەیابەخۆ وجێی ڕێزی ڕەفیقانی نێو بازاڕی بوو، چیدی نەیتوانی بەرگەی سەرەڕۆیی و موعتادبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی زیاتری کوڕەکەی بگرێ و ئێوارەیەکیان لەماڵێ وەدەری نا. نەرمین نەیدەزانی چی بکا؟ مێهران رووت و رەجاڵ و بێکارو بێعار دەخولاوەو ئەو جارەیان لە پێناو دەسخستنی بڕی مەوادی ڕۆژانەی کاری خراپ ونەشیاو نەمابوو کە رووی تێ نەکا و دەستی بۆ نەبا. نەرمین چی وای نەمابوو تا بیداتێ، چەند جارێکیش لە گیرفانی کاکی دزیی بۆ کردبوو. ئەو نەیدەویست بە هیچ شێوەیەك واز لە مێهران بێنی. ئەوەی ئەوی بە مێهران گرێ دەدا خۆشەویستی نەبوو. بەڵام ئەو هەر چی هەبووی ونەبیوو بەختی مێهرانی کردبوو، هەر بۆیە نەیدەویست وازی لی بێنی.

پاش ماوەیەك مێهران بارگەو بنەی پێچایەوەو شارەکەی بەرەو هەندەران بە جێ هێشت. نەرمین دەستەوەستان دەستەوئەژنۆ مابۆوە. زۆر جار کە دەچووە ماڵی خاڵی، یوونسی دەدی. بینینی یوونس پشکۆ و ژیلەمۆی خۆشەویستیی کۆنی دەگەشاندەوە، بەڵام نە یوونس دەرفەتی ئەوەی پی دەدا ئەو پێوەندییە هەڵەسوون بێنێتەوە و نە بۆ خۆشی ئیدی حەزی لە گەڕانەوە بۆ رابردوویەك بوو کە ئەو ئێستاش بە گاڵتەوە لێی دەڕوانی. بۆ ئەو تەنیا داهاتوویەکی لێڵ وچارەنوسێکی نادیار مابۆوە. هەر بۆیەش کاتێ هەواڵی بیست کە مێهران لە شیرکەتێك و لە شارێکی دوور لە زێدەکەی گیرساوەتەوە، سێ و دووی لێ نەکرد و بڕیاری خۆی دا. ئەو لە بەیانییەك دا بێ ئەوەی ماڵی خۆیان پێ بزانن لە گەڵ برایەکی مێهران بەرەو ئەو شارە وەڕێ کەوتن. ئەو هێشتا ورەی بەرنەدابوو. ئەو لە گەڵ گەیشتنی بەو شارە و دیتنەوەی مێهران زانی کە وەزعی دۆستەکەی زۆر لەوە خراپترە کە بتوانێ لە گەڵی هەڵ بکا و بتوانن ماڵێك بگرن و حەوجێیان بە کەس نەبێ. هەر بۆیەش دوای هەوڵێکی زۆر توانی هەر لەو شیرکەتەی مێهران کاری تێدا دەکرد، کارێك بۆ خۆی پەیدا بکا. بەڵام چارەنوس کە ئەوی لە زێدەکەی خۆی و شارەکەی و بنەماڵەکەی هەڵداشتبوو، جارێ زۆری مابوو بە سەری نەرمینی بێنێ. مێهران لە سەر دزی لە سندووقی شیرکەت گیرا و خرایە زیندان. نەرمین بڕیاری گۆڕی. ئەو کە تا ئەو کات هیچی لە سەر پێوەندییەکانی پێشووی لە گەڵ مێهران لە شیرکەت دا ئاشکرا نەکردبوو، بڕیاری دا کە لاپەڕەیەکی دیکە لە ژیانی نوێی ئەزموون بکا.

دوو ساڵ لەو کاتەوە تێ دەپەڕێ. نەرمین شەکەت و وەڕەز، وەك قوماربازێك دەچێ کە هەموو ژیانی دۆڕاندبێ. کەس وکار هەموو فڕێیان داوە و کەس لێی ناپرسێ. شاباڵی گەیشتن بە ئاواتەکانیشی شکاوە، دوای مێهران دوو جاری دیکەش لەو شیرکەتەی کاری لێ دەکا عاشق بۆتەوە، بەڵام سەیرە کە بەخت وەك سازی ناساز لە گەڵی هەڵ ناکا و هەر دوو جارەکەش هەر شکست و هەرەسهێنانی بۆ ماوەتەوە و هەر دوو گراوە تازەکەشی لەو شیرکەتە بە هۆی کاری ناشایست دەرکرابوون و ئەو تەنیا و تەنیاتر ماوەتەوە...

قریشکەی منداڵانی نێو پارکەکە هەودای خەیاڵی دەپسێنێ. لە نووسینیش ماندوو بووە، کەچی هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدیوەتەوە کە بۆ وای لێ بە سەر هات؟ کامە هەڵە و کامە هەنگاو ئەویان تووشی ئەو چارەنووسە کرد؟ بەرزەفڕی و لوتبەرزیی خۆی، یان هەڵە کردن لە هەڵبژاردنی خۆشەویستەکانی ژیانی؟ ئەدی ئێستا چی بۆ ماوەتەوە؟ تۆ بڵێی دەرفەتێکی دی رووی تێ بکا و ئەو لە نێوان دوو بەرداشی تەنیایی و قەیرەیی ڕزگار بکا؟

# ژنان و دیموکراسی

بەشی دووهەم

وەرگێڕان بە هێندێک دەستکارییەوە: سەید جەلالی ساڵحی

**شێوەکانی پێدانی مافی دەنگدان**

له سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بە دوای چەندین دەیە خەبات، سەرەنجام لە زۆربەی زۆری نیزامە دیموکراتیکەکاندا، مافی دەنگدان درا بە ژنان. ژنانی نیوزلەند لە ساڵی ١٨٩٣ و ژنانی ئوستوراڵیایی بە ڕەچەڵەک ئوروپایی لە ساڵی ١٩٠١دا توانیان دەنگ بدەن. (هەر دوو ڕەگەزی ژن و پیاوی ئوستوراڵیایی تا ساڵی ١٩٦٧ی زایینی ئیزنی دەنگدانیان نەبوو.) ژنان لە ساڵی ١٨٨٩ لە نۆرویژدا توانیان بۆ کومیتەی قوتابخانەکان مافی دەنگدان وەربگرن. ژنانی نۆرویژی لە ساڵی ١٩١٠دا بە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە نەتەوەییەکان و لە ساڵی ١٩١٣ بە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکان گەیشتن. ژنانی فینلاندی مافی دەنگدانیان لە ساڵی ١٩٠٦دا وەدەست هێنا. لە کانەدا ژنانی ناخۆجێی(غیرە بومی) لە ساڵی ١٩١٨ واتە ساڵی پێدانی مافی دەنگدان بە زۆرێک لە ژنان لە بریتانیا، مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنەکانی فیدراڵدا وەدەست هێنا و دواتر پێدانی مافی دەنگدان لە ئاستە نەتەوەیی و ویلایەتەکاندا دەستی پێ کرد. خەڵکی کانەدا لە ساڵی ١٩٠٥دا بوونە خاوەنی مافی دەنگدان کە لە گەڵ گیروگرفت و سنووردارێتییەک بەرەوروو بوو، تاکوو ساڵی ١٩٦٠ی زایینی تەواوی گەورەساڵانی کانەدایی مافی دەنگدانیان پێ دراو توانیان دەنگ بدەن. لە بەشی زۆری باقی وڵاتانی ئوروپای ڕۆژئاوا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٥ و ١٩١٩ مافی دەنگدان درا بە ژنان. وەک دانمارک و ئیسلەند لە ساڵی ١٩١٥، ئوتریش، ئاڵمان، ئیرلەند و سوئید لە ساڵی ١٩١٨، لۆگزامبۆرگ و هولەند لە ساڵی ١٩١٩. لە بێلژیک بەو ژنانەی کە لە لایەن مێرد یان کوڕەکانیانەوە پێوەندییان لە گەڵ ئەرتەش بوو، لە ساڵی ١٩١٩ مافی دەنگدانیان پێدرا، بەڵام ژنانی جیا لەوانە لە ساڵی ١٩٤٨ بوونە خاوەنی مافی دەنگدان. ژنانی فەڕانسەوی کە نەیان دەتوانی بە سەر قانوونی بەرتەسک کراودا زاڵ بن، تاکوو ساڵی ١٩٤٤ مافی دەنگدانیان نەبوو. ژنانی سوئیسی تاکوو ساڵی ١٩٧١ نەیانتوانی لە هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکاندا بەشداری بکەن و مافی دەنگدانیان نەبوو. سەرەنجام ژنانی "لیختن شتاین" لە ساڵی ١٩٨٤دا مافی دەنگدانیان وەدەست هێنا. هەرچەند مافی دەنگدان هەمیشە دەربڕی بوونی بنیاتە دیموکراتە ڕاستەقینەکان نیە، زۆرێک لە ژنانی ئوروپای ڕۆژهەڵات توانیان لە سەردەمی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی مافی دەنگدان وەدست بێنن وەک، لەهێستان و یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو(١٩١٨) و چێکوسلۆواکی(١٩٢٠). دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بوو کە ژنان لە ئاڵبانی و مەجارستان(١٩٤٥) و لە یوگوسلاوی(١٩٤٩) مافی دەنگدانیان وەدەست هێنا. ژنان لە هێندێک لە وڵاتەکانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا توانیان بە نیسبەت ئەم بەشانەی جیهانەوە، تا ڕادەیەک زووتر مافی دەنگدان وەدەست بێنن، وەک لوبنان(١٩٢٦) کە زۆر زووتر مافی دەنگدانی لە چاو دەسەڵاتی کولۆنیالیزم واتە فەڕانسە کە ئەم وڵاتەی بەڕێوە دەبرد دا بە ژنان، سریلانکا(١٩٣١)، تایلەند(١٩٣٢) و فیلیپین(١٩٣٧).

زۆربەی ژنانی دیکە لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا نەیانتوانی تا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی مافی دەنگدان وەدەست بێنن. لە هێندێک بواردا، پێدانی مافی دەنگدان هاوکات بوو لە گەڵ کۆتایی حکوومەتی داگیرکەردا. لەم ڕووەوە ژنانی ئەندۆنزیایی لە ١٩٤٥، ژنانی ویتنامی لە ١٩٤٦، ژنانی کۆماری کۆرە لە ١٩٤٨، ژنانی سووری لە ١٩٤٩، ژنانی هێندی لە ١٩٥٠، ژنانی میسری لە ١٩٥٦ و، ژنانی ئەلجەزایری لە ساڵی ١٩٦٢دا مافی دەنگدانیان وەدەست هێنا. "کۆماری گەلی چین" دوای شەڕی دووهەمی جیهانی تووشی شەڕی نێوخۆیی بوو، ژنان لە ١٩٤٩ لە گەڵ سەرکەوتنی یەکجارەکی شۆڕشی کۆمۆنیستی مافی دەنگدانیان وەدەست هێنا. ئازادی سیاسی ژنان لە ژاپۆن لە ماوەی دەیەی ١٨٧٠ یانی کاتێک دەستی پێ کرد کە ژنان توانیان بە شێوەیەکی بەرچاوتر هێزی کاری خۆیان دەربخەن و باسی بارودۆخی باشتر بکەن. چالاکی سیاسی ژنان لە ئاکامی یاسای بنەڕەتی "میجی" پەسندکراوی ساڵی ١٨٨٩ بە توندی کەم بۆوە. ئەم یاسای بنەڕەتییە، ژنانی لە دانی دەنگ، پەیوەست بوون بە حیزبە سیاسییەکان و تەنانەت بەشداری کردن لە کۆبوونەوە سیاسییەکان قەدەغە دەکرد. هەرچەند دوایە ئەو یاسا بنەڕەتییە هەڵوەشایەوە، ژنان هەنووکە تا ساڵی ١٩٣٠ واتە تا ئەو کاتەی ئیزنیان بوو بچنە نێو حیزبەکانەوەو لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکان بەشداری بکەن، ڕێیان بە چالاکییە سیاسییەکەیان دەگرتن. ژنانی ژاپۆنی لە ساڵی ١٩٤٥ لە گەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی مافی دەنگدانیان وەدەست هێنا. مافی دەنگدانی ژنان لە ئامریکای لاتین زووتر لەمە وەدەست هات، بە شێوەیەک کە لە دەیەی ١٩٣٠ بە زۆربەی ژنان مافی دەنگدان درا. لە شیلی(بۆ هەڵبژاردنە ناوچەییەکان)، ئوروگویە و برێزیل مافی دەنگدانی ژنان بە ڕیز لە ساڵەکانی ١٩٣١، ١٩٣٢ و ١٩٣٤ بەدەست هات. لە وڵاتەکانی دیکەی ئامریکای لاتین مافی دەنگدان بە ژنان تا دەیەی ١٩٤٠ و دەیەی ١٩٥٠ نەدرا. لە وێنەی ئەم وڵاتانە دەکرێ ئاماژە بە وڵاتەکانی ئارژانتین و مێکزیک(١٩٤٧)، شیلی(هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکان، ١٩٤٩)،

پێرۆ(١٩٥٠) و کولۆمبیا(١٩٥٧) بکەین.

لە زۆربەی وڵاتە ئافریقاییەکان، ژنان تەنیا پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، مافی دەنگدانیان وەدەست هێنا. دیارە پێدانی مافی دەنگدان هاوکات بوو لە گەڵ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی وڵاتێك. یەکەم وڵاتانێك کە لەواندا ژنان مافی دەنگدانیان لێ وەدەست هێنا بریتین لە: گابۆن(١٩٤٤)، جیبۆتی و سنێگاڵ(١٩٤٦).

پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان لە سەردەمی پاش کۆلۆنیالیزمدا بەم شێوەیە: تانزانیا(١٩٥٩)، ئۆگاندا(١٩٦٢)، کێنیا(١٩٦٣)، ئانگۆلا(١٩٧٥)، و لە کۆماری ئافریقای ناوەندی ١٩٦٨.

لەوەڕا کە مافی دەنگدان لە ئافریقای باشوور پێوەندی بە ڕەچەڵەکەوە بوو، ژنانی غەیرە سپی پێست تا یەکەم هەڵبژاردنە دێموکڕاتیکەکانی وڵات لە ساڵی ١٩٩٤دا مافی دەنگدانیان نەبوو. هەروەها لە زۆرێك لە وڵاتەکانی دیکەی جیهان، هەقی مافی دەنگدان بۆ هەر دوو ڕەگەی ژن و پیاو، زامن کەری وەدەست هێنان بە مافە دێموکڕاتیکەکانی دیکە نیە. ژمارەیەکی کەم لە وڵاتە ئافریقاییەکان خاوەنی نیزامگەلێکی دێموکڕاتیکن. ئەمڕۆکە لە بەشی هەرە زۆری جیهان، ژنان هەروەك پیاوان خاوەنی مافی دەنگدانن و لە مافی دەنگدان بەهرەمەندن. لە ڕاستیدا، بە پێی لێکۆڵینەوەی یەکیەتی پارڵمانی ـــ ئەم یەکیەتییە تایبەت بە یاسادانانی وڵاتانە ـــ لە ساڵی ١٩٩١دا، تەنیا هەڵاواردنێك کە لە جیهان لە بواری پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان هەیە، کووەیت و بەحرەینن. (بەحرەین وەك وڵاتێك بە نیزامی پاشایەتی ئازادکراو، بێبەش لە بنیاتەکانی پشت ئەستوور بە نوێنەرەوەیە، واتە هیچ کەس ناتوانێ دەنگ بدا.) بەڵام بەهرەمەندی لە مافی دەنگدان تەنیا بەو مانایە نیە کە ژنان لە کاروباری حکوومەتی دێموکڕاتیکدا دەغڵێکی زۆریان هەیە.

**ژنان لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان‌دا**

یەکێك لە پێوەرە گرینگەکانی بەشداری ژنان لە کۆمەڵگای دێموکڕاتیکدا بریتییە لە: ڕادەی هیوایان بۆ پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان و وەدەست هێنانی. لە زۆربەی وڵاتەکان، مافی دەنگدان و مافی خۆپاڵاوتن یان وەئەستۆگرتنی پلەوپایە هاوکات پێکەوە دراوە بە ژنان. بەڵام لە ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتەکانی وەك مێکزیك، نیوزیلاند، پێرۆ، سووریە، ڕواندا، زەئیر، زیمبابوێ، بێلژیك، کانادا، جیبۆتی، هولەند و ئامریکا، مافی دەنگدان لە گەڵ مافی خۆپاڵاوتن بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتییەك هاوکات پێکەوە بە ژنان نەدراوە. لە هۆلەند و ویلایەتە یەکگرتووەکان‌دا، بەر لە وەدەست هێنانی مافی دەنگدان، ئیزنی وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی-یان پێدرابوو واتە، بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ دەیانتوانی بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرن. لە زۆرێك لە وڵاتەکان‌دا، ژنان ماوەیەك دوای وەدەست هێنانی مافی وەئەستۆگرتنی پلەوپایە، توانیان ببنە نوێنەری پارڵمان و هەڵببژێردرێن. لە وڵاتەکانی دیکەشدا، دوای ئەوەی کە ژنان توانیان بەهرەمەند لە مافی وەئەستۆگرتنی پلەوپایە و بەرپرسایەتی بن، ماوەیەکی زۆری پێ چوو تا بۆ ئەنجومەنە نەتەوەییەکان هەڵببژێردرێن. ئەم ماوەدا زەمەنییە لە وڵاتەکانی




سنێگاڵ ١٠ ساڵ، ئۆرۆگوئێ ١٠ ساڵ و، نیوزلەند ١٤ ساڵ بوو. لە سەنگاپوور ٣٦ ساڵ بەر لەوەی یەکەم ژنەکان لە هەڵبژاردنەکان‌دا بەربژێر بکرێن، دەیانتوانی بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرن و بەهرەمەند لەو مافە بوون. لە ئۆستوڕالیا ژنانی بە ڕەچەڵەك ئورووپایی بۆ یەکەم جار ٤٢ ساڵ دوای وەدەست هێنانی مافی هەڵبژاردن، هەڵبژێردران. لە ساڵی ١٩٩٢شدا وڵاتگەلێك بۆ وێنە لوبنان، مەراکیش، تونگا، میرنشینە عەرەبە یەکگرتووەکان و جیبۆتی هەبوون کە لەوان‌دا هیچ ئافرەتێك بە پۆستی هەڵبژاردن لە ڕێگای هەڵبژاردنە سەرتاسەریەکانەوە نەگەیشتبوو. لەنێوبردنی لەمپەرە قانوونییەکان بۆ وەئەستۆگرتنی پلەوپایەی ژنان ئەم ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەوان بە وەئەستۆگرتنی تەنیا بەشێکی بچووك لە کورسی-یەکانی ئەنجومەنی یاسادانان درێژە پێ دەدەن. لە گەڵ ئەوەیدا کە ژنان لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی وڵات پێك دێنن، بە پێی یەکێك لە ڕاپۆڕتەکانی یەکیەتی پارڵمانی بە ڕێکەوتی ١٩٩٣/٦/٣٠ی زایینی، ژنان کەمێك زیاتر لە ١٠٪ لە ١٧٠ ئەندامی ئەنجومەنی نەتەوەییان پێك دێنا. ئەم ژمارەیە کەمێك لەو ١٣٪ە کەمترە کە لە ژوئەنی ١٩٨٩ ڕاپۆڕت دراوە. ڕاپۆڕتی ساڵی ١٩٩٣ ئەوە دەردەخا پارڵمانێك کە لەودا ژمارەی نوێنەرە ژنەکانی زۆر لە ژمارەی نوێنەرە پیاوەکان نزیکە، واتە "پارڵمانی گەلی سیشێل" لەو ساڵەدا ٢٤ ئەندامی بووە کە ١١ کەسیان یانی ٤٥/٨٪یان ژن بوون. وڵاتانی ئیسکاندیناوی لە بواری زۆرترین دەرسەدی ژنی ئەندام پارڵمانەوە لە ڕیزی دواتر دان ـــ ٣٩٪ لە فینلاند، ٣٥/٨٪ لە نۆڕوێژ، ٣٣/٥٪ لە سوئێد و ٣٣٪ لە دانمارك ـــ بە دوای ئەوانیش‌دا هولەند بە ٢٩/٣٪ەوە قەراری گرتووە. لەو سەرژمێرییەدا، ژنان ١٨٪ی ئەنجومەنی گشتی

کانەدایان پێك دێنا. بەڵام لە زۆربەی ئەنجومەنە قانوون دانانەکاندا هەر لە "پارلمانی گشتی ئینگلستان"ەوە بگرە تا "پارلمانی نەتەوەیی فەڕانسە"، تا "پارلمانی هیندوستان"، تا "پارلمانی نەتەوەیی زامبیا" و، پارلمانی نوێنەرانی یوونان، ژنان لە نێوان ٥ و ١٠٪ی ئەندامانیان پێك دێنا. دوای هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ١٩٩٢ لە بریتانیا، ژنان ٩٪ی پارلمانی گشتی بوون. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ژمارەی ڕێژەیی ژنان لە سەدوسێهەمین کۆنگرەکەیان(١٩٩٣ تا ١٩٩٥)، ١٠٪ واتە ٦٪ لە کۆنگرەی پێشوویان زیاتر بوو. لە هێندێك لەو وڵاتە نادێموکراتیکانەی وەك کۆماری گەلی چین، کووبا یان کۆرەی باکوور کە لەواندا دەسەڵاتی پارلمانی هاوتای دەسەڵاتی سیاسی نەبوو، نوێنەرە ژنەکان زیاتر لە ٢٠٪ی کورسییەکانی پارلمانیان لە ئیختیاردا بوون. ژنان لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو نزیکەی ١٥٪ی کورسییەکانی "ئەنجومەنی یەکگرتوو"یان پێ بوون. لە هێندێك لە پارلمانەکانی وڵاتانی ناوەندی ئورووپای ڕۆژهەلات، کورسیگەلێك بۆ ژنان پارێزراو بوون، داڕووخانی ئەم وڵاتە کمۆنیستییانە، لەنێوچوونی ئەم نیزامەی لێ کەوتەوە. لە ئاکامدا لە گەڵ پێکهاتنی ململانێی سیاسی زیاتر لە هەڵبژاردنە سەراسەریە پارلمانییەکان لەم بەشە لە جیهاندا، ژمارەی نوێنەرە ژنەکان لە پارلماندا کەم بۆتەوە. لە دەیەی ١٩٨٠دا، ژنان لە بەشەکانی هەڵکەوتوو لە ئافریقای دەشتی باکوور، بە شێوەیەکی مام ناوەندی تەنیا ٦٪ی کورسییە پارلمانییە نەتەوەیییەکانی قانوون دانانیان لە ئیختیاردا بوون، هەرچەند دەرسەدی کورسییەکانیان لە ڕواندا، کامرون و سنێگاڵدا گەیشتە ١٠٪. بە پێی سەرژمێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٦دا، هیچ کات ژنان زیاتر لە ٢٥٪ی ئەندامانی پارلمانی قانوون دانانیان پێك نەهێناوە.

**ژنان لە پۆستی ڕێبەرانی سیاسیدا**

ژنان لە گەڵ ئەوەی کە دەستکەوتگەلێکیان لە ئاستی یاسادانانیدا بووە، لە پۆستی ڕێبەری سیاسی لە وڵاتانی جیهاندا پێگەیەکی بەرزیان نیە. ژمارەیەکی کەم لە ژنان بە بەرزترین پلەوپایەکانی وڵاتی خۆیان وەك سەرۆك وەزیر یان سەرۆك کۆماری گەیشتوون.

ئورووپا: "مارگارێت تاچێر" لە بریتانیا بوو بە سەرۆك وەزیر، "وێگدیس فینبۆگادۆتیر" لە ئیسلەند، "گرۆهالێم برۆنتلاند" لە نۆڕوێژ، "میلکا پلانینتێس" لە یوگۆسلاوی، "تاریا هالۆنێن" لە فینلاند، "یولیا تیمۆ شینکۆ" لە ٤ی فێوریەی ٢٠٠٥ کرا بە سەرۆك وەزیری ئۆکراین، "ئێدیت کریستین" لە فەڕانسە بۆ ماوەی ٢ مانگ، لە ٢٢ی نوامبری ٢٠٠٥ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئاڵماندا ئافرەتێك بە ناوی "ئەنگێلا دوروتێئا مێرکێل" بوو بە سەدری ئەعزەم.

قاڕەی ئامریکا: "ئێوا پرۆن" لە ئارژانتین، "کیم کۆمپێبل" لە کانەدا، "ویۆلتا چامۆرۆ" لە نیکاراگوئە، و "میشێل باشلە" وەك سەرۆك کۆمار لە شیلی(ژانویەی ٢٠٠٦).

لە ئاستی ڕۆژهەلاتی ناڤین و ئاسیادا: "ئێندیرا گاندی" لە هێند، "گۆلدا مایێر" لە ماوەدای ساڵەکانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٤ی زایینی، یەکەم سەرۆك وەزیری ئافرەتی ئیسرائیل و سێهەم ئافرەتیش بووە لە جیهاندا کە بەو پۆستە هەڵبژێردراوەو ١٠ ساڵ بەر لە مارگارێت تاچێر لە ئینگلستان و چارەکە سەدەیەك بەر لە "کیم کۆمپێبل" لە کانەدا بە دەسەڵات گەیشتووەو بەر لە تاچێر نازناوی بانوی پۆلایینی بۆ خۆی تەرخان کردوە. دوای ئەو تسیپی لیۆنی بە پۆستی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل وەك ئافرەت گەیشتووە. دالیا ئیتزیك، ژنە سیاسەتمەدارێك کە هەم سەرۆك پارلمانی ئیسرائیلە و هەمیش بەم دواییانە بۆ ماوەیەکی کاتی بە جێگای مووشە کاتساو لە پۆستی سەرۆك کۆماری دایە و ئەوە یەکەم ژنێکە کە بەو پۆستە ئەگەر بۆ کاتیش بێ، گەیشتووە. "بی نەزیر بۆتۆ" لە ماوەی دوو دەورە واتە لە ساڵەکانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٠ و لە ١٩٩٣ تا ١٩٩٦ سەرۆك وەزیری پاکستان بوو، بەڵام بەداخەوە لە ٢٧ی دیسامبری ٢٠٠٧ لە پاکستان تیرۆریان کرد. "کۆرازۆن ئاکینۆ" لە فیلیپین، "سریمائۆ باندرا نایکە" یەکەم ئافرەتی سەرۆك وەزیری جیهان و، کچەکەشی "چاندریکا کۆمارا تۆنگا" لە سریلانکا، "تانسۆ چیلێر" لە تورکیە، "شێخ حسینە واجد و خالدە زیا" لە بەنگلادش، "گلۆریا مێکاپاگال ئارۆیۆ" لە فیلیپین(سەرۆك کۆمار لە ٢٠٠٤ بەم لاوە)، خاتوو "ئێلێن جانسۆن" لە لیبریا(ژانویەی ٢٠٠٦)، "مگاواتی سوکارنۆ پۆتری" لە ئەندۆنێزی.

هانگ میۆنگ سووك لە کوورەی باشوور (سەرۆك وەزیر لە ٢٠٠٥ بەم لاوە).

ماریا دۆکارمۆ سلۆریا لە سوتوپی و پرینسی پی (سەرۆك وەزیر لە ٢٠٠٥ بەم لاوە).

پۆرتیا سیمپسۆن مایلێر لە جمایکا (سەرۆك وەزیر لە ٢٠٠٦ بەم لاوە).

واریا وایکی فرایبێرگا لە لاتیوا ( سەرۆك کۆمار لە ١٩٩٩ بەم لاوە، خولی دووهەمی سەرۆك کۆماری).

ماری مکالیسی لە ئایرلەند (سەرۆك کۆمار لە ١٩٩٧ بەم لاوە، خولی دووهەمی سەرۆك کۆماری).

هێلێن کلارك لە زینلاندی نەو (سەرۆك وەزیر لە ١٩٩٩ بەم لاوە، خولی سێهەمی سەرۆك وەزیری).

لیۆ سادیگۆ دایس لە موزامبیك (سەرۆك وەزیر لە ٢٠٠٤ بەم لاوە).

تارجا هالۆنێن لە فینلاند (سەرۆك کۆمار لە ٢٠٠٠ بەم لاوە، خولی دووهەمی سەرۆك کۆماری).

ئینگرید بێتانکۆرت سیاسەتمەداری فەڕانسەوی ــ کۆلۆمبیاییە. سەناتۆری پێشووی کۆلۆمبیایی و چالاکی دژی گەندەڵی ئیداری بوو. لە ساڵی ٢٠٠٢ پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری کلۆمبیا بوو، لە کاتی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکان دا ڕفاندیان و بۆ ماوەی شەش ساڵ و نیو یەخسیری ڕێکخراوی چریکە شۆڕشی-یەکانی فارك دا بوو. سەرەنجام لە ڕێکەوتی ٢ی ژوئیەی ٢٠٠٨ی زایینی، لە گەڵ سێ گرۆگانی ئەمریکایی، لە عەمەلیاتێکی ئەمنییەتیدا لە لایەن هێزە ئەمنییەتی-یەکانی کلۆمبیاوە ئازاد کرا.

# نزا

✍ **دایکی هاموون**

ئەو شەوە دایکی تا بەیانی لەسەر بەرماڵەکە دەستەودوعا پاڕایەوە: خوایە گیان ئەم جارەش کوڕەکەم نەجات بدە، بیکە بە خاتری ئەو دڵە نائومیدەم، خوایە منو هیچ دایکێك زگ سوتاو نەکەی .....

بەدەم پاڕانەوە چۆ ناو فکرەوە بیری ئەو ڕۆژانەوئەو ساتە شیرینوسەختانەی کردەوە کە چۆن بە خێوی کردوەو چەندە شەووشەونخوونی لەگەڵ دا کێشاوە تا گەیاندوویەتە ئەمرۆو گەورەی کردوە.

" کوڕەکەمان پێ دەکەنێ، پیاوەکە ....گاگۆڵکە دەکا ......بەدیوارەوە رادەوەستێ، وادیارە خەریکە پێ دەگرێ...... دەبێ سبەی بەیانی بچیە بازارو کەوشانی بۆ بکڕی. دارە دارە دار داریەتی وەختی ژنو ماڵیەتی "

"دایە ـ بابە مامە دادە "." بە قوربانی هەمووی ئەوانەت بم. دە قسان بکە بابی بابم. بڵێ چیت دەوێ لە دایە. دایە دەسەرسەرت گەڕێ، بەقوربانت بێ دایە."

" دەبێ بچی شتومەکی قوتابخانەی بۆ بکڕی. دەبێ بخوێنێ نابێ وەك منوتۆ نەخوێندەوار بێو ڕەشو سپی لێك نەکاتەوە."......

"بەقوربانی ئەو قوتابیەی بم. چرای ماڵێ دەبیە چرای دایەوبابە. دەبێتە دوکتور. دایەو بابە دەحەسێنێتەوە. نەخۆشانم بۆ تیمار دەکا"......

" بۆی دەچینە خوازبێنی گوڵێ ،تا لە ژیان دا ماوم دەبێ نەوە چاوگەشەکانم ببینمو خەنی بم." بە دەنگی قاقای نەوەکانی وەخۆ هاتەوە کە دەوریان دابوو.

بیرەوەریی رابردووی کوڕەکەی تەواوی بیرو زەینی داگرتبوو. لەگەڵ بیرەوەرییە خۆشەکانی روخساری دەگەشایەوەو لە کاتی وەبیرهاتنەوی مەینەتیو کلۆڵییەکانی ئاهی حەسرەتی لە ناخی دڵییەوە هەڵ دەکێشا. جارناجارێك لەپڕ وەبیری دەهاتەوە کە لە زیندان دایەو وەك هەورێکی رەش بیرەوەرییەکانی دادەپۆشیو وێنەی خەیاڵاتەکەی لێ دەشێواند. لە سیلەی پەنجەرەکەوە چاوی لە رووناکییەك بوو تێگەیشت رۆژ بۆتەوە دڵی داخورپا دەنگی دوعاونزای بەرز کردەوەو رەنگی بە روویەوە نەمابوو....دیار بوو چاوەڕوانی هەواڵێك بوو.

لە دەرگا درا. بە تەواوی ئەژنۆی شکا. بە کووڕە کووڕ هەستا دەرگا بکاتەوە... هێزی لێ برابوو . لەبەردەرگا چاوی بە چەکمەی سەربازەکان کەوت ." پیرێژن وەرن و لەگەل خۆشتان پاکەتێك شیرینیوچەپکێك گوڵ ئامادە بکەنو کوڕەکەتان وەرگرنەوە. لە جێگای خۆی رۆنیشت، چاوی لە چرای ماڵەکەی بڕی کە لە بەر بێ نەوتی کوژابۆوە.....





# ژنانی نێو کۆڕی خەبات

**دیمانە: شوعلە قادری**

**وتوویژی گۆشەی (ژنانی نێو کۆڕی خەبات) لەگەڵ خوشکە ئایشێ دەورانی هاوسەری شەهید مەلا ڕەسووڵ گەردی یە**





لە نێو جەرگەی لاپەڕە زێرینەکانی مێژووی نەتەوەی کورددا، بە سانایی دەردەکەوێ کە لە خەبات و تێکۆشان و بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد دا، کچان و ژنانی ئەو نەتەوەیە، دەورێکی یەکجار سەرەکی و کاریگەریان لە هەموو کات و سەردەمێکدا گێڕاوە. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی ژنانی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە زۆر ژیرانەو وشیارانە لەگەڵ کات و سەردەم و هەستان و کەوتن ڕۆیشتوون و بۆ ئاڵوگۆڕو پێشکەوتوویی کۆمەڵگا لە هیچ شتێک نەپرینگاونەوە.

ژنانی کورد لە هەموو کات و ساتێکدا، پشتیوانی سەرەکیی پیاوان بوون. یان لە بەرەکانی شەڕدا، دژی دوژمنان جەنگاون و بە گوڕو تین و هێزێکی مەزنی نیشتیمانپەروەری لە بەرامبەر بێگانەدا، بەرەنگاریان کردوە و یان زۆر فیداکارانە بە تەنیا سەرپەرشتی ماڵ و منداڵیان خستۆتە سەر شانی خۆیان، بۆ ئەوەی کە هاوسەرەکانیان بە خەیاڵی ئاسوودە لە مەیدانی بەربەرەکانی لە گەڵ دوژمندا برۆنە پێش.

یەکێک لەو ژنە فیداکارانە، حاجی ئایشێ دەورانی، خێزانی شەهید مەلا ڕەسوڵ گەردییە کە لاپەڕەی ژنانی نێو کۆڕی خەبات بۆ ئەو جارە، دەچێتە لای ئەم دایکە دڵسۆزەو بۆ ساتێک، سەرنجی خوێنەرەکانی بۆ بەسەرهات وەدەردی دڵەکانی ڕادەکێشێ:

**پ: سەرەتا داوات لێ دەکەم خۆت بە خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بناسێنە؟**

و: ناوم ئایشێ دەورانییە، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٩٣٣ی زایینی لە گوندی شێخ ئاودەلانی نزیک بە شاری قەڵادزێ لە دایک بووم، دیارە ماڵی باوکم ئەو کات لەوێ ژیاون و دواتر ڕوویان کردۆتە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**پ: چۆن لە گەڵ شەهید مەلا ڕەسووڵ ئاشنا بووی و پەیمانی هاوسەریتان دا؟**

و: ناسیاویم لە گەڵ مەلارەسوڵدا دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە ڕۆژەکانی بەهار کە ئەو کات ماڵمان لە گوندی دێڵزێی ناوچەی پیرانانی پیرانشار بوو. لەگەڵ دەستە خوشکەکانم چووبووین بۆ کوێستان بۆ کردنی کارگ و ڕیواس. لە نەکاو دای دایە ڕێژنەی باران. ئێمەش بۆ ئەوەی خۆمان لە تەڕبوون بپارێزین چووینە بن تاشە بەردان، لە هەمان کاتدا دەستەیەک فەقێ بە لاماندا ڕەد دەبوون. ئەوانیش لایاندا لای ئێمە. یەکێک لەو فەقێیانە مەلا ڕەسووڵ گەردی بوو کە ناسیاویم لە گەڵ پەیداکرد و دواتر پەیمانی هاوسەریمان بە یەک دا.

**پ: کاری سیاسیی هاوسەری شەهیدت لە کەیەوە دەستی پێ کرد؟**

و: کاری سیاسیی ئەو هەر ئەو کاتە دەستی پێکردبوو کە فەقێ بووە لە حوجرەی فەقێ یاندا. دیارە پێش دەستپێکردنی ژیانی هاوسەری لە گەڵ مندا.

**پ: کاتێک شەهید مەلا ڕەسووڵ دەستی دایە کاری سیاسی، چ ئاڵوگۆڕێک لە ژیانی تۆدا وەک هاوسەری ئەو هاتە پێش؟**

و: هەر لەو کاتەدا کە ئەوداوای لە من کرد کە ژیانی هاوسەری لە گەڵ پێک بێنم، گۆڕان لەژیانی مندا دروست

بوو کە دەبوایە خۆم لە گەڵ ژیانی ئەو تەتبیق بدەم ، یانی نەهێنی پارێز بم و زار بەدەرەوە نەبم، بۆ ئەوەی تووشی موشکیلەو دەردەسەری نەکەم و هاوکارێکی بە وەفای ئەو بم و لە کاتی تەنگانەدا بە تەنیا بەجێی نەهێڵم.

**پ: چ گۆڕانێک بە سەر پەیوەندی خەڵک یان تەنانەت خزمان هاتە پێش، کاتێک زانیان هاوسەرەکەت سیاسی یە؟ چونکە زەمانی پاشایەتی کاری سیاسی زور قاچاغ بوو؟**

و: نوختە گۆڕانی جیددی لە ژیانی ئێمەدا، ئەو کاتە دەستی پێکرد کە شەهید مەلا ڕەسووڵ لە درێژەی تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا، بە نەهێنی سەفەرێکی بۆ کوردستانی گەرمێن واتە عێراق کرد، لە گەرانەوەیدا هەندێک لە ئاغاکانی ناوچە کە نەیاری ئەو بوون، راپۆرتیان لێدا و بە هۆی ئەوانەوە رۆژێکیان لە نەکاو ژاندرمە و مەئموورانی ساواک دەوری ماڵی ئێمەیان دا و مەلا رەسووڵ بۆ یەکەمجار گیرا، دوای ئەوەی حوکم درا پێنج ساڵی زیندانی بۆ بڕایەوە. ئەوکات من چوار منداڵم هەبوو کە هەموویان چووکە بوون، ئەوەش بۆ من زور سەخت بوو کە ئەرکی پەروەردەکردن و بە خێوکردنی منداڵەکانم بە تەنیا کەوتە سەرشانم، وە تەنانەت براکانی هاوسەرەکەشم نەیان دەوێرا یارمەتیم بدەن.ئێمەش پەیداکردنی بژیوی ژیانمان لە رێی وەرزێریەوە بوو، دیارە ئەوکات لە دێ دەژیاین. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە براکانی شەهید مەلارەسووڵ لە ترسی فشاری زۆری رژێمی ئێستای ئێرانش بە داخەوە نەیان توانیوە هاوکاریمان بکەن، بەڵام خوشکی مەلا رەسووڵ بە ناوی ئایشێ گەردی زۆر جاران ئاوڕی لێدەداینەوە و سەردانی دەکردین، کە بەداخەوە ئەویش لە ژیاندا نەماوە.

**پ: هەر وەک ئیشارەت پێ کرد، ئێوە لە دێ دەژیان و هەموومان دەزانین کە ژیانی لادێ سەختە. تۆش سەرەڕای ژیانی سەختی لادێ منداڵیشت هەبووە و کەس و کاری هاوسەرەکەت نەیان وێراوە ئەو کاتانەی کە براکەیان لە زیندان بووە هاوکاریتان بکەن، چ کەسانێکی دیکە هەبوون کە هاوکاریان کردبێ تا ئەو ژیانە سەختە بەرییە پێش؟**

و: هەر وەک باسم کرد پەیداکردنی بژێوی ژیانمان لە رێی وەرزێرییەوە بووە. دیارە ئەو بۆ خۆی مەلا بوو، بەڵام پیشەکەی خۆی لە ژیانیدا وەلا نابوو. ئەو پێی وابوو کە دەبێ بۆ خۆی، خۆی بژیەنێت نەک لە رێی مەلایەتیەوە بژی. کارەکەی وەرزێری بوو. خەڵکی ئاوایی جاران کە تا ئینقلابیش دەستی پێ کرد، ئێمە هەر لەوێ دەژیاین، زۆر یارمەتیدەری بوون و کارەکانیان بە هەرەوەزی بۆ رادەپەراند، بەڵام کاتێک کەوتە زیندان، خەڵکەکەش دەترسان کە لە رێی ساواکەوە تووشی موشکیلە ببن و دەردەسەرییان بۆ دروست بکرێ. لە بەرئەوە تەنانەت دراوسێکانیش بە ئاشکرا نەیان دەوێرا هاوکاریمان بکەن، منیش مەجبوور بووم هێندێک زەویە کشت وکاڵیەکانمان بە نرخێکی زۆر کەم بە ئیجارە بدەم کە لەویشدا زۆریان زوڵم لێدەکردین. دەتوانم بڵێم تەنها هاودەم و هاوکاریشم لەو ژیانە سەختە دا چوارمنداڵەکانم و دایکم بوون.

بەڵام وەک شتێکی راستەقینە کە دەبێ ئیشارەی پێ بکەم ئەوەیە کە ئەو کەسانەی سەریان لە سیاسەت دەردەچوو وەک قارەمانێک سەیری مەلا رەسووڵیان دەکرد وەک رێزلێنانێک بۆ کاری سیاسی ئەو.

**پ: بەرهەمی ژیانی هاوبەشتان چی یە؟**

و: بەرهەمی ژیانی هاوبەشم لەگەڵ شەهید مەلا رەسووڵ سێ کچو چوار کوڕە کە ئێستا هەموویان بە ژیانی خۆیانەوە خەریکن.

**پ: لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی ژیانت بە تەنیا ئەو هەموو زەحمەتەت لە سەر شان بووە بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانت، هەڵسوکەوتی کوڕو کچەکانت بە نیسبەت جەنابت وەک دایکێکی فیداکار چۆن بۆوە، لێیان رازی؟**

و: من وەک دایک کە زۆرتر بۆخۆم پەروەردەی منداڵەکانم وەئەستۆ گرتوە و پێم گەیاندوون، زۆر لێیان رازیم، چونکە لە هەموو ژیانم دا ئەوان هاوڕێ و هاوکارم بوونە. هەر لە بەر ئەوەش کە بە هۆی سیاسی بوونی باوکیانەوە تووشی ژیانی ئاوارەیی بوون و دەربەدەر بوون و هەمیشە میللەتی خۆیان خۆش ویستووە، بۆ من پیرۆزو موقەدەسە. بە تایبەتی لەو لایەنەوە کە دوو لە کوڕەکانم رێبازی باوکیان گرتە بەر و ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا بوون. بەڵام بە هۆی درێژ بوونەوەی مەودای خەبات، بۆ پێڕاگەیشتن و پەروەردە کردنی منداڵەکانیان، ئەوانیش پەڕیوەی هەندەران بوون.

**پ: باجی ئایشێ چۆن یان بڵێین کەی بەو قەناعەتە گەیشتی کە پەڕیوەی هەندەران بێ؟**

و: کاتێک کە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی، بە هۆی کردەوەیەکی تێرۆریستی مەلا رەسووڵ لە گەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی حەسۆ عەلیپوور و جەلیل مامایی شەهید بوو، دەرەتانی ژیان بۆمان سەختتر بوو. ئەو کات بڕیارم دا بۆ ئەوەی باشتر بە منداڵەکانم رابگەم ئەو رێگایە بگرمە بەر. پەیوەندیم بە بەشی پەنابەری( یوو ئێن) لە شاری هەولێر گرت و دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی، لە وڵاتی سوئێد مافی پەنابەریمان پێدرا و ئێستا لە شاری ئۆرێبرووی سوئێد لەگەڵ هەموو کوڕو کچەکانم دەژیم.

**پ: بێشک هەموو ئینسانەکان ئاوات و ئارەزوویان زۆرن، بەڵام بۆ جەنابت چ ئاواتێک سەرووی هەموو ئاواتەکانە؟**

و: ئاواتی سەرەکیی من ئەوەیە کە وڵاتەکەمان لە دەست دیکتاتۆری ئاخۆندی رزگاری بێ و بە ئازادی و سەربەرزی بگەڕێمەوە زێدی خۆمان و سەردانی گۆڕی دایکم بکەم کە بە وەفاترین هاورێی رۆژە سەختەکانی ژیانم بوو.

**پ: دوا وتە یا پێشنیارت چییە؟**

و: دوا وتەی من ئەوەیە کە زۆرن کەسانی فیداکاری وەک شەهید مەلا رەسووڵ کە ژیانی خۆیان فیدای رزگاری میللەتەکەیان کردوە، بەڵام ئێستا وەک سەربازی ون وانە و ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوەو پشت گوێ خروان. هیوادارم گرینگی بە لایەنە شاراوەکانی ژیانی ئەو رۆڵە گیان بەخت کردوانە بدرێ بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بتوانن دەرس لە فیداکاری ژیانی وان وەربگرن.

ژن ئەستێرە

# چوار ژن لە ئاوێنەی مێژوودا

ئا: دایکی یەسنا







## ١ـ "ماری کوری"

ماری کوری لە سالی ١٨٦٧ دا لە "ورشو" لە دایک بووە. ئەو کچی ژن و مێردێکی مامۆستا بە ناوی ئەسکلودفسکلا بوو. دوای قۆناغی سەرەتایی بۆ درێژەدان بە خوێندن رۆیشتە پاریس. سالی ١٨٩٥ لە گەل مامۆستایەکی کیمیا و فیزیا بە ناوی دوکتۆر "پیرکوری" زەماوەندی کرد. لەسالی ١٩٠٢دا ماری توانی بۆ یەکەم جار (عنصر) توخمی رادیۆم ساز بکا. سالی ١٩٥٣ ئەو و هاوسەرەکەی و "بکرلی" فیزیازان خەلاتی نۆبێلیان لەبەشی کیمیادا پێبەخشرا. سالی١٩٣٤ماری بە هۆی کاریگەری زیانهێنەری تیشکەکان لەسەر خوێنی لە ساسلمۆز(سوئیس) کۆچی دوایی کرد.

## ٢ـ"مەهدی عولیا"

مەلوک جیهان خانم یان جیهان خانم ناسراو بە مەهدی عولیا کچی ئەمیر محەممەد خانی قاجار و دایکی ناسرەدین شای قاجار لە سالی ١٢٢٠ هـ.ق و ١٨٠٥م هاتە سەر دونیا.

ئەو کە هاوسەری محەممەد شا، سێهەمین پاشای سلسلەی قاجار بوو دوای گەیشتنی کورەکەی بە پاشایەتی نازناوی مەهدی عولیایان پێ دا. مەهدی عولیا لە روخساردا جوان نەبوو، بەلام ژنێکی زانا و وشیار بوو. ئەدەبیاتی فارسی و گرامێری زمانی عەربی بەباشی دەزانی و خۆشنووس بوو.

ئۆگری خوێندنەوەی مێژوو و شێعر بوو بە چەشنێك کە پەرتووکخانەکەی زیاتر لەو جۆرە کتێبانە پێك هاتبوو. ژنێکی قسەزان و حازر جواب بوو. پەند و شێعر و نوکتەی زۆری دەزانی و لەجێگای خۆیدا بە کاری دێنان هۆش و ئازایەتی مەهدی عولیا بە جۆریك بوو کە سەرنجی مێژوو نووسانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، بەلام بە داخەوە هێندك جار بە هەلە کەلکی لێ وەرگرتوە و بۆ نموونە لە ڕووداوی کوشتنی ئەمیر کەبیردا دەستی هەبووە.

## ٣ـ "مادام دستان"

"ژرمینەنکر" هاوسەری "بارۆن دستان"ـ هول شتاین لە ئاوریلی ١٧٦٦ لە پاریس لەدایك بووە ئەو کە کچی بانکدار و وەزیرێك بوو، لە ژیانی دا هیچ کات خەمی بێ پوولی نەکێشا. بەلام هەرگیزیش کاتەکانی خۆی بە فیڕۆ نەدا، بەلکوو کتێب گەلێکی سیاسی نووسی و زیاتر لەهەموو ژنانی بەر لەخۆی و دوای خۆی لەرووداوە سیاسیەکان دا دەست تێوەردانی هەبوو.

بە جۆرێك کە ناپلیئون ئەوی لە پاریس و دواتر لە تەواوی فەڕەنسە دوورخستەوە. ئەو سەفەری بۆ ئیتالیا و ئەلمانیا کرد و ماوەی چەندین سالیش لە سوئیس ژیا. زۆر کتێب و شاکاری لەپاش خۆی بە جێ هێشت و سالی ١٨١٧ م. بەهۆی وەستانی مێشك کۆچی دوایی کرد.

## ٤ـ "ژان دارك"

ژان لە گوندێك لە ناوچەی "لوترینگن" بە ناوی "دومرمی"هاتە سەر دونیا.

ئەو کچی وەرزێرێك بوو کە هەستێك لە دەروونیەوە پێی دەگوت کە دەبێ فەڕانسە لە چنگی بریتانیا رزگار بکا. لە سالی ١٤٢٩دا لەلایەن "کارلی حەوتەم" شای فەرانسەوە ئەرکی پێ سپێردرا کە بچێتە ریزی هێزە نیزامیەکانی ئەرتەشی فەڕانسە، مەیل بۆ رزگاری لەودا بوو بە هۆی ئەوە کە ببێتە هۆکاری سەرەکیی رزگار بوونی ئەرتەشی ئۆرلنا لەچنگی بریتانیەکان.

بەلام بە هۆی خەیانەتی چەند کەس لە هاورێکانیەوە لە سالی ١٤٣٠دا ژان دەسبەسەر کرا و دواتر تەحویلی هێزەکانی بریتانیا درا. لەلایەن دەسەلاتی فەڕانسەوە هیچ هاوکاریەکی ژان نەکرا و لە ئاکام دا ئەو تاوانبار کرا و لە ٣٠ مانگی مەی سالی ١٤٣١ دا لە شەقامی گشتی "روان"دا سووتاندیان.


شیعر
و
پەخشان

# ئەو ژنە، خۆر لە چاوەکانی دا لە دایک بوو

✍ کەژاڵ ئیسماعیل

ئەو چونکە ژنە
شەیتان تاوانی خواردنی سێوی
داوەتە پاڵ
چونکە خودا بە رووتی
دروستی کرد...
ئاواش لە بەهەشت دەری کرد،
بەو تاوانە
هەموو رۆژێک
لە دادگای پیاوپێژدانیدا
مەحکووم ئەکرێت
لە گۆرەپانی زەمەندا لە خاچ
ئەدرێت...
بەلام،
خاچ ئەو و
خاچی عیسا جیاوازن
عیسا چونکە ئاویان ئابوو کوڕی خودا
هەموو حەرامەکانی لێ حەلاڵ کران
ئەو،
حەلالەکانی لێ حەرام ئەکرێت
ئەو، چونکە ژنە..
دەستەسرێکە وا لە گیرفانی ئاپلیۆندا
بەرگێکی ئاودامانییە
وا لەبەر هۆلاکۆدا..
یۆنانییەک لەسەر شانۆ
رووتی دەکاتەوە
هەمووشەوێک
بە دەم کەلبەی راسپۆتینەوە
جەستەی شەلالی خوێن ئەکرێت
بەو تاوانەش مەحکووم ئەکرێت
لە خا...چ ئەدرێت
بەلام خاچی ئەو و
خاچی عیسا جیاوان
عیسا بۆلای خودا ئەچێ و
ئەویش ئەبێتە کەنیزەکێ
لە کۆشی هاروونە رەشیددا
ئەو ژنە،
خۆر لە چاوەکانیدا لەدایک بوو
باران... لە گریانی
زریان.. رقی ئاخی ئەوە
هەناسەشی.. گەردەلوول،
رووبار لە سۆزی ئەو هات
دەریاش .. ئەوینی ئەو
گوڵ..لە دەشت ئارامی دا
ماسی.. لە دەریای حوزنی ئەودا
فێرە مەلە بوو
بەهار..دەمی ئەوە
هاوین.. هەنسکەکانی
پاییز.. غەمەکانی
زستان.. دڵی ساردی
ئەو ژنێکە!
چاوەکانی وان بەلای ئاقێستاوە
لێوەکانی.. بەسەر زاری مۆنالیزاوە
قامکەکانی..
لەسەر دوا سیمفۆنیای بێتهۆڤن جێ
ماون
بسکەکانی..
لە ریشەی لیۆنارد داوێنچی ئالاون
بالاشی..
تەنها شاعیرەکان ئەیرازێننەوە
بەم تاوانانەش مەحکووم ئەکرێت
لە خا..چ ئەدرێت
بەلام خاچی ئەو و
خاچی عیسا جیاوازن
عیسا مەسیحییەکان بۆی ئەگرین
ئەویش..من
عیسا بۆ بەرزترین ئاسمان ئەچێ و
ئەویش بۆ ژێر قاچی راسپۆتین..
ئەی ژن!
گەر تاوانەکان دەستەکانت ببڕن
من ماچیان ئەکەم
چون "دایک"مت هێنایە سەر دونیایە
ئەی ژن!
گەر پێیەکانت ببڕن
من بە ژوور سەرمەوە هەڵیان دەواسم
چونکە بەهەشتیان وا لە ژێر پێ
دایە..!

# خۆشەویستی

ــ خۆشم دەوێی هەڵبەت هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی تۆ، بەڵکوو دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسایەتیەی کە من لەکاتی لەگەڵ تۆ بوون دا هەستی پێ دەکەم.

ــ هیچ مرۆڤێك لەو ئاستە دا نیە کە تۆ فرمێسکی بۆ هەڵ وەرێنی،گەر کەسێکیش ئەو بایەخەی هەبێ هەرگیز ئیزن بەخۆی نادا کە ببێتە هۆی فرمێسك ڕشتنی تۆ!

ــ خۆشەویستی راستەقینە ئەوەیەکە بۆ ساتێکیش پشتی بەرانبەرەکەت بەرنەدەی و بەردەوام ترپەی دڵی لە ناخت دا بزرینگێتەوە.

ــ تاڵترین و ناخۆشترین تراژدیا ئەوەیە کە کەسێکت خۆش بوێ و لێشت روون بێ کە هەرگیز پێی ناگەی

ــ ئەگەرچی تۆ تەنیا یەك کەسی، بەڵام لای من هەموو دونیای!

ــ هیچ کات کاتەکانت لەگەڵ کەسێك مەبەسەرێ کە حەز بە تێپەڕکردنی کات لەگەڵ تۆ دا ناکا.

ــ خەمی ئەو شتانە مەخۆ کە تێپەڕ بوون و گەشبین بە بەو شتانەی کە لە داهاتوودا بەرەوپیلت دێن.

ــ بەردەوام کەسانێك هەن کە ئازارت دەدەن، بەڵام بێ متمانە مەبە، هەرگیزیش متمانە بە کەسێك مەکە کە ئازاری داوی.

سەرچاوە ئینتێرنێت

# ئازادیی خوێندگا

✍ نەجات رۆستی



ئۆخەی جارێکتر دەرگای ئازادیم لێ کرایەوەو لە بەیانییەوە تێر دەبم لەو هەموو ژیانە خۆشەی کە بە ئارەزووی خۆمان هاتووچۆو گفتووگۆ لەگەڵ دەورووبەرەکەمان هەمیشە بە دیار زیندانییەکانەوەن و چاویان بڕیوەتە هەڵسووکەوت و هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ حەز بە ئەنجامدانی دەکات.

قسەی ئەم کچە کە گوزارشتە لە دەکەین، ئەوەی لە ناخمان دایە بۆ هاوڕێکانمان هەڵیدەڕێژین."

ئەوە چەند قسەیەکی کچێکی خوێندکارە کە بەرلە دەستپێکردنەوەی خوێندنگا بە موبایل پێی وتم. ئەم چەند پەیڤە خۆی دنیایەکە لە ناخی مرۆڤێك کە دەیەوێ سادەترین مافی ژیانی پیادە بکا. ئەگەر لایەنە سایکۆلۆژییەکەی ئەم مرۆڤەو هاوچەشنەکانی بخوێنینەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە چواردیواری ماڵ زیندانێکە و دایك و براو باوك ئەو پاسەوانانەن کە هەزاران کیژی چاو کەژاڵی ئەم وڵاتە، کەسێکە خودی خۆی لەو کێشانەدا دەژی و ژیانی ئەویش رەنگدانەوەی ناخی سەدان و هەزارانیترە.

کردنەوەی خوێندنگا، ئازادبوونی هەزاران کچە خوێندکارە کە لە چواردیواری ماڵدا ماوەی سێ مانگە ژیان دەگوزەرێنێت. دڵنیام سەدان و هەزاران کچ لەو ساتەوەی ساڵی خوێندن کۆتایی دێت، نەیانتوانیوە بە ئارەزووی خۆیان هاتووچۆی دەرەوەو هەواڵپرسێتی هاوڕێکانیان بکەن، ئەو کاتەی ئەو پەیڤانەی سەرەوەی پێ وتم، باسی لە چەندین هاوڕێیەکی کرد کە لە ماوەی سێ مانگی پشووی خوێندندا، هەواڵیان نازانێ. تەنانەت نەیتوانیوە بە تەلەفوونیش پەیوەندییان پێوە بکات، بۆیە زۆر خۆشحاڵ بوو کە لە ماڵ ئازاد دەکرێت و لە بواری کارکردنیش ببێتە رۆژنامەنووس، چونکە چەندین بیرۆکەی جوان لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو و حەزی دەکرد ببێتە رۆژنامەنووس، چونکە هەر ئەو بوارە هێندە جورئەت بە مرۆڤ دەدا کە باس لە شتە بڤەو قەدەغەکراوەکانی دۆزی ژنانیش بکرێت.

ئەو پێی وابوو دەبی رۆژانێك بێتەدی کە دوور لە چاوی براو باوك و ئەوانیتر، بتوانێ بچێتە چەندین کۆڕی رۆشنبیری و شایی و رەشبەڵەك و ئازادانە باس لە کێشەو گرفتەکانیشی بکات. ئەمەش ئومێدێکە کە پێویستی بە هەوڵی ئێستایەو وەڵامەکەشی لای ئایندەیە.

# خاسەکەو

با بشەکێنێ شنە ئاڵای کەزیت

مەقنەعەکەت توورِ دە بەدەسماڵەوە

خاسەکەوێکی بە گەرووی ئاڵەوە

خۆت لە قەفەس نا بە خەت و خاڵەوە

ماڵەوە جێ بێڵە شەقام چاوەرِێن

شادی وەخە رِۆحی کورِ و کاڵەوە

گۆمی جەماوەر ورە با بشڵەقێ

بەو رِەشەبای بەژن و قەد و شاڵەوە

با بشەکێنێ شنە ئاڵای کەزیت

مەقنەعەکەت توورِ دە بەدەسماڵەوە

گردە لەچەک، پەرچەمی تۆ خۆی

گری پاقژی نەورۆزە بەدەم یاڵەوە

تامەزرۆی نەرمە شنەی رەوتی تۆن

لاو و بەساڵاچوو و بە منداڵەوە

روون کەرەوەی چاو و دڵن قۆڵ و پۆز

مەیخەرە ژێر ئەو سر و سیپاڵەوە

✍ ئەمین گەردیکلانی

# دەبێ دەستێک درێژ بێ

لە بەر دەرگا ڕاوەستاوم. بەڵێ هەرئێستا گەیشتوومە ئێرە.

نازانم چۆناوچۆن تا ئێرە هاتووم!

دوو دڵم؛ لەوەی لە دەرگا بدەم یان لە زەنگەکە.

لەوجێگایەی ڕاوەستاوم شتێکی ناخۆش دڵم دادەگرێ.

هەر بۆیەش چەند هەنگاو دەگەڕێمەوە و دیسان دێمەوە بەرانبەر دەرگاکە، جێگای هەوەڵم.

لە پەنام ورکە نان رژاوە. چۆلەکەکان جریوەجریویانە.

بڵێی وەختێک بمبینێ چ بکا ؟

دەهێڵێ بچمە ژووری . دەست ڕادەدێرێ دانیشم؛ دادەنیشم.

چاییم بو دادەنێ.

تەماشام دەکا؛ دەڵێ: شەو و ڕۆژ هەوڵ دەدەم ئاسوودە بم.

دەڵێ: ئاسان نیە، بەڵام .. وابزانم...بەجۆرێک... تا جێگایەک... شایەد بتوانم...

نەختێک دەجووڵێتەوە و درێژە بە قسەکانی دەدا:

– زۆر شتم وەلاناوە...وانیە؟

بە پێکەنینەوە دەڵێ: گۆڕاوم ؛ نا؟ قاقایەک دەکێشێ.

لەگەڵ ئەوەی کایە بە قامکەکانی دەکا دەڵێ: ئێستا خۆشحاڵم.

دوایی چاییەک هەڵ دەقوڕێنێ و دەڵێ: لێت بێزارم.

گوێم لە دەنگی چۆلەکەکانە ورکەنانەکانیان هەموو هەڵ گرتۆتەوە.

جریوەجریویانە . پێموایە داوای هی دیکەش دەکەن.

ماوەیەکە هەروا وێستاوم ، دەرگا دەکرێتەوە.

ئەو لە نێو دەرگاکەدا ڕاوەستاوە.

دەمەوێ تەکانێک لە خۆم بدەم و برۆم ؛ ناتوانم؛ قەتم وا لێ نەهاتووە.

سوور هەڵ دەگەڕێم . ئەو چاوی تێ بریوم.

دوایی دەرگاکە پێوە دەدا.

بە ڕێگاکەی خۆمدا دەگەڕێمەوە دواوە. هەتا زۆر دوورنەکەوتوومەوە؛ئاورێک دەدەمەوە و بۆ ئاخر جار تەماشای چۆلەکەکان دەکەم.

پێم وایە دەبێ دەرگاکە بکرێتەوە و دەستێک درێژ بێ و مستێک ورکە نان فرێ داتە درێ.

ئەرێ، دەبێ دەستێک درێژ بێ...

✍ نەشمیل مەلایوسفی

# دڵتەنگییەکانی ژنێکی ٣٢ ساڵە

عەزیز محەممەدپوور

بێتو ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خیابان تووشی ژنێک بێن کە بە ئیمانی زۆربەی خەڵک باڵایەکی بەرزی هەیە و بە بێ ئەوەی سەرنج بداتە کەسێک بە شێوەیەک کە پێت وابێ بەسەر هەوردا دەڕوا و تەنیا و تەنیا لە بەرامبەر خۆی دەڕوانێ و سەرنجی ئەو ڕێبوارانەی بە تەنیشتیدا تێدەپەڕن بۆ گرینگ نیە، بێ گومان ئەو ژنە شایستە خانمە. شایستە خانم لەو ژنانە نییە کە بکرێ لە بیری بکەی یان لە بیر خۆتی ببەیەوە . کەمتاکورت سی و دوو ساڵی تەمەنە. هەرچەن بۆ خۆی پێی وایە تەنیا بیست و نۆ ساڵ و هەشت مانگە و سجیلەکەیان خراپ بۆ وەرگرتوە. سێ منداڵی هەیە و قەت پێی خۆش نییە لەم بارەوە پرسیاری لێ بکەن. تەنانەت پێی خۆش نییە لە گەڵ منداڵەکانی بچێ بۆ بازار و خەڵک بزانن کە بەم تەمەنە کەمەوە خاوەنی سێ منداڵە کە دوانیان دەچن بۆ مەدرەسە. یەکێک لەو شتانەی دڵی شایستەخانمی پێ خۆش دەبێ و پێی دەگەشێتەوە، سەرنجی دەورووبەریەتی. جا با بۆخۆی وا بنوێنێ کە گوێی ناداتێ و بۆی گرینگ نییە چۆناوچۆنی هەڵ دەسەنگێنن. بەلام ئەوەی ڕاست بێ شایستە خانم لەو ژنانەیە کە بچوکترین قسەی دەورووبەر کاری تێ دەکا، هەرچەن پێی وابێ وەها شتێک لە گۆڕێدا نیە. بۆ وێنە چەندین و چەن ساعەت دادەنیشێ و بیر لە قسەیەک دەکاتەوە کە سەبارەت بەو گوتراوە -کە لەوانەیە قسەیەکی زۆر ئاساییش بێت- کەچی هەر ئەو قسەیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە زەینی ئەودا دێت و دەچێ و لە کۆتایشدا بە بێ ئەوەی بە ئاکامێک بگات وەک تەلیسم و گرێ پووچکەیەک فرێی دەداتە تاریکخانەی زەینییەوە.

ئێستاش کە بۆ کرینی دەسماڵێکی ڕەنگ کاهوویی کە لە شایی ئامۆزاکەیدا بە شانی ژنە دوکتورێکەوەی دیویەتی هاتوتە بازار، بە خەست و خۆڵی بە خۆی ڕاگەیشتوە و بەو جۆرەی کە دڵی خۆی لێی حەساوەتەوە ئارایشی کردوە. ئارایش لەو شتانەیە کە شایستە خانم وەختێکی زۆری بۆ دادەنێ و بێتو لەم وەختەدا عەرز و عاسمان لێک درێن، هەتا کاری خۆی بە باشی بە ئاکام نەگەیەنێ گوێ ناداتە هیچ شتێکی دیکە. لەم کاتانەدا نە منداڵ، نە مێرد و نە هیچ شتێکی دیکە گرینگی ئەوەیان نیە کە شایستە خانم لە کارەکەی هەڵ پچڕن و سەرنجی ڕاکێشن. هەر بۆیەش وەختایەک بۆ ئاخر جار لە ئاوێنەی ڕوانی و زانی کارەکەی تەواو بووە، دەستی دایە کیفەکەی و رووی لە بازار کرد. لەوەختی بە ڕێدا ڕۆیشتن، حاڵەتێکی تایبەت بە خۆوە دەگرێ کە جیای دەکاتەوە لەو ڕێبوارانەی بە شەقامدا تێ دەپەڕن. هەر کەسێکی بۆ جارێک شایستە خانمی لەم حاڵەتەدا دیبێ، بێتو چەن حەوتووش لەو چاوپێکەوتنە تێپەڕیبێ سەر لە نوێ شایستە خانم دەناسێتەوە، چونکو شایستە خانم بە شێوەیەکی یەکجار تایبەت بە ڕێدا دەڕوا. هەنگاوەکانی ورد و خێران. دەستی بە هەوای هەنگاوەکانی ڕادەوەشێنێ و ئەو قۆڵەی وا کیفەکەی پێوە هەڵواسیوە بە بێ جوڵە ڕادەگرێ. گۆشەیەکی چل و پێنج دەرەجەیی دەدا بە چەناگەی و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە وا بنوێنێ کە کەمەکێک لووتی هەڵێناوە و هەر ئەم لووت هەڵێنانەشە کە هەیبەتێکی بێ وێنەی پێ دەبەخشێ. جارجار بە مۆنێکەوە سەرنج دەداتە ئەو ژنانەی بە تەنیشتیدا تێدەپەڕن و وردە مێلورەیەکی نزیک بە تەزوو بە لەشیاندا تێدەپەڕێنێ. هەر لەم حاڵەتەدا بە ئاسپایی و بە ویقارێکی تایبەتەوە خۆ بە بەزازییەکدا دەکا. بە بێ ئەوەی چاو لە کابرای بەزاز کە پیاوێکە بە چاوی تایبەت و زمانێکی تایبەتتر، نیوە جەغزێک لە سەر پەنجەی پێی هەڵدەسووڕێ و چاوێک بە تۆپە قوماش و پارچەکاندا دەگێڕێ. پرسیاری کابرای بەزاز کە بە لەبزێکی نەرمەوە لێی دەپرسی:"فەرموون لە خزمەتتاندام." بێ وڵام دێڵێتەوە. چاوێکی دیکە بە پارچەکاندا دەگێڕێ و چاوی لەسەر دانەیەکیان ئۆقرە دەگرێ. لۆیەکی هەڵدەداتەوە و وەختایەک دڵنیا دەبێ، بە کابرای بەزاز کە خۆی بە ماشێن حیسابەکەیەوە خلافاندوە دەڵێ:"بەشی دەسماڵێکم لەم ڕەنگە بۆ لێبکەوە." پووڵەکەی دەدا بە کابرای بەزاز و دێتە دەرێ. سەرلەنوێ خۆی ئامادە دەکا بڕوەی بەو شێوە تایبەتە بە ڕێدا بڕواتەوە. پێش ئەوەی تەواو هەنگاوەکانی بە دڵی خۆی هەماهەنگ بکات هەستی کرد، دوو کورە جحێڵە بە تەنیشتیدا تێدەپەڕن و هەر ورتەیان دێ. "ماشەڵڵا لەو لوتە ئاگات لەخۆت بێ لە عەرزی نەکوتی." هەرچەن شایستە خانم لە وەختی بە ڕێدا ڕۆیشتن کەم وایە سەر وەرسووڕێنێ، بەڵام هەستی دەکرد ئەم جارەیان فەرق دەکا. هەربۆیەش نێوچاوانی تێک نا و لەو دوو کورە جحێڵەی ڕوانی. بەلەباریک بوون و پێکەنینێکی ناجسنانە بە



ڕوخسارياندا بڵاو ببۆوه. بە دەم حيلكەحيلكەوه لە شايستە خانم دوور كەوتنەوه. شايستەخانم هەرچەن حەولی دەدا كە بە ڕووی خۆی نەهێنێ نەيدەتوانی. هەنگاوەكانی بۆ ميزان نەدەبوون و نەيدەتوانی ئەو حاڵەتە سەرمەستانە لە ڕێگا ڕۆيشتنيدا بەدی بێنێ. هەر بۆيەش چووه سەر خيابان و دەستی بۆ تاكسييەک هەڵێنا و سوار بوو. پێش ئەوەی ئادرەسی ماڵەكەيان بە شۆفير تاكسی بڵێ كيفەكەی كردەوه و ئاوێنە چكۆلانەكەی دەرهێنا و بە بێ ئەوەی بێڵێ شۆفير تاكسی ئاگادار بێت لە ئاوێنەكەڕا لە لووتی خۆی ڕوانی. حەه بۆ هێندە گەورە بوو. ئەی چۆن بووه هەتا ئێستا بەم شتەی نەزانيوه! لە هەر كوێيەكی ئاوێنەكەی دەڕوانی هەر لووت بوو. دڵی پڕ ببوو لە خورپە و وەختايەک شۆفير تاكسی لێی پرسی:"تەشريفتان بۆ كوێ دەچی؟" بە ناقايلييەوه كوتی:"بيمارستانی كۆن." نەيزانی چۆناوچۆن لە تاكسی دابەزی و چۆناوچۆن چۆوه ماڵی خۆيان. بە بێ ئەوەی چاو لە دەسماڵە كاهووييەكەی بكات و نەخشەی بۆ بكێشێ چ زەنگيانە و مەليلەيەكی لێبدا، يەكسەر هەڵات بۆ ديوی خەوەكەی و لەسەر سەندەڵی ميزی ئارايشەكەی دانيشت و پڕ بە چاو لە لووتی ڕوانی و بە قامكەكانی ئەندازەكەی هەڵسەنگاند. هەرچۆنێكی لێک دەداوه هەر گەورە بوو و بۆوه نەدەبوو شايستە خانم خاوەنی وەها لووتێک بێ. تەواوی ئەو نيگايانەی دەهاتەوه بير كە زۆر جار دەيانڕوانييە ڕوخساری و ئەو دڵنيا بوو كە هەر هەموويان بە لووتيەوه هەڵواسراون و ئەو چەن شێت بووه كە بەم شتەی نەزانيوه. لە مێشكيدا بە دوای ئەو قسانەدا دەگەڕا كە جارێک لە جاران سەبارەت بە ئەندازەی لووتی ئەو كوتراوه. بێ فايده بوو، وەها قسەيەكی نەدەهاتەوه بير. هاتە سەر ئەم ڕايە كە تەنيا لە بەر حورمەتی ئەو باس لەم مەسەلەيە نەكراوه، دەنا كوێرێكيش بە كوێری خۆی دەيزانی لووتی شايستە خانم گەورەترين لووتە. سەری دايە ژان و لە داخان دەستی كرد بە ددانە چيڕە. ڕەنگە سەير بێ، بەڵام شايستە خانم لەو ژنانە نييە كە وەختايەک كۆسپێكيان دێتە ڕێ دەست بكا بە گريان، بەڵكو بە پێچەوانە سەری لە نێوان هەرتک دەستيدا ڕێک دەكوشی و چاوی بە ئارامی دەقوچێنێ و دەست دەكا بە ددانە چيڕە و نەخشە بۆ چارەسەری دەكێشێ. كاری بەوه نييە نەخشەكەی چەندی تێدەچێ و چەندی تێناچێ. ئەوەی بۆ شايستە خانم گرينگە چارەسەر بوونە و هيچی دی. ئەويش نەک بە شێوەيەكی ئاسايی بەڵكو بەو شێوەيەی كە بۆخۆی پێی وايە دروستە و پاش ئەوەی كە لەسەر بڕيارێكيش ساغ بۆوه، بێتوو تەواوی دنياش لێی بێنە تكا ناتوانن لە بڕياری خۆی پاشگەزی كەنەوه. بە تايبەت ميرزا ڕەحمانی مێردی كە پياوێكی زێڕينگەرە، لە هەموو كەس باشتر دەزانێ كە شايستە خانم بۆوه نابێ قسەی لە قسەدا بكەی و قسە دەبێ قسەی ئەو بێ. هەر بۆيە وەختايەک شايستە خانم شەوێ لە نێو جێدا و لە حاڵێكدا پشتی تێكردبوو پێی ڕاگەياند كە دەيهەوی لووتی عەمەل بكا، بە بێ ئەوەی شتێک بڵێ تەنيا كوتبووی كەيفی خۆتە. هەرچەن ميرزاڕەحمانی مێردی شايستە خانم پياوێكی نەدوێن و كەم قسە بوو و دايم و دەرهەم سەری لە نێو حيساباتی دووكانە زێڕينگەرييەكەيدا بوو، بەڵام كە دەهاتەوه ماڵێ دەبووه پياوێكی ديكە و لە حاند شايستەخانم دا دەبووه مێو و ڕۆن. دايم چاوەڕوانی بزەيەكی ئەو بوو و خوداخودای بوو سەری قسەی لە گەڵ بكاتەوه كە كەم وابوو بەم ئاواتەی خۆی بگا. دايم لە نێوان ميرزاڕەحمان و شايستەخانمدا نێوانێک هەبوو كە ميرزاڕەحمان پێی دەكوت ترس. ترسێكی منداڵانە و لە هەمان كاتدا شيرين كە ببووه هۆی ئەوه ميرزاڕەحمان بە شێوەيەكی تاقانە شايستەخانمی خۆش بوێ. شايستە خانم كچە پووری ميرزا ڕەحمان بوو و هەر لە دەبيرستان پێش ئەوەی بچێ بۆ دانشگا لەويان مارە كردبوو. ميرزاڕەحمان نزيک بە دەساڵ لە شايستەخانم بە تەمەنتر بوو و هەر ئەوەش ببووه هۆی ئەوه ڕق و مل بادانێكی ديار و نا ديار بە ڕەفتاری شايستەخانمەوه ديار بێ و تا ڕادەيەكی زۆر لە مرچ و مۆنی ميرزاڕەحمان كەم كاتەوه و لە حاند داواكارييەكانی شايستەخانمدا خاوی كاتەوه. هەربۆيە پاش ئەوەی شايستە خانم ئادرەسی دوكتورێكی باشی لە تەورێز پەيدا كرد، ميرزا ڕەحمان دووكانی زێڕينگەرييەكەی داخست و بە خۆی و منداڵەكانيەوه ڕوويان كردە تەورێز و پاش چوار ڕۆژ گەڕانەوه بۆ بۆكان. شايستەخانم جارجار دەچووه بەر ئاوێنە و چەندين و چەند ساعەت لەسەر سەندەڵييەک دادەنيشت و لە لووتی خۆی كە كۆڵێک چەسپ و پانسمانی پێوه نووسابوو دەڕوانی. ئەوەی لەم كاتانەدا بە خەياڵيدا ڕادەبوورد جۆراوجۆر بوو. بەڵام تەواوی خەياڵەكانی لەم حەدوسەرە نێزيک دەبوونەوه، بڵێی لووتم شووش و باريک بووبێتەوه؟ ئەوەش شتێک بوو كە پاش چەن ڕۆژی دی مەعلووم دەبوو. بەڵام ئەوەی ڕاست بێ لووتی شايستەخانم هەر لەپێشداش شووش و لەبار بوو و ئەوەی كە بڕياری دابوو كە عەمەلی بكا شتێک بوو كە تەنيا بۆ خۆی دەيتوانی وڵامی بداتەوه. ئەوەی وا لە ماوەی ئەو چەن ڕۆژەدا بەرچاو و جێی باس بوو ئەو ئاڵ و گۆڕە ڕووحييە بوو كە خەريک بوو لە شايستە خانمدا بەدی دەهات. شايستە خانم بە تەواوی بۆی دەركەوتبوو كە ئەو باوەڕبەخۆييەی كە جاران بووی ئێستا لە كەمی داوه. ئەو وەختايەک بەم شتەی زانی كە دەيدی ئێواران وەختايەک ميرزاڕەحمان دێتەوه لەڕێوه بەرەو پيری دەچێ و چاوەڕوانی بيروبۆچوونی ئەوه سەبارەت بە لووتی خۆی. ميرزاڕەحمانيش كە وەبيری نەدەهاتەوه شايستە خانم قەت ئاوا ڕوو خۆش بووبێت، دادەنيشت بە ئێشتيياوه لە كار و باری ئەو ڕۆژەی و مشتەرييەكانی بۆی دەدوا و تەنيا شتێكی كە سەرنجی ئەوی ڕانەدەكێشا لووتی شايستەخانم بوو. هەر ئەوەش دەبووه هۆی ئەوه دڵە خورپەی لە زيادی بدا و ڕێچارەيەكی بۆ وەدۆزێ. ئێستاش كە دوو ڕۆژە چەسپ و پانسمانەكەی لە لووتی كردۆتەوه، بە پارێزەوه چۆتە دەرێ و بە بێ ئەوەی توانيبێتی هەماهەنگييەک لە نێوان هەنگاوەكانيدا دروست بكا و بەو شێوه تايبەتەی خۆی بە ڕێدا بڕوا گوێ قڵاغی دەوروبەريەتی كە دەڵێن چی و ناڵێن چی. كەچی كەس گوێ ناداتە ئەم مەسەلەيە و هەر ئەوەش دەهری دەكات و وای لێدەكا بە پەلە بڕواتەوه بۆ ماڵێ و بەرامبەر بە ئاوێنە دانيشێ و بە بێ ئەوەی سەری لە نێوان هەرتک دەستيدا ڕێک كوشێ و دەست بكا بە ددانە چيڕە و ڕێيەک بۆ ئەم گرفتەی ببينێتەوه، لە قوڵپەی گريان دەدا. گريان بۆ لووتێک كە وێنەدەچوو ئەوەندە گەورە بێت كە عەمەل بكردرايە

# کالیسیۆم

کالیسۆم زۆرترین ماددەیە لە لەشی مرۆڤ دا و بە زۆرترین پێداویستی مرۆڤ دەژمێردرێ.

هەر بۆیە ئێمە رۆژانە پێویستیمان بە نیو گرام هەتا دوو گرام کالیسۆم هەیە، دەنا لەوانەیە بە نەخۆشی پووکی ئێسک یان لەگەڵ خراپ بوونی ددان بەرەورِوو بین.

کالیسیۆم باشترین خۆراک بۆ ئێسک و ددانەکانە تا دەتوانین دەبێ ئەو خۆراکانە بە کار بێنین کە ویتامین (D) یان تێدایە.

کالیسیۆم زیاتر لە کەلەم، پەتاتە، کاهوو، پەنیر، شێلم، گەنم، توت فەرِەنگی، مۆز، کیوی، خورما، نیسک، پیواز، بادام، لوبیا، گوێز، وێنجە، سپێنەی هێلکەو بەتایبەت شیردا دەست دەکەوێ.

# پیێوانەی کالیسیۆم لە خواردنەکان دا

| گرام | لە هەر کیلۆگرام | گرام | لە هەر کیلۆگرەم |
|---|---|---|---|
| ٪٣٤ | پیواز | ٥/٣٤ | شیری دایک |
| ٪٦٧ | هێلکە | ١/٢٠ | شیری مانگا |
| ٩/٣١ | پەنیر | ١/٢٨ | شیری بزن |
| ١/٢٣ | شیری کەم چەوری | ١/٢٣ | گوڵە کەلەم |
| ١/٢٢ | زەیتوون | ١/٠٧ | نیسک |
| ٪١٥ | هەرمێ | ٪٠٧ | سێو |
| ٪٧٨ | کەرەوز | ٪١٥ | کەرە |
| ٧/٨٧ | فندق | ١/٢٢ | هەنجیری ویشک |
| ٪٢٠ | گەنمەشامی | ٪٤٤ | دەنکە گەنم |
| ٪٣٦ | لیمۆ ترش | ٪١٤ | پەتاتە |
| ٪٠٩ | مۆز | ٪٤٣ | کاهوو |
| ٪٧٤ | شەلغەم | ٪٨٩ | گوێزی ویشک |
| ٢/٣٩ | بادامی ویشک | ٪٥٠ | نان |
| ٪٣٤ | دانەی جۆ | ٪٤١ | توت فەرِەنگی |
| ٪١٩ | گێلاس | ٪٨٤ | نۆک |
| ٪٥٦ | گێزەر | ١/٨٧ | تەرەتیزە |
| ٪٢٢ | ماسی | ٪١١ | تەماتە |

# شمشێری ساموورایی( ترسناکترین چەکی سارد )



ن: یونس فەرهەنگ نیا

شمشێری ساموورایی به حەق مەترسیدارترین سیلاحی سارد بۆ هێرشو بەرگری کردن.

ساموورایی یەکێك لە تەواوترینو تیژترینو بەهێزترین چەکە ساردەکان دەژمێردرێو لە ئاستی خۆی دا بە هۆی تایبەتمەندییەکانیەوە بەهێزترینو بێ وێنەترینو بێ هاوتاترین حیساب دەکرێ. تیغەکەی لەڕادەبەدەر تیژو کارامەیەو کێشەکەی بە هۆی ئەستوورایی پۆلا زۆر قورسەو دەسکەکەی بەرزو بلندو خۆش دەستەو ئەوەش بە مەبەستی ئەوەیە کە خاوەنی بە هەر دوو دەست بتوانێ رایگرێت. ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر شمشێری ساموورایی بکەین دەبێ بە وردی باسی بکەین چونکە خالی بەهێزی زۆرەو کەیفیەتی لە ئاستێکی بەرزدایە.

تێپەڕ کردنی دەورەی ساموورایی لە مانگەکانی یەکەم دا لەبەر قورس بوونیو هەلسووڕانیو تەکنیکە ئالۆزەکانی موشکیلە بەلام ئەگەر راهاتیو هەلسووڕانت هەبوو دەتوانی مسەیتەر بی بەسەر ساموورایی دا ئەگەر پێ داگیر بی دەتوانی سەرکەوتووانە قۆناغی فێربوونی ساموورای تەواو بکەیتو لە پاشان پشت بە لێهاتوییو سەلیقەی خۆت ببەستی.

ساموورایی تیغەکەی زۆر تیژەو قورسایی لە چاو قەوارەکەی زۆرە ئەمەش لەبەر ئەوەی کە پۆلایەو هەر لایەکی لە ١٠ تا ٢٠ سانت پێکهاتوو و گەرم دەکرێو کووتراوەو ئەوەندەی دەکوتنەوەی تاوەکو ئەستورایی دەبێتە ١ سانتیمەتر. کارێکی قورسە، لە ژاپۆنو چین ئەو کەسانەی سەرقالی درووست کردنی ساموورایی ئەسلێن زۆر کەمن.



ئەم پۆلایە ٢٠ سانتیمەتر ئەستووری کە لە نەتیجەی کوتانەوەی دەبێتە ١ سانتیمەتر چ مقاومەیەکی هەیە کە بە شێوازێك کە دەتوانێ دارێکی ئەستوور یا ئاسنێك بە بێ تێکچوون دوو لەت بکات.

ئەو کەسانەی ئیشی درووست کردنی ساموورایی دەکەن بە وردبینییەکی تەواو دەڕوانە تیغی ساموورایی کە تیژە یان نا، و



بڕوایان وایە کە ساموورایی دەبێ ئەوەندە تیژ بێت کە لەگەڵ دانانی تیغ لەسەر دەست بە بی هیچ زەختو فشارێك توانایی بـڕینی پەنجـەکانی دەسـتی هـەبێت. قورسـاییو کێشـی سـاموورایی دەگاتـە ٢ تـا ٧/٥ کیلـۆ، ئەگـەر کەسـێك بیهـەوێت فێـری ساموورایی بێت دەبێ لانیکەم بۆ ماوە چەند ساعەت شمشێرەکە لە بەرامبـەر خـۆی ڕاگرێـت بـە شـێوەیەکی ڕاسـت کـە ئەمـەش بـە یەکێك لە گرنگترین دەورەکان دەناسرێت. سەریع بوونی ساموورایی لە دەرەجەی یەکەم دا وەك بنەما دەژمێردرێو سـاموورایی کـار دەبێ زۆر سەریعو دەقیق بێت کە بتوانێ ئامانجی خۆی بپێکێ بۆ وێنە سەرێك لە لەش جیا کاتەوە بە بێ ئـەوەی سـەرەکە بکەوێتـە خوارەوە. سەرسووڕهێنەرە بەڵام بەردەوام بوون لە کارو تێکۆشان دەکری بەسەر هەر کارێك دا سەرکەوتوو بێت.





# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان



سۆیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

بەشدارانی بەڕێز:
میوانە خۆشەویستەکان!
پێشمەرگە بە جەرگەکان!

لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەری گشتی و هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پێشکەشی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی خۆڕاگرو بنەماڵەکانیان و هەموو کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین.

بەڕێزان:

لە وەها کات و ساتێك دا کە هەر کەسێك بۆ ئازادیی نەتەوەکەی گیانی دەکاتە قوربانی و هەر یەکەو بە شێوەیەك لە دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکارییەکانی خەبات دەکا، بێ گومان ڕۆڵی ژنان و لاوان لەم پێناوەدا دیارو بەرچاوەو لە هەمان کات دا ئەرکی سەر شانمانە کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواو بەرحەقەکانمان خەبات بکەین .

ژنان دەبێ بۆ وەدەسهێنانی ئازادی و یەکسانی دەنگ هەڵبڕن و پەردەیی بێ دەنگی بدڕێنن. دیارە بە خۆشیەوە دەبینین کە ژنان توانیویانە لە ژێر ئەو هەموو زوڵم و ستەم و پێشێلکاریانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەری دا زاڵ کردوون و لە دژی هەموو یاساو ڕێسا دژە مرۆڤییەکانی کۆماری ئیسلامی بێنە مەیدانی خەبات.

زۆرن ئەو کیژو لاوانەی کە لە مەیدانی خەبات لە دژی نەبوونی مافەکانیان ئازایانە هاتوونە مەیدان و لە دژ دڕندانەترین ئەشکەنجەدا لەشی ناسکیان کەوتۆتە بەر ئازارو ئەزیەت، بەڵام بە چۆك دا نەهاتوون. ئەوانە هەموویان لە جێگەی خۆیان دا پێشمەرگەن. ئەوانە کە لە شارو ناوچەکان و بەو پەڕی فیداکارییەوە سیاسەتەکانی ئێمە بڵاو دەکەنەوە پێشمەرگەن کەواتە هەموو ئەو ژنانە و هەموو ئەو لاوانە لە نێو ڕیزی خەبات دان و تەواو وەخت لە خزمەت حیزب و گەل دان و هەموو ئەو کچ و کوڕانەی لە نێوخۆی وڵات دا چالاکیی دەنوێنن پێشمەرگەن. کەواتە هەمووی ئێمە کە بۆ یەك ئامانج تێدەکۆشین پێشمەرگەین. ئێمە وەك دوو ڕێکخراوی سینفی و هاوخەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان داوا دەکەین کە ژنانی کورد بێنە مەیدان و بە دژی سەرەڕۆیی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان و بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆیان خەبات بکەن.

لاوان، سەرمایەو سامانی نەتەوە بەشخوراوەکەمان، بە دژی هەموو داواکانی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ لەناوبردنی ئەو سامانەی نەتەوەکەمان هەوڵی بۆ دەدا خۆڕاگر بن و تێبکۆشن کە خەباتمان بێتە بەرهەم و ئێوەش لەو خەباتە پشکتان هەبێ.

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو کوردێکی بە شەڕەف پیرۆز بێ.

**دەستەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی**
**ژنانی دیموکراتی کوردستان**
**کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی**
**لاوانی دیموکراتی**
**ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٣٨٨ی هەتاوی**

# ٢٥ی نوامبر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە دژی توندوتیژی لە سەر ژنان

ڕۆژی ٢٥ی نوامبر، وەک ڕۆژێکی سەمبولیک بۆ چڕکردنەوەی خەبات لە دژی توندوتیژی بە دژی ژنان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە.

لە ڕۆژی ٢٥ی نوامبری ساڵی ١٩٦٠ی زایینی سێ خوشک بە ناوەکانی پێتریسیا، مینرۆوا و ماری کە بە خوشکانی میرابێل بە ناوبانگ بوون، دوای چەندین مانگ ئازار و ئەشکەنجە لە لایەن ڕێکخراوی ئەمنیەتیی ئەرتەشی دۆمینیکەن، تەرمەکانیان لە باکووری ئەو وڵاتە لە تەنیشت زۆنگاوێک دۆزرانەوە. تاوانی ئەوان خەبات دژی دیکتاتۆریی حاکم لە وڵاتەکەیان،ڕافائێل تروخیۆ بوو. حکومەت، وەک پیشەی هەموو حکومەتە



دیکتاتۆریەکان ڕای گەیاند کە ئەوان لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانیان لە دەست داوە. بەڵام خەڵک بڕوایان بەوە نەکرد و دژ بەو تاوانە ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ بڵێسە سەندنی هەرچی زیاتری خەبات لە دژی دیکتاتۆریی ترۆخیۆ تا سەرەنجام سەرکەوت.

٢١ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، واتە لە ساڵی ١٩٨١، لە کۆبوونەوەیەکدا کە بە بەشداریی چالاکانی بواری مافەکانی ژنان لە ئەمریکای لاتین و ناوچەی کارائیب، لە شاری بوگوتای پێتەختی کۆلۆمبیا بەڕێوە چوو، پێشنیار کرا تا ڕۆژی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابێل بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە دژی توندوتیژی لەسەر ژنان نێودێر بکرێ. ئامانجیش لە لایەک ڕێزگرتن لە خەبات و بەرخودانی ئەو سێ خوشکە بوو و لە لایەکی تریشەوە سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای توندوتیژی دژ بە ژنان و هەوڵەکان بۆ بنەبڕ کردنی ئەو ستەم و ناعەداڵەتیە ڕابکێشرێ.

لەو کاتەوە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین ڕۆژی ٢٥ی نوامبر وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە لە دژی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕێزی لێ دەگیرا بەڵام لە ساڵی ١٩٩٩ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو بۆنەیەی بە ڕەسمی پەسەند کرد.



# هەواڵ و چالاکی










## سمینارێك بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی



ڕۆژی چوارشەممە ٤ی سەرماوەز ( ٢٥ نوامبر) لە بنکەی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییە"CDO" لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان سمینارێک لە ژێر ناوی "نا بۆ توندو تیژی" پێک هات. لەم سمینارەدا خاتوو سەمیرە محەممەد، نووسەر و چالاکی بواری ژنان باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر توندو تیژی دژی ژنان پێشکەش کرد. ناوبراو لە باسەکەی دا پێناسەیەکی لە توندو تیژی دژی ژنان کردو جۆرەکانی توندو تیژی، ئامانج لە توندو تیژی، هۆکارە بابەتیەکان و زیانەکانی ئەم دیاردەیە بە وردی هێنایە بەر باس. هەروەها خاتوو سەمیرە لە بەشێکی دیکە قسەکانی دا باسی لە کۆمەڵگەی کوردستان کرد و ئەو دیاردانەی ناو برد کە بوونەتە هۆی پەرەسەندن و بەربڵاوی توندوتیژی دژی ژنان. پاشان کۆمەڵێک خاڵی دەستنیشان کرد کە بۆ سڕینەوەی ئەم دیاردەیە پێویستە لە لایەن نیهاد و ڕێکخراوەکانی ژنان و دەزگاکانی حکوومەت و ڕاگەیاندنەوە لە بەر چاو بگیردرێن وەک: وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە، گەشە پێدانی مرۆیی واتە وشیاریی خێزان، پیادە کردنی پڕۆژەیەکی سەردەمیانە لە لایەن حکوومەتەوە، هەوڵدان بۆ چەسپاندنی یاسایەکی دادپەروەرانە و گۆڕینی یاسا پڕ لە جیاوازییەکان و هتد.

لە دوایین بەشی کۆڕەکەدا بەشدارانی ئەو سمینارە کە ژنانی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، ڕوانگە و تێبینییەکانی خۆیان سەبارەت بەو مژارە خستە بەر باس.

شایانی باسە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی سوهەیلا قادری، سکرتێری ئەو ڕێکخراوە بەشدارییان لەو سمینارە و باسەکانیدا کرد.

# بەڕێوەچوونی کۆڕێکی ڕووناکبیری بۆ دوو ڕووناکبیری تاراوگەنشین لە سلێمانی



سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕووناکبیری ژنان لە شاری سلێمانی ڕۆژی سێ شەممە ١٧ی سەرماوەزی ١٣٨٨ هەتاوی، کۆڕێکی بۆ دوو ڕووناکبیری تاراوگەنشینی کورد، ئەحمەد ئەسکەندەری و ڕەسووڵ سمایل عەبدوڵاو هەروەها ڕووناکبیری بیانی خاتوو ئونی ڤیکان پێک هێنا.

لە بەشی یەکەمی باسەکانی کۆڕەکەدا ڕەسووڵ سمایل عەبدوڵا خەڵکی باشووری کوردستان و نیشتەجێی تاراوگە بابەتێکی لە ژێر ناوی "کوشتن بە ناوی شەرەف و پێوەندیی بە ئیسلامەوە" پێشکەش کرد.

لە باسەکەیدا ناوبراو چەند ڕوونکردنەوەیەک لەسەر چەمکەکانی، نەتەوەی ناموسپەرست و مەبەستەکانی کوشتن لە پێناو ناموس دا تیشکیان خرابووە سەر.

کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو ئێوارەیە مامۆستای ئەنترپلۆژیی لە زانکۆی ئۆسلوو، خاتوو ئونی ڤیکان بوو کە لە یونسیف ڕاوێژکارە و نۆ بەرهەمی لە چاپ داوە. ناوبراو بابەتێکی لەژێر ناوی (قوربانیانی کوشتن بە ناوی شەڕەف) پێشکەش کرد کە باسیان لە کۆمەڵێک ئەزموون کرد لە وڵاتانی جۆراوجۆر لەسەر شێوازەکانی توندوتیژی دژی ژنان و چۆنیەتی کوشتنیان، یان ئەو هۆکارانەی کە دەکرێتە پێوەر بۆ کوشتنی ژنان کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم کوشتنانە بە بیانووی پاراستنی شەڕەفەوە کران و چەندین نموونەی خستەڕوو کە هۆکاری سەرەکیی هەموو کوشتنەکان هێنانەوەی پاساوی شەڕەفی لە پشت بووە.

دواین بەشداریی کۆڕەکە بەڕێز ئەحمەد ئەسکەندەری بوو کە بابەتێکی لەسەر (توندوتیژی دژ بە ژنان کاری پێشگیرانە و ڕۆڵی دەسەڵات و کۆمەڵگە) پێشکەش کرد.

باسەکەی ناوبراو خستنەڕووی چەند ڕوانگە و بۆچوونی ڕەخنەگرانە بوو لە سەر دامودەزگاکانی پێوەندیدار بە ژنان بە گشتی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا کە نەیانتوانیوە کوشتنی ژن لە ژێر ناوی شەڕەفپارێزیدا کەم بکەنەوە. ناوبراو ئەوەشی گوت کە کوشتنی ژنان تەنیا تایبەت نیە بە کۆمەڵگای کوردستانەوە، بەڵکوو ئەم کێشەیە پانتاییەکی جیهانی هەیەو ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێیینەی مرۆڤایەتی دەبێتەوە.

کۆڕگێڕ لە باسەکەی داچەند نموونەیەکی خستەڕوو کە بۆ ژنان شەڕەفی پیاون بەڵام پیاو بە پێچەوانە بەم جۆرە و بەو مەبەستە چاو لێ ناکا، هەروەها باسێکی کورتی لەسەر کاریگەریی یاسا لەسەر کەمکردنەوەی تاوان دەر حەق بە ژنان کردو بەداخبوونی خۆی لە فرەژنی و بە کەم گرتنی ژنانی لە کوردستان ئەویش لە ڕێگەی یاساوە ڕای گەیاند کە فرەژنی بۆ لە یاسادا ڕێگەی پێ دراوە. هیوای خواست ژنان لە مافە بەرحەقەکانی خۆیان چ لە خێزان و چ لە کۆمەڵگە کۆتا نەبن و سووربن لەسەر پاراستن یان بە دەستهێنانی.
جێگای ئاماژە پێ کردنە کە بەشێکی بەر چاو لە ژنانی ڕووناکبیرو خەباتکار لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەشدار بوون.

شایانی باسە کە هەیئەتێکی چەند کەسیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیش بۆ ئەو کۆڕە بانگهێشت کرابوون و بەشدارییان لەو کۆڕەدا کرد.

# سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان



ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٢/١٣ هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان سەردانی بنکەی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان لقی کۆیەیان کرد.

ئەم هەیئەتە کە بە فەرمی بانگهێشت کرابوون لەلایەن هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانەوە پەیامی پیرۆزباییان هاوڕێ لەگەڵ چەپکە گوڵ پێشکەش بە ژنانی ئەندام لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ئافرەتان کردو بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ئەم یادەوەرییە کرد.

پێویستە ئاماژەی پێبکرێ کە هەیئەتی یەکیەتیی ژنان کە بریتی بوون لە بەڕێزان: فەریبا وەیسی ئەندامی بەڕێوەبەریی، ئایشە ئیسماعیل نژاد، گوڵاڵە محەممەدی و شیلان شێخی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان کە لەلایەن بەڕێز نەشمیل خان بەرپرسی لقی کۆیە یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان و چەند کەس لە ئەندامانیانەوە پێشوازییان لێکرا.

# سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان لە سەنتەری ڕووناکبیریی ژنان لە سلێمانی

هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خاتوو سۆهەیلا قادری، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە ڕۆژی شەممە، ١٤ ی سەرماوەزی ١٣٨٨ ی هەتاوی سەردانی بەڕێوەبەرانی سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕووناکبیریی ژنان لە سلێمانییان کردو لە لایەن هەیئەتیکی خانەخوێ بە سەرپەرستیی خاتوو ڕووناک فەرەج، لێپرسراوی سەنتەرەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.



لە کۆبوونەوەی ئەو دوو هەیئەتە دا باس لە کێشە و ئاریشەکانی ژنان و بزووتنەوەی ژنان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا کرا و لە سەر گرفت و ئاستەنگی بزووتنەوەی هەر کام لەو بەشانەی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا لە سەر ئەوە پێ داگیرایەوە کە ڕێکخراوەکان ڕۆڵی گرینگیان لە بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنان دا هەیە و ئەوەش ئەوە دەخوازێ کە ئەو ڕێکخراو و ناوەندانەی کار لە سەر پرسی ژنان دەکەن، زیاتر و بەرفراوانتر هاوکاریی یەکتر بکەن و پێوەندییەکانیان لە گەڵ یەکتر و هەوڵەکانیان بۆ کار و پرۆژەی هاوبەش پەرە پێ بدەن.

شایانی باسە کە بەڕێزان گەلاوێژ حەسەنزادە شیرین ڕۆژە، و شلێر قادرزادە لەو سەردانەدا و لە هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا هاوڕێیەتی سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیەیان کردبوو.

# بەڕێوەچوونی سمیناری "ژنان بەرەو دەسەڵات"، لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد



ڕۆژی شەممە، ٣٠ ی خەزەڵوەر (٢١ی نوامبری ٢٠٠٩) بە بۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، سیمینارێکی یەک ڕۆژە لە ژێر ناوی "ژنان بەرەو دەسەڵات" لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بەڕێوە چوو.

ئەو سمینارە سەرەتا بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی ئەو ژنانە کە گیانیان فیدای یەکسانی لە کۆمەڵگادا کردوە و هەروەها هەموو شەهیدانی سەربەرزی کوردستان، ڕاگەیاندرا. پاشان بە بیستنی پارچە مۆسیقایەکی حەزین هاودەردی لەگەل بنەماڵەی نوێترین شەهیدی ڕێگای ڕزگاری، ئێحسان فەتاحیان کرا.

دواتر لە لایەن کاک کەماڵ حەسەنپور باسێکی تیرو تەسەل لە سەر کاری ڕێکخراوەیی لە وڵاتی سوێد پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی سیمینارەکە دا کورتە فیلمێک کە لەسەر چۆنیەتی ژنان بەرەو دەسەڵات، کە لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە ئامادە کرابوو، نیشان درا و دوا بەدوای کورتە فیلمەکە بەشی یەکەمی پانێل دەستی پێ کرد.

لەو پانێلەدا خاتوو زیبا سەروەری باسێکی لەسەر "شەڕ و نەخۆشیە دەروونییەکان" پێشکەش کرد.

پاشان سۆران عەلیپور باسەکەی خۆی لە سەر میدیا و خەباتی یەکسانیخوازی دا پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

لە بەشی دووهەمی پانێلی ئەم سمینارەدا ئەحمەد ئەسکەندری باسێکی لەسەر باوەر بەخۆ بوونی ژنان پێشکەشی بەشداران کرد. دوا بە دوای ئەو خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی وتارێکی لە ژێر ناوی ژن بەرەو دەسەڵات پێشکەش کرد.

شایانی باسە بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی ئەم سمینارە بۆ نیشاندانی جۆرەکانی جلوبەرگی کوردی تەرخان کرابوو. دواتر ئەو لاوانە بە پێشکەش کردنی چەپکەگوڵ لە لایەن بەرپرسی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی سۆئێد خاتوو شوعلە قادری، ڕێزیان لێ گیرا

# پێکهێنانی شەوێکی کوردی بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لە شاری لینشۆپینگ



لە درێژەی کارو چالاکیەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری لینشۆپینگ دا، ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٣ ی سەرماوەز(٠٤ - ١٢ - ٢٠٠٩ ) بەشێکی بەرچاو لە بنەماڵەکان و ئەندامانی سەر بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی ڕێز لێنان لە ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە یەکێک لە سالۆنەکانی ئەم شارە کۆبوونەوە. ئەم شەوە کە بە مەبەستی ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی کوردستان پێک هاتبوو، سەرەتا لە لایەن بەڕێوەبەرانی ئەم شەوە کوردییە بەخێرهاتنی گشت بەشداربووان کرا و ئەوجار ئێوارە خوانێکی کوردانەیان بە خواردنی کوردی بۆ گشت لایەک پێک هێنا.

پاشان لە لایەن هەر دوو بەڕێزان کوێستان بابایی و شلێر حەسەنپوور بەرنامەیەکی کێبەرکی لە چەندین بواری جۆراجۆر: مێژوویی، کولتووری، هونەری بۆ ئەندامان بە شێوەی پرسیارو وەڵام ڕێک خراو و هەموو لایەک بە گەرمی بەشداریان لەم کێبەرکێیە دا کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو بەرنامەیەدا لە لایەن بەڕێز کاک قادر نەبیزادە، کادری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر چۆنیەتی ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز و ئەرکی پێشمەرگە لە قۆناغە جیاجیاکاندا چەند وتەیەک پێشکەش کرد و هەروەها لە لایەن حەمەرەسووڵ کەریمی چەند وتەیەک بە شێوەی پەخشان لە سەر ورەو ئیمان و خۆراگری پێشمەرگە پێشکەش کرا. دوای ئەم بەشە بەشدارانی ئەم شەوکۆرە بە گوتنی گۆرانی و سروودی نیشتمانی و هەروەها بە بەڕێوەبردنی ڕیزە هەڵپەڕکێیەکی جوان لە لایەن ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا درەنگ وەختانێک لە شەوە درێژەیان بە کارەکانی ئەم شەوە کوردییە دا و بەم شێوەیە یادو بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی سەختی خەبات و قۆناغی ئێمرۆی خەباتیان زیندوو ڕاگرت.

# فەتاح سەوزەواری لە کۆنسێرتێک دا بۆ یەکیەتیی ژنان

**ڕۆژی ١٠ی بەفرانباری ١٣٨٨ (٣١ی دێسامبری ٢٠٠٩) سەعات ٢/٣٠ی پاش نیوەڕۆ لە یەکێك لە کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ساڵی تازەی زایینی‌یەوە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆنسێرتێکی گۆرانیی بۆ هونەرمەند فەتاح سەوزەواری پێك هێنا کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداربووان بەرەوڕوو بوو. لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك گۆرانی شادو خۆش لەلایەن ئەم هونەرمەندەوە گوتران. سەعات ٥ی ئێوارە کۆتایی بە کۆنسێرتەکە هات.**



## ندا ئاقاسوڵتان بوو بە یەکێک لە پاڵەوانانی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی

بڵاوۆکی تایم کە لە ئامریکا چاپ و بڵاو دەبێتەوە، ندا ئاقا سوڵتانی وەک یەکێک لە پاڵەوانەکانی ساڵی ٢٠٠٩ ی زایین ناساندوە.
ندا ئاقا سوڵتان لە نێو ١٠ پاڵەوانی هەڵکەوتووی ساڵی ٢٠٠٩ لە پلەی دووهەمی ئەو ریزبەندییەدا جێی گرتوە.
بڵاڤۆکی تایم هەموو ساڵێک ١٠ کەس لەو کەسانەی بە چالاکییەکانیان کاریگەریی لە سەر دنیا و بیرورای گشتیی جیهان دادەنێن، وەک پاڵەوانانی ساڵ ناویان دەبا و دەیان ناسێنێ.
" جێلسی سولنبێرگ" ، ئەو فرۆکەوانەی کە گیانی زیاتر لە ١٥٠ کەسی لە مردن رزگار کردبوو، لە پلەی یەکەمی ئەو ریزبەندییەدا جێی گرتوە.
شایانی باسە کە پێشتریش زانکۆی ئاکسفۆردی بریتانیا بورسییەیەکی بە ناوی ندا ئاقا سوڵتان لە لقی فەلسەفە دا کردبۆوە و خوێندکاری تایبەتی بۆ وەردەگرێ.
ندا ئاقا سوڵتان کە لە کاتی خۆپیشاندانەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئێران لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمەوە بە گولله پێکرا، بۆتە یەکێک لە سەمبوولەکانی خەبات و بەرخودانی نەیارانی کۆماری ئیسلامی و لەوبارەوە هەواڵدەرییەکان بڵاویان کردەوە کە ساتەکانی گیان بەختکردنی ئەو خوێندکارەی ئێران لە مێژووی مرۆڤایەتی پربینەرترین ساتی گیانەڵلای مرۆڤێکە کە لە دنیادا خەڵک لە رێگەی تەلەڤزیۆنەکانەوە بینیویانە.

## دیاردەی "ژن بە ژنە" لە سەقز هێشتا هەر ماوە

دیاردەی ژن بە ژنە لە ناوچەی سەقز بنەبڕ نەکراوە و هێشتا بەشێکی بەرچاو لە گوندنشینان و تەنانەت دانیشتووانی نێو شاری سەقز بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەم نەریتە کۆن و دزێوە بەڕێوەدەبەن. بە گوێرەی راپۆرتی "ناوەندی هەواڵدەریی سەقز"، شارەزایەکی بواری کۆمەڵایەتی لە شاری سەقز، سەبارەت بەم دیاردە ئاشکرای کردوە کە هۆکاری بنەبڕ نەبوون و تەنانەت پەرەسەندنی دیاردەی ناحەزی ژن بە ژنە، سەرەتا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا کۆمەڵگای ئێمە تا رادەیەکی بەرچاو خێڵەکییە و داب و نەریتی کۆن و ناشارستانی تێدا ماوە. هەروەها لەم سەردەمەدا بە هۆی چوونە سەرەوەی تێچووی ژن هێنان و کچ بە شوودان، هەندێک لە بنەماڵە هەژارەکان پێیان باشە بە مەبەستی کەمکردنەوەی تێچووی زەماوندەکان و هاوکات هێنانە خوارەوەی داخوازییەکانی ماڵی بووک و زاوا، پەنا بۆ ئەم دیاردە ببەن.
ئەم کۆمەڵناسە هەروەها ئەوەشی گوتوە کە ئەزموون نیشانی داوە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە شێوازی ژن بە ژنە، ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە، پاش ماوەیەک تووشی کێشە و ناکۆکیی بنەماڵەیی و تەنانەت جیابوونەوە دەبن و کەمتر کەسێک بەم شێوە بەختەوەر بووە.
شایانی باسە ، راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە هێشتا کۆمەڵێکی بەرچاو لە بنەماڵەکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئەم نەریتە کۆنە کۆمەڵایەتییە رەچاو دەکەن.

## هەڵوێستی ژنانی ئازادیخوازی ئێران لە دژی سەرکوتی خەڵکی کوردستان

ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی چالاکی بواری یەکسانی لە راگەیەندراوێک دا سەبارەت بە ئێعدامی ئیحسانی فەتاحیان و مەترسیی ئێعدامی چالاکانی دیکەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتی دەردەبڕن و داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی جیهان دەکەن تا بۆ پێشگرتن لە سەرکوت و ئێعدامی چالاکانی کورد نارەزایەتی دەربڕن و هەوڵ بۆ بەرگرتن لەو ئێعدامانە بدەن.
لەو راگەیەندراوەدا کە لە ژێر ناوی "نارەزایەتی بەرامبەر بە ئێعدامی خەباتکارانی سیاسیی کورد، خەبات لە دژی تیرۆر لە ئێرانە" بڵاو بۆتەوە، وێڕای مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کار و کردەوەکانی، داوا لە سەرجەم ویژدانە وشیارەکان کراوە کە پشتیوانی لە چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە ئێران دا بکەن.
لە بەشێکی ئەم راگەیەندراوەدا هاتوە: کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیان و هەڵاواردنی مەزهەبی، قەومی ، نەتەوەییو رەگەزیی وەک یاسایەیەک بەڕێوە دەبا و هەموو گرووپە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکان بە نایاسایی لە قەڵەم دەدا و لەم نێوەدا وەک جیاییخواز و تیرۆریست لە قەڵەم دراون. ئێمە دەپرسین کێن ئەوانەی شایانی ئەوەن ناوی تیرۆریستیان لە سەر دابندرێ؟
وڵام ئەوەیە: ئەوانەی بۆ پەرەپێدان بە چالاکییە تیرۆریستییەکانی حیزبوڵڵاکان و حەماسەکان لە سەرانسەری دنیادا سامانی وڵات خەرج دەکەن، ئەوانەی خەباتی مافخوازانەی خەڵک لە سەرانسەری ئێراندا بە زیندان و ئەشکەنجە و کوشتن وڵام دەدەنەوە.
ئەو کۆمەڵە کەسە لە ژنانی چالاکی ئێران داوا لە گشت وێژدانە وشیارەکانی ئێرانو سەرانسەری جیهان دەکەن کە بۆ پشتیوانی هەمەلایەنە لە زیندانیانی سیاسی یەکدەنگ بن.
شایانی باسە لە کۆتایی ئەو راگەیەندراوەدا داوا لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە لایەنی دانوستانەکانی ئابووری و ناوکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامین، کراوە کە رێز لە ماف و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران بگرن و مەرجی پاراستنی گیانی ئەو بەندکراوانە لە دانوستانەکانی خۆیاندا بگونجێنن.

## زۆرترین رێژەی تەڵاق لە ئێراندا لە پارێزگاکانی سنەو کرماشاندا روو دەدەن

بە پێی وتەی جێگری ناوەندی زانیاری و ئاماری شووڕای کلتووری و کۆمەڵایەتیی ژنان، رێژەی تەڵاقدان لەچاو کۆی گشتیی حەشیمەت نیشان دەدا کە پارێزگای سنە بە ٢١ دەرسەدی تەڵاق، پارێزگای تاران بە هەمان رێژە و پارێزگای کرماشان بە ١٩دەرسەدی تەڵاقدان پلەی سەرەوەی ئاماری تەڵاقیان لە ئاستی ئێراندا گرتۆتە دەست.
شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی هۆکاری ئەو رێژە زۆرەی تەڵاق لەو دوو پارێزگایەی کوردستان بۆ شەپۆلی ماڵوێرانکەری بێکاری و هەژاری، گیرۆدە بوون بە ماددە هۆشبەرەکان و زۆر گرفتی دیکە دەگەڕێننەوە کە ئەمرۆکە داوێنی کۆمەڵگای کوردستانی گرتوە و رۆژ نیە کە سەدان کەس و دەیان لاوی کورد لە ژنان و پیاوان بە هۆی ئەو گرفتانەوە هێلانە و کاولانی ئاوات و ئارەزووەکانیان تێک نەدرێ و پەنا بۆ جیابوونەوە و تەڵاق نەبەن. ئەوە لە کاتێک دایە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هیچ هەنگاوێکیان بۆ چارەسەری گرفتەکان و پێشگرتن لە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە هەڵ نەگرتوە و بێکاری لەو پارێزگایانەی کوردستان وەک هۆکاری سەرەکی لەبەریەک هەڵوەشانی تەڵاق تادێ پتر پەرە دەستێنێ.

# بانگکرانی دوو کەسی دیکەش لە چالاکانی کەمپەینی یەک میلیۆن واژۆ بۆ دادگا

ڕۆژی شەممە، ٩ ی خەزەڵوەر دوو کەسی دیکەش لە چالاکانی کەمپەینی یەک ملیۆن واژۆ بۆ دادگای شۆرشی تاران بانگ کران.



ماڵپەڕی گۆران لە پیناو یەکسانی بڵاوی کردەوە کە ڕۆژی شەممە، ٩ ی خەزەڵوەر جلوە جەواهیری و کاوە مزەففەری، دوو کەس لە چالاکانی کەمپەینی یەک ملیۆن واژۆ بۆ لقی ٣ ی لێپێچینەوەی دادسەرای شۆرشی ئیسلامیی تاران بانگ کراون تا سەبارەت بە کۆمەڵێک داوا لێپێچینەوەیان لە گەڵدا بکرێ.

شایانی باسە کە لە دەقی بانگ کرانەکەی دادسەرای شۆرشدا روون نەکراوەتەوە کە هۆی بانگکرانی ئەو دوو چالاکی مەدەنییە بۆ دادگا چیە؟

دیارە پێشتریش ئەو دوو چالاکەی کەمپەینی یەک ملیۆن واژۆ راپێچی دادگا کرابوون و لەو نێوە دا جلوە جەواهیری بە تاوانی بانگەشە دژی نیزام بە ٦ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو و کاوە مزەففەریش ١٨ ی پوشپەڕی ئەو ساڵ دەسبەسەر و دوای ٤٠ رۆژ مانەوە لە دەسبەسەر کرد کە بە بارمتەیەکی قورس بەردرابوو.

# زەینەب جەلالیان مەترسیی ئێعدام کردنی لەسەرە



بە پێی ئەو هەواڵە نارەسمییانەی کە لە نێوخۆی وڵاتەوە بڵاو دەکرێنەوە، ژنێکی لاوی کورد لە مەترسیی ئیعدام کردن دایە.

بە گوێرەی هەواڵەکان ، کەسانی نزیک لە زیندانیی سیاسیی کورد" زینەبی جەلالی" تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی شاری "ماکۆ"، کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبێکی کوردیی نەیاری کۆماری ئیسلامی لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە قۆڵبەست کراوە، ئاشکرایان کردوە کە ناوبراو لە مەترسی ئیعدام کردن دایە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی رەسمیی کۆماری ئیسلامی ئەو هەواڵەی پشتراست نەکردۆتەوە.

ئەو زیندانییە لە نامەیەک دا داوا لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان و مافی مرۆڤ دەکا کە پشتیوانیی لێ بکەن و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدامەکەی بدەن.

جەلالیان لەو بانگەوازەدا نوسیویەتی " لە دادگایەکی چەند خولەکی دا حوکم درام و تەنانەت پارێزەرێکیشم نیە کە بێ و بەرگریم لێ بکا".

شایانی باسە دوو زیندانیی سیاسیی دیکە بە ناوەکانی " شێرکۆ مەعاریفی" و حەبیبی لەتیفی" کە حوکمی ئیعدامیان بەسەر دا سەپاوە، ئێستا لە گرتووخانەی ناوەندیی سنە لە مەترسی لە سێدارەدان دان.

# سەردانی هەیئەتێکی سەنتەری راگەیاندنی ژنانی سلێمانی لە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات

ڕۆژی شەممە ٥ ی بەفرانبار هەیئەتێکی سەنتەری راگەیاندنی ژنان لە سلێمانی بە سەرپەرەستیی خاتوو رووناک رەئوف، بەرپرسی سەنتەر و هەیئەتێکی رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی کورد سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان لە شاری کۆیە کرد و لە لایەن هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان بە سەرپەرەستی سوهەیلا قادری، سکرتێری یەکیەتی ژنان پێشوازیان لێ کرا. لە دانیشتنی هەر دوو هەیئەتدا کە بە بەشداریی بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کەسایەتی سیاسیی



کورد و حەسەن قادر زادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو، باس لە پرسەکانی تایبەت بە ژنان لە کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم چالاکیی ژنان و هەروەها پێداگری لە سەر پێویستیی هاوکاریی هەموو رێکخراوەکانی ژنانی کوردستان کرا. پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە تەرخان کرابوو بۆ پیشاندانی چەند کورتە فیلم کە باسی لە کێشە و گیر و گرفتەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان دا دەکرد و لە لایەن رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی کوردەوە ئامادە کرا بوو. شایانی باسە کە پیشاندانی ئەو چەند کورتە فیلمە لە لایەن ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و ئامادە بووانەوە پێشوازی لێ کرا.

# هەڵدانەوەی لاپەڕێك لە ژیانی ژنێك

## پەروین رووحی، ژنێکی پێشمەرگەی سەنگەربناس

خالید وەنەوشە



شەهید پەروین رووحی

لە دێر زەمانەوە لە زمان گەورە پیاوانی بە ئەزموون و خەباتکارو شۆڕشگێڕ گوتراوەو بیستراوە کە ئەو کەسانەی سەرکردایەتیی حەرەکەتێکی سیاسی و یا شۆڕشێك دەکەن و ئەو شۆڕشە بە شەمەندەفەرێك وەسف دەکەن کە لە یەکەم ویستگە کە هەنگاو دەنێ کە تا دەگاتە ئاخر ویستگە سوار بوون و دابەزینەکان بێ ئەژمارن و بە هەزاران و دەیان هەزار سوار دەبن و بە هەزاران و دەیان هەزاریش دادەبەزن و کۆمەڵێکیش هەن کە سوار بوونەو دابەزینیان بە فکر دانەهاتوەو بەرەو مەنزڵگەی سەرکەوتن، ئەو رێگا دوورو درێژە پڕ هەورازو لێژە مەترسییە بە برسێیەتی و نەداری و هەژاری دەبڕن و یا ئەوەی کە شەمەندەفەرەکە بەرەو لووتکەی سەرکەوتن پەلکێش دەکەن و یا ئەوەی کە لە پێناوی دا گیان بەخت دەکەن و ئەو شەمەندەفەرە بەرەو رێگای بەختەوەری دەبن و درێژە بە رێگای هاورێیان و هاوقەتارانی لە دەستچوویان دەدەن و تا ئەو شەمەندەفەرە نەگاتە ویستگەی مەبەست دانابەزن لە شۆڕشی ئەو جارەمان دا کە ئەوە سێ دەیە بەڕێ دەکا و کەم نەبوون ئەو ژنانەی لە چەندین ویستگەدا سواری ئەو شەمەندەفەرە بوون و زۆریشیان بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستی ئاخر وێستگە گیانیان بەخت کردوەو گەلێکیش هەروا درێژەدەری رێبازییانن و دابەزین و سواربوونیش هەروا بەردەوامە و بەڕێوەیە. هەروەك گوتراوە حەق نادرێ بەڵکوو دەستێندرێ، بەراستی دەقاو دەق وایە و لە کوێ دیتراوە کە زۆرداران و داگیرکەران دەستی کەرەمیان وەپێش خستبێ و حەقی ژێردەستان و ماف خوراوانیان دابین کردبێ یا نا؟!و چیدیکە درێژەیان بەو زۆروزۆرداریانە نەدابێ. بەڵکوو رابوون و وەخۆهاتنی مرۆڤی گەلانی ژێردەستە بۆ وەدەستهێنانی مافی زەوتکراویان و رزگار بوونیان لە دەست کۆیلەتی و دیکتاتۆری و خۆدیتنەوەیان لەناو کۆمەڵگەی بەشەرییەت دا و دەبینێ ئەو حەقەی کە بە دوای دا دەچێ دەبێ بەهای خۆشی بۆ دابین بکرێو ئەستاندنی ئەو حەقە جۆگەلەی خوێنی مرۆڤیشی دەوێ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی بەشەرییەت و رزگاری گەلانی ژێردەستە، کە واتە گەلی کورد بە درێژایی مێژووی بەشەرییەت بە دەست داگیرکەران و زاڵمانی خوێنرێژ هەر چەوساوەتەوەو غەدری لێکراوەو شارو گوندیان وێران کراوە و مرۆڤەکانی بە کۆمەڵ ژێرخاك کراون و تەنانەت رووحم بە ئاژەڵیشیان نەکراوەو کانیاوەکانی ئاوی ئەو وڵاتە کە سروشتی جوانی ئەو وڵاتەیان رازاندۆتەوە دەستی جینایەتیان گەیشتۆتێ و بە سیمانکاری پڕ کراونتەوەو سروشتی ئەو وڵاتە جوانەیان سڕیوەتەوەو دارو رەزو باغ و گیاو گوڵ و گیانلەبەرە کێوییەکانیشیان قڕ کردوە.

راست بۆیە مرۆڤی کوردیش دوای ئەو مافەی کەوتوە کە لە دوژمنی وەربگرێتەوە.

پەروین کچێکی کورد کە لە شارە جوانەکەی ١٢ سوارەی مەریوان چاوی بە دنیا هەڵێناوەو تەمەنی منداڵی و مێرمنداڵی هەروەك هاوتەمەنەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئاسایی تێپەڕ کردوەو لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردەواری دا گەیشتۆتە تەمەنی باڵغی خۆی، ئەو کچە کوردە بیری لە زوڵم و زۆرداری حاکمانی وڵات کردۆتەوەو هەستی بەوە کردوە کە دەبێ ئەویش یاری رێگەیەکی پیرۆزی براو کەسەکانی خۆی بێ و بڕیاری دا بێتە ریزی خەباتکارانی رێگەی رزگاری و سەربەستی لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

هاوڕێ پەروین روحی کە ساڵی

١٣٧٠ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر کردو بوو بەو ژنە پێشمەرگەیە کە هەتا دنیا بمێنێ ناوی ئەو قارەمانەی کە بەخوێنی خۆی ئیمزای سەرکەوتنی بۆ گەل و وڵاتەکەی لە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان تۆمار کرد، دەمێنێ. ئەگەر باس لە ژیانی پێشمەرگایەتی ژنێکی پێشمەرگەی کورد بکەم هەرچەند ئەمن ناتوانم بە تەواوەتی وەسفی ژیان و تێکۆشانی هاوڕێ پەروین روحی بکەم و ئەو حەقەی خۆی پێ بدەم، بەڵام ئەوەندەی لە توانای فکرو بیرو هۆشی ئەمن دایە لەسەری دەنووسم.

هەرچەند کۆمەڵگەی کوردەواری ئێستاش نەگەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و سەربەستی دەبێ ژن و پیاو شان بە شانی یەکتر کار بکەن و خەبات بکەن تا ئەوەی کە لە لووتکەی سەرکەوتن نیزیك ببنەوە، و ئەو سەردەمانەی پەروینی پێشمەرگە بڕیاری داوە شان بە شانی براکانی ئەرکی کوردایەتیی بەڕێوەبەرێ. زۆر بە زەحمەت بۆ فەرهەنگ و کلتووری کۆنی کوردەواری هەزم دەبوو کە ئەوە چۆن دەبێ و کوا دەکرێ کە ژن پێشمەرگە بێ و ژن هەر دەبێ لە گۆشەی متبەق دا چێشت دروست بکاو چۆن دەبێ چەکی لە شان دابێ و ئەوە عەیب و عارێکی گەورەیە و کەسری شانی بنەماڵەکەی‌و کورد دەگەیەنێ و ئەگەر ئەو کچە خزم و کەس و برای خۆی لەگەڵ نەبێ چۆن دەبێ پێشمەرگە بێ! ژن بۆ خۆی وجوودی خۆی عەیبەیەو داوێنی خۆی لە خۆی دوژمنە و تەنانەت ئەگەر هات و لە شەڕێك دا بەشداری کرد و ئەو کچە پێشمەرگەیە شەهید بکرێ و تەرمەکەی بکەوێتە دەستی هێرشبەرانی رێژیمی ئاخوندی و هەر ئەو حاڵەتەی بە ئیرادێکی زۆر گەورە دەزاندرێ و بە سووکایەتی بە گەلی کوردی بە حیساب دەهێنن و دەڵێن دوژمن رەفتاری غەیری ئینسانی لەگەڵ دەکا و تەنانەت بۆ ژیانی خۆی ژن چۆن دەتوانێ تەئمینی پێداویستییەکانی خۆی بکا و جل و بەرگ بگۆڕێ و حەمام و پاك و خاوێنی خۆی بکاو چۆن ژن دەبێ بە تفەنگەوە نیگابانی بداو لە کەمینی دژی دوژمن بەشدار بێ، بە عەیبەیەکی گەورە دەزاندرێ و ژنە پێشمەرگە شاخ بە شاخ و ناوچە بە ناوچە لەگەڵ پێشمەرگەی پیاو دا بگەڕێ و هەر لای زۆرێك لەو کەسانەی کە پێشمەرگەش بوون، ئەو فەرهەنگ و فکرە دواکەوتوویانە لە بیرو مێشکیان دا هەبووە، بەڵام بەخۆشییەوە زۆری لە کزی داوە و قەناعەتێك دروست بووە کە دەبێ بە عەقڵ و مەنتیق بیر بکرێتەوە و رزگاری و دەستەبەرکردنی ئازادی کۆمەڵێك ، یا گەلێك و یا وڵاتێك دەبێ خەباتی هاوبەشی ژن و پیاو لە یەك گرێ بدرێ و ئەو فەرق و جیاوازییانە لە نێوان رەگەزی نێر و مێ دا نەمێنێ.

ئەوە خەباتی هاوبەشی ژن و پیاوە کە دەتوانێ ئاڵای سەرکەوتن لە بەرزترین نوقتەی وڵات بلەرێنێتەوە.

هاوڕێ پەروین هەر کە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خۆی دیتەوە، زۆری نەخایاند کە لەنێو کۆڕی هاوخەباتیانی دا وەك تەوارێك باڵی گرت، دیارە هەرچەند خوێندن و نووسینی تا ئاستی سەرەتایی هەبوو، بەڵام ئینسانێکی ژیرو وریا بوو و زۆری هەوڵ دەدا کە فێر بێ لەگەڵ موتالەعەی گۆڤارەکانی دەرچووی حیزب و هتد... خۆی خەریك دەکرد و کەسێکی شەرمن نەبوو بەڵکوو کەسێکی کراوە بوو لە باس و مناقشەکان دا زۆری بەشداری دەکردو لە دەورەکانی یەکیەتیی ژنان دا بەشداری کردو ئەندامێکی چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بوو و سەرەڕای ئەوەش لە کاتی جەولەی پێشمەرگەدا بۆ ناوخۆی وڵات قەت خۆی دوورەپەرێز نەگرت و لە زۆر جەولەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوخۆی وڵاتدا بەشداری کردو پێش ئەوەی کە هاوڕێ پەروین بۆ جەولەی ئاخری کە گیانی لە پێناو وەدەستهێنانی ئازادی و رزگاری گەلەکەی دا بەخت بکا لە کومیسیۆنی چاپەمەنی و رادیۆ دەنگی کوردستان دا ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبرد.

لە بەهاری ١٣٧٣ی هەتاوی دابوو کە فکرو جووڵەی ئەوە هەبوو کە هێزی پێشمەرگە خۆی ئامادە دەکا بۆ چوونەوەی ناوخۆی وڵات و خەریکی دابینکردنی کەل و پەلی پێویستە و پێشمەرگەش لە فکری ئەوەدا بوو جیا لە ئەوەی کە فکرێکی جوان و پەسندی هەبوو ئەخلاق و رەوشتی سیاسیی خاوێنی هەیەو بیری لە ئەوەش دەکردەوە کە جل و بەرگی جوان و رەخت و فیشەکدان و خەشاب و سەرشان و پۆزەوانەی جوان و ئاغابانووی تازەشی هەبێ بۆ ئەوەیکە لە ناوچەدا کە لەگەڵ هەرتاك و کۆمەڵێك بەرەوڕوو دەبێ، خاوێنی فکرو ئەهدافیشی لەگەڵ جل و بەرگ و قەدو فیشەکدانی یەکتر بخوێنێتەوە.

شەهید پەروین چاو لێ دەکا پێشمەرگەکانی ناوەندی یەکی کوردستان کە خەریکی خۆ جەم و جۆر کردن و خۆ ئامادە کردنن بە حوکمی ئەوەی کە ئەمن بەرپرسی ناوەندی یەکی کوردستان بووم هات بۆ لام. لە دیوی کاری ناوەند دانیشتبووم سەرم بەسەر رۆژنامەی کوردستانی داگرتبوو لە دەرگای داو پاشان فەرموو کراو دوای سڵاو چاك و چۆنی گوتی فلان کەس هاتووم بۆلات داوا دەکەم کە منیش لەگەڵ ئێوە بەشداریی ئەو جەولەیە بکەم و زۆرم قسە لەگەڵ کرد بە دەلیلی ئەوەی کە ئێمە مەئمووریەتەکەمان بۆ ناوچەکانی پیرانشارو شنۆو نەغەدە بوو و ئەمنیش گوتم پەروین گیان تۆ شارەزاییت لەو ناوچانە نیە کە ئێمە بۆی دەچین هەربۆیە نەیەی باشترە، بەڵام پەروین کۆڵی نەداو گوتی دەبێ بەشداری بکەم و منیش گوتم بەپێی رواڵەتی کارمان تۆ دەبێ لە رێگەی ئۆرگانی پێوەندیدار موافەقەتت لەگەڵ بکرێ لە ئۆرگانەکەی خۆت موافەقەت بکرێ و بە کومیسیۆنی تەشکیلاتت بناسێنن و ئەوانیش ئێمە ئاگادار بکەنەوە و ئەمن ئەوکات مخالەفەت لەگەڵ بوونی تۆ ناکەم و زۆریشی بە باش دەزانم لە ناوچەدا لەگەڵ خوشکان قسە بکەی و بۆ سازماندەهی لێك نیزیك بوونەوەیان لە برا پێشمەرگەکان. پاشان چوو نامەی موافەقەتی هێناو سازماندراو رۆژی ١ی پووشپەڕ بەرەو ناوچەکانی سنووری پیرانشار لە مەسیری سێلووی وەڕێ کەوتین و چەند رۆژێك لە سەر سنوورەکان دەسووڕاینەوە تا ئەوەی کە شارەزاییمان وەدەست هێنا و بەناو هەوارچییەکانی ئەو مەڵبەندەدا جەولەمان دەکرد. رۆژێك ئەندامانی ناوەندو بەرپرسی ناوچەکان کۆبوونەوەو بڕیاریاندا کە هێزەکەمان دابەش بکەین بۆ چەندین ناوچەی کومیتە شارستانەکانی پیرانشارو شنۆو نەغەدە بۆ کاری تەبلیغی و جەولەی سیاسی و کاری رێکخستن و سازماندانیان بە شێوەیەکی ئوسوولی حیزبایەتی، تیمێکی ١٠ کەسیش ئامادە کرا بۆ ئەوەی کە هەموو کومیتە ناوچەکانی ئەو سێ شارستانە تا قووڵایی ناوچە هیدایەت بکەن و پاشان جێگایەك دیاری کرابوو کە لەگەڵ مەرکەزی ناوەندی یەکی کوردستان یەکتر بگرینەوەو ئەو تیمە

ڕۆژی ١ی پووشپەڕ وەڕێ کەوتن و لە ئێمە جوودا بوونەوە تا ڕێکەوتی شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی پووشپەڕ هەموو تیمەکان بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆیان وەڕێ دەکەون و ئێوارەکەشی تێکڕای کادرو پێشمەرگەکانی ناوەندی یەك لە ئاوایی سەرووکانی پیرانشار میوان دەبن و خەڵکی ئاوایی ڕێزو حورمەتێکی زۆریان لێ دەگرن و دواتر لە مزگەوتی ئەو ئاواییە کۆبوونەوە بۆ خەڵکی ئاوایی دەگرن و پاشان هەر تیمە بەرەو شوێنی دیاری کراوی خۆی ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن و ئەو تیمەی کە قالەرەشی فەرماندەیان لەگەڵ دەبێ بڕیار دەدا بەرەو گوندی بەردەقەڵ وەڕێ بکەون و نیزیك بەرەبەری بەیانی دەگەنە ئاوایی بەردەقەڵ و دابەش دەبن لە دوو ماڵان دەمێننەوەو بەشێوەی نهێنی خۆ حەشاردەدەن بێ خەبەر لە ئەوەی کە خائینێك بە ناوی سلێمان بەرەندەگان خەڵکی ئاوایی سەرووکانی کە پێشتر خۆی خزاندبۆە ریزی پێشمەرگەکان و ئەو خائینە کە لەگەڵ ئەو تیمە بوو و ساعەت ٨ی بەیانی کە لە ئەو ماڵە کە لە خەو هەڵ دەستێ و تاو دەداتە تفەنگەکەی و بە ڕەگباری کەلاشینکۆفەکەی هاورێکانی خۆی ئاژن ئاژن دەکا و یەکسەر لە ماڵەکە دەردەپەڕێ و بەرەو پادگانی پەسوێ ڕادەکا، دیارە چەند کەس لە هاوڕێیانی پێشمەرگە بریندار دەبن و فەرماندەی ناسراوو خۆشناو قادر عەبدوڵلاپوور ناسراو بە قالە رەش هاوار دەکا دابەش بن و ناو باغەکان بگرن سەنگەری لێ بگرن، بەڵام کار لە کار ترازاوەو قادری فەرماندە برستی لێ بڕاوەو خالید جۆخۆریش کە دوای قادر شارەزای ناوچەکەش بووە ئەویش بریندار بووە لاقی شکاوە و محەممەد ئەمین نەلۆسەیش بریندار دەبێ و سەرەڕای ئەوەی کە ئەو پۆلە پێشمەرگەیە خیانەتیان پێ دەکرێ و بەو حاڵەش دەم و دەست رادەپەڕن و خۆیان سازمان دەدەن و لە نزیك پادگانی پەسوێ و جەڵدیان لە ناو باغەکانی ئاوایی بەردەقەل سەنگەر دەگرن. پاش ماوەیەك کە هێزی زۆری دوژمن دەڕژێتە سەر ئەو پۆلە پێشمەرگەیە و لە پادگانەکانی جەڵدیان و پەسوێ و بەرزاییەکانی دەوروبەری را بە تۆپ و خومپارەو کاتیۆشا ئاگرباران دەکرێن و پاشان دوژمن بە پیادە هێرشیان بۆ دەکا، بەڵام لەگەڵ خۆڕاگری و بوێری ئەو چەند کەسە ڕووبەڕووی دەبنەوە کە دوژمن دەشکێنن و پاشەکشەی پێ دەکەن. لێرەدایە کە دەبێ بزانین پەروینی پێشمەرگە کێ بوو؟

کاتێك پەروین چاو لێ دەکا دوو کەس مەسئوولی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە برینداڕن و تواناییان لە بەردا نەماوە کە بڕیار بدەن و شارەزایی تەواوی ناوچەکەش بوونەو پەروین روحی نابەڵەد هاوار دەکا قالە رەش نیگەران مەبەو ئێمە هەین و مقاومەت دەکەین و یا ئەوەی کە ئێوەش دەباز دەکەین و هێزی دوژمن دەشکێنین یا ئەوەی کە ئێمەش لەگەڵ ئێوە دەبین بە پردەبازی ڕێگای سەربەرزی و شەهید دەبین بەڵام کارێك دەکەین و دەرسێك بە دوژمن دەدەین کە قەت لە یادی نەچێتەوە. ڕاستە خۆفرۆشێکی خائین کە خۆی خزاندبۆە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەو خیانەتەی دەرحەقیان کرد و قەت لە بیر ناچێتەوە و هێزی باوەڕی ئێمە لەوە بەهێزترە کە تۆپ و هێزی زۆر و بۆریی دوژمن ئێمە بترسێنێت و دەستی بە عینوانی تەسلیم بوون بۆ بەرز بکەینەوەو هەست و غیرەتی ئەو شێرەژنەو قسەکانی بۆ باقی پێشمەرگەکانی دیکە وای کردبوو کە غیرەتێکی دیکەی بە گیانی کوڕە پێشمەرگەکانی دیکەدا کردبووو هەر لە ساعت ٩ی بەیانی هێرشی دوژمن دەست پێ دەکاو چوار جاران هێرشی دوژمن تێك دەشکێنن و دوژمن وا هەست دەکا کە ئەوە دەستەیەك پێشمەرگە نین، بەڵکوو دەبێ زۆر لەوە زیاترین کە ئەوخائینە بۆی باس کردوون و هەر لە یەکەم دەستدرێژی ئەو خائینە چەندین کەسیان لی کوژراون یا برینداربوون. هەر بۆیە ئەو نیگەرانیەی کە لای دوژمن دروست بووە بە تۆپخانەی قورس و کاتیۆشا بارانی دوژمن کارێکی کردبوو کە داری ئەو باغچەیەی کە پێشمەرگەکان سەنگەریان تێدا گرتبوو یەکیان بە ساغی بە حەواوە نەهێشتبوو و تاریخی ئەو شەڕە لە ڕۆژی ٢١ی پووشپەری ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی لە زمان ئەو کەسانە باس بکرێت کە خۆیان شاهیدی ئەو حەماسیە و دوژمن تەزێنە بوون و ئاوری چەکی دوژمن چەندە بەهێزبوو. دەگێرنەوە کە پەروینی قارەمان چۆن سەنگەری خۆی لە کەلاکی جاش و فەرماندەری سوپای پاسدارانی پیرانشار دروست کردبوو و چ حەول و وەلایەکی وە دوژمن خستبوو و چەندین کەلاکی هێزەکانی دوژمن دەخاتەسەر یەکەوە وەك سەنگەری شەر و بەربەرەکانی کەڵکی لێ وەردەگرێ. دیارە دوژمن بە هێز و جەبەخانەی زۆری خۆی کۆل نادا و تا سەعات ٤ی پاش نیوەرۆیە شەر بەردەوام دەبێ و ئاخری بە دەیان کەس لە هێزەکانی دوژمن دەکوژرێن و بریندار دەبن، بەڵام داخی گرانم حەوت کەس لە ئەو پۆلە پێشمەرگەیە شەهیددەبن کە بریتین لە:

ـــ قادرعبدالڵاپوور ناسراو بە قالەرەش ئەندامی ناوەندی یەك و فەرماندەری هێزی ئەو ناوندە.

ـ خالید جۆخۆر سەرپەلی ناوندی - یەك کە بە برینداری گیرا و پاشان ئێعدام کرا.

ـــ پەروین روحی شەهیدی ئاخر سەنگەر کە فیداکاری ئەو ژنە لە بیر ناکرێ .

ـ محەممەد هەرکی کە لە شەڕدا شەهید بوو.

ـ حامید سوور کە لە شەڕ دا شەهید بوو.

ـــ محەممەدئەمین نەلۆسی بە برینداری ئەسیر کرا و پاشان لە زیندان دا ئێعدام کرا.

ـ فەردین سدقی گیراو دوای چەندین ساڵ زیندانی ئازاد کرا.

ئەو شەرە لە ئاوایی بەردە قەل کرا و شار بە شار و گوند بە گوند و گەرەك بە گەرك و دەم بە دەم ئێستاشی لەگەڵ بێ دەگێڕدرێتەوە بەتایبەتی قارمانەتی و ئازایەتی پەروین روحی .



# چەند دیمەنێک لە ڕێوڕەسمی سەری ساڵی زایینی




هونەرمەند فەتاح سەوزەواری















WOMEN
Democratic Women Union of Kurdistan
November, 2009
No: 24